



سەرنووسەر: ک.د.ئازاد
کاناڵی تێلگرامی:@Le_Daweni_Arbebawe
ساڵی دووهەم . ڕەشەمەی ۲۷۲۱

## ئەرمەنی


## پەرتەو کرماشانی



ئاوارەگەی بیچارەگەی بی‌خانمانم ئەرمەنی!
ماڵد نیەزانم ها له کوو؟ ڕووح و ڕەوانم ئەرمەنی
شیرین زوانم ئەرمەنی! دەرد وەگیانم ئەرمەنی!
ترسم وەگەردم تا نەکەی، بووشی: "بچوو"، دەر وا نەکەی
ئەمجا م دی دیوانەگەی ئاگر وەگیانم ئەرمەنی
توبەو موسوڵمانی بکە، لەی گەورە مێهمانی بکە
هەر چی کە خوەد زانی بکە، م ناتەوانم ئەرمەنی!
بیخود ئەڕا ترسی!؟ خوەمم، قورسە دەمم، خاترجەمم
مانگەشەوە، سایەی خوەمە، ها شان وە شانم ئەرمەنی!
نەووش ئەو قەرە: "چشتی نیە"، دەر وا کە بارم کەفتیە
هەر یەی چکە نەزری بکە، تەڕ بوو زوانم ئەرمەنی!
ئەر یەی کەسی لە دژمنی پرسی: "یە لە کووره سەنی؟"
وە گیان هەر چی کافره، ئووشم: "نیە زانم"، ئەرمەنی!
دە غوسسە ئاگر گرتمە،ڕی ماڵتان گوم کردمە
ئەرمردمیش هەر مردمە، مشتێ سوقانم ئەرمەنی
پشتم لە بار دەرد و غەم،شکیا نیەزانم چووی بکەم!؟
دەردم یەسە لە ماڵ خوەم، بی خانمانم ئەرمەنی!
ڕووژ و شەوم جوور یەکە، دەر وا کە نەومیدم نەکە!
ئاخە وە ناشەڕ تازە م، جاهڵ جوانم ئەرمەنی!
دەر وا کە زووتر "پەرتەو"ە، میمانەگەی ئاخر شەوە
یەی شیشە لەو بەدمەسەوە پڕ کە، بزانم ئەرمەنی

| ناو: نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، هونەرمەند... | بابەت: شێعر، پەخشان، وتار.. | لاپەڕە |
|---|---|---|
| هەژار | پەندی پێشینیان | ٢ |
| مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان، زمانناس و توێژەر | دوکتۆر خوررەمدڵ؛ وەرگێڕێکی شێلگیر و فێرکارێکی کۆڵنەدەر | ٥ |
| مەهاباد. گەلاوێژ بیگ نیا | خۆشەویستێک پرلە بۆنی مەرگ | ٧ |
| بانە. حومەیرا محەممەد ئەمینی ـ مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی | شێعر | ٩ |
| ئیلام. کامران ڕەحیمی ـ کرماشان. ئاکۆ جەلیلیان | نیمچە سخنی با بزرگمردی | ١٠ |
| بانە.ئامینە عەزیزی "سروور"ـ سنە.فەرید ڕاژین ـ بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی | شێعر ـ شرۆڤەی پەندی پێشینیان | ١١ |
| مەهاباد. بێخێش ـ بۆکان. ڕێ زان ـ سنە. زوهرە سەولی ـ سەقز. پشکۆ یاسینی | شێعر | ١٢ |
| سەردەشت. سابیر بێتووشی | بیرەوەری | ١٣ |
| سەردەشت. بێوران. ڕەحمەت فرووغی" بەرۆژ" | فەرمانبەری پەسن و پەسڵی فەرمانگەی کوشتوبڕ! | ١٤ |
| سەرسەشت. حەسەن ڕەوش" پارێزەر" | کۆڵانەکەی ماڵی باوکم | ١٥ |
| مەهاباد. سووتاو ـ سنە. عەلی سوهرابی | شێعر | ١٧ |
| سلێمانی.عومەر کەریم بەرزنجی | ژنی ناو ئاوێنەکە | ١٨ |
| سەقز. نیان فاتمی ـ بانە. ک.د.ئازاد | شێعر | ٢١ |
| مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی ـ سەقز. شلێر ڕەشیدی | شێعر | ٢٢ |
| مەهاباد. موحیب مەهابادی | وێنەی دەگمەن و مێژوویی و شێعر | ٢٣ |
| بۆکان. هیدایەت ئازەری | بەشکەکانی ئاخاوتن | ٢٥ |
| ئیلام. رودوس فەیلی "مصطفی بیگی" | *شش در برابر پنج | ٢٦ |
| نووسینی: بەختیار حەمەسور | ئافاقی شیعری نالی | ٢٧ |
| مەهاباد.جەعفەرمەعروف"ژیار" ـ لەیلاخ. مام خەیال ـ سەقز. فەریدەکاکی | شێعر | ٢٨ |
| سنە. ناهید نووربەخش | سەمای مۆتەکە | ٢٩ |
| بۆکان. هاشم شێخ ئەحمەد"بڕوا" | شێخ | ٣٠ |
| بۆکان. ناتق مەجیدی "سۆران" ـ سەقز. لەتیف عەلەوی ـ سەقز. عەتا ساڵح پوور | شێعر | ٣٢ |
| بانە. غەفوور ساڵحی | چیرۆکێک لەسەر رومانی"کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"،بەختیار عەلی | ٣٣ |
| دێولان . ح. ڕەنجبەر | بانگی وێژدان لای تۆ واتای چییە؟ | ٣٦ |
| سەردەشت. ئیبراهیم ئەمینی "مەتین" | جێژنی بێڵندانە | ٣٧ |
| ڕەحیمخان. نادرمستەفازادە ـ بانە. ئاودێر ـ بانە. حسێن بەگ | وشە ونبووەکان ـ شێعر | ٣٨ |
| هەولێر. سەعدوڵڵا نووری "هاوڕێ" ـ پاوە،مۆمن یەزدانبەخش | شێعر | ٣٩ |
| بۆکان سەعدەدین خوسرەوی . ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی | شرۆڤەی پەندی پێشینیان ـ کاریکاتۆر | ٤٠ |
| | **بەرهەمی شاعیرانی لاو** | |
| پیرانشار. سەعدی عەباسی ـ سەردەشت.گۆمان. سمایل وەتمانزادە"ـ مەهاباد "خۆشناو | شێعر | ٤١ |
| بانە. پەری خدری ـ کامێران. سۆما یووسفی ـ بۆکان. بڕوا کوردستانی | شێعر | ٤٢ |
| ئیلام. دێلۆڕان. زێنەب فەرزی ـ بانە. زیوەر عەبدووڵڵاهی ـ ساحێب. دەریا ئازەرپوور | شێعر و پەخشان | ٤٣ |
| سەردەشت. هێمن تەنیا ـ سەردەشت. جەعفەر شەمام"هەڵوێست" | شێعر | ٤٤ |
| سەقز. کارۆ مرووەتی ـ سەردەشت. خەمبار ـ سەقز. بەهمەن قادری"دڵپڕ" | شێعر | ٤٥ |
| سەردەشت. ئەوین ڕەحمانی ـ بۆکان. پەروین نازری ـ مەهاباد ئێلاهە پیرۆتی | شێعر | ٤٦ |
| مەریوان.حەمزە دەستوور ـ مەهاباد. تەلان ـ سەردەشت. گزنگی خۆر ـ سەقز. پەروین حسەینی | شێعر | ٤٧ |
| مەریوان. پایگەلان.مەهین حەمزە ـ بانە. شەیداـ میراوای بۆکان. ڕەسووڵحسێن پوور" | شێعر | ٤٨ |
| مەریوان. مەرزییە خاکی | دیمانەیەک .... | ٤٩ |
| مەریوان.جەمال مەریوانی"هەڵبەست" | شێعر | ٥١ |
| بانە. قادر خدر زادە | شێعری تەنز | ٥٢ |
| سەردەشت. ڕاوێژخزرپوور ـ دیواندەرە. ئێدریس عەبوودی | شێعر | ٥٣ |
| بانە . بەیان خدری ـ پاوە،مۆبین ئەحمەدی"پوویا" | شێعر | ٥٤ |
| | **تایبەت بە مناڵە چاوگەشەکانی کوردستان** | |
| ئیلام. رودوس فەیلی "مصطفی بیگی" ـ بۆکان. برایم جەمیانی ـ بانە. باوکی نیشتمان ـ بۆکان.خاڵند ئەحمەدی، ـ پاوە. عوسمان ڕەحیمی هەجیجی ـ هەولێر. ڕۆستەم خامۆش | | ٥٥ ـ ٦٢ |


گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## پەندی پێشینیان " وتارێکی بڵاونەکراوەی مامۆستا هەژار "

خانی شەڕەفکەندی

ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، ئەم وتارەی مامۆستا هەژار تا ئێستا لە هیچ شوێنێکی دیکە چاپ نەکراوە. فۆتۆکۆپیی دەستنووسی ئەم وتارەم ماوەیەک بوو لەبەر دەست بوو و لە دەرفەتێک دەگەڕام تایپی کەم و پێشکەش بە خوێنەرانی هێژای کوردی هاوزمانم بکەم. لە واژووی مامۆستا عەزیز ئاڵی کە لە کۆتایی وتارەکەدا بەرچاو دەکەوێ، پێدەچێت ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٨٦و لەسەر داوای ئیدارەی بەرنامە بیانییەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێران نووسرابێت. لە سەرووی وتارەکەشدا بە زمانی فارسی تێبینییەک نووسراوە: "ترجمه شود" "وەربگێڕدرێت". لە کاتی تایپکردنی ئەم وتارەدا، هەوڵم داوە ڕێنووسی باوی ئەوڕۆ ڕەچاو کەم. لاپەڕە سکانکراوەکانی دەستنووسی مامۆستا هەژاریش پاشکۆی ئەم نووسینە کراون.

خانی شەڕەفکەندی

## پەندی پێشینیان

هەژار

خوا لە قورعاندا فەرموویەتی: "هەرچی لەم سەرزەمینە ئەجووڵێتەوە و هەرچی وە دوو باڵ ئەفڕن، گشتیان ئۆمەتن وەک ئێوە". واتا مرۆش تیرەیەک لە جانەوەرن و دەگەڵ هەموو جانەوەران خزمی یەکن. هەر ئەمەشە کە ڕەسوڵ پۆلسی حەواری عیسا مەسیح "دروودی خودای لەسەر بێ" بە باڵدارانی فەرمووە "مەلی برام". دەسا با ئێستا بزانین ئێمەی مرۆ، چۆنە ئەمرۆ لە تیرەکانی بەگیانی ئەم زەمینە بەهێزتر و باوخۆشترین؟ چۆنە ئێمە لەچاو ئەوان، زێدە لەوان، توانیومانە پێشدا بچین و خۆبگرین و دەستیش بەسەر جانەوەرانی خۆیشماندا و سەر زەمین و ژێر زەمین و بگرە بەرزاییەکانی دوورەدەستیشماندا بگرین؟

وەرامی پرسیار هاسانە: لەناو مێشکی کەللەسەری بنیادەمدا کولێنێکی بیر تێدا هەڵگرتن هەیە کە جانەوەرانی تر نیانە. بۆ نموونە: دوو مشک بە بۆن دووگەوە بەلەسە بوون، یەکیان زووتر دەگاتێ، دووگ دەگرێ، ئاڵقەی تەڵە تێک دەبەزێ و دەیخنکێنێ. ئەوی تریان لە تەقەی تەڵە دەترسێ و دەرباز دەبێ. بەڵام لەبیری نامێنێ کە هەروا تاوێک لەمەوبەر، یاخۆ دوێنێ، لەم ڕێگایەدا و لەم جێگەدا چۆن بەڵایەک بەسەر هاوڕێیەکەی خۆی هات. بۆنی دووگەی دیسان لێ دەبێتە رووگە و ملی بە تەڵەوە دەبێ.

بەڵام مرۆ کە لەسایەی بیردانی ناو کەللەسەری، بەسەرهاتان لەبیر ناکا، لە کوێ تووشی چورتمێک بێ، یاخۆ بەسەر تووش و دژوارییەکیدا سەرکەوێ، ئەزموونی وەدەست دەکەوێ، ئامۆژگاری منداڵ و کەسی خۆی دەکا کە چۆن لە بەڵا رزگار بن و چۆن بە باشی فێری ئاکار و ڕەفتار بن، تا تووشی هیچ تووشییان نەبن.

هەزاران و هەزاران ساڵ، قلە قلە و پلە پلە ئەو ئەزموون و بیرەوەرییانە دەماودەم یان بە نووسینەوە لە باپیرەوە بۆ نەوە، لە نەوە بۆ نەوەچرک، بۆ تۆرەمە ماونەتەوە. ئەمانە کۆکراونەتەوە، مرۆ ناوی ناوە مێژوو، سەرگوروشتەی رابردووەکان، چیرۆکی کۆن، یاخۆ پەندی پێشینەکان.

بەڵێ، ئێمەی چینی مرۆ، لەسایەی مێژووی رابردوو، لە سۆنگەی بیری نەمردوو، توانیومانە بەسەر کۆسپدا زاڵ بین و لە کوورەی ژیاندا قاڵ بین. هەر توێژێکیش کە لەپاش چینی بەر لەخۆی هاتۆتە سەر ئەم زەمینە و شارەزاتر لە گەنجینەی ئەزموونی پێشوونان بوە، ژیرتر و ئاوەزدارترە و ئەو چینەی لەدوارۆژیش دێت لە چینی ئەمرۆ زاناتر دێتە بەرهەم.

لەم کورتە باسە مەبەستم بەرەی تێکرای مرۆیە، نەک هەر جانەوەرێکی لەسەر پاشووی، قسەکەری، سەر و سیما وەک بنیادەم. چونکە ئێستاش زۆر لەوانە هەر بە بوختان و درۆ ناویان لەخۆ ناوە مرۆ، سەد قات لە کەریش کەرترن. لەچی و بۆچی؟! چونکە لە بەهرەی ئەزموونی ڕابردووەکان، لە گەنجینەی ئامۆژگاری زانا هەرگیز نەمردووەکان بەشیان نەبوە کە لەسەر ڕووپەڕی کتێبان بۆ نەوەی دوارۆژ نووسراون، یان دەماودەم راگوێزراون. لەبەر چاویان ئەو پەندانە ڕەشکە و پێشکەی بێ مانا بوون و لەبەر گوێیان وەکوو با بوون و هیچگا نرخیان نەزانیوە.

بەشێکی زۆر لەم جانەوەرە دووپایە، تووشی هەر کۆسپ و تەگەرە و بەڵایەک دێت لەم دنیایە، هیچ نایزانێ لە نەزانینی خۆی رایە و هەر لای وایە کاری خوایە و ناوی ناوە قەزا و قەدەر!! ئیتر بە بیریدا نایە، کە ئەو خوایەی ئەو تاوانی لێقەومانی دەخاتەبەر فەرموویەتی: مرۆ بۆ هەرچییەک نەکۆشێ، گیری نایە. یان پێغەمبەر فەرموویەتی: "قەدرییەکان مەجووسی ئۆمەتی منن". خوا مێشک و دەست و پا و چاوی بۆیە داوە، کار و باری دنیای خۆت، خۆت

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

هەڵسووڕێنی. دوو گوێی داوە کە بتوانی پاک و پیسی پێ ببیسی و بە بێژنگی عەقڵ و ئەزموون گێژەوی کەی، ئەوسا بە دڵتی بسپێری و خراپی لێ هەڵاوێری و پاک و چاکەکەی دەکار کەی.

ئەگەر خۆمان بەرپرسیاری چارەنووس و کاروباری خۆمان نەبین، خوا، پێغەمبەری بۆ ناردوون، پێی سپاردوون ئامۆژگاری مرۆ بکەن، رێ نموونی رای چاکە بن و بێژن وا مەکەن، وا بکەن؟

دەڵێن قسە، قسە دێنێ: ئەوسا کە لە سووریا بووم، لە جزیرەی ابن عومەر، لە گوندێکی چەپەک دەژیام. ساڵێک گەنمی هەموو خەڵکی ئاواییەکە کوێروو لێی دا و ڕەش هەڵگەڕا و مەزمەعیل بوون. تەنیا پەڵە گەنمێکی فەلەیەک نەبێ، زێدە لە هەموان ساغ مابوو، نە گورگە و زیوانی هەبوو، نە پەتای کوێروو لێی دابوو. کە لێمان پرسی هۆی چیە ئەم فەلەیە وا خوا لە کوێرووی پارازتوە و موسوڵمانەکان تووشی بوون؟

پێکەنی و لە جوابا گوتی: "زۆرم فکر لێکردەوە، گوتم ئەوانە ئیسلامن، شێخ و مەشایخیان زۆرە، غەوسیان هەیە، شاهی نەقشبەندی شک دەبەن، شێخ سەیدا و شێخ برایم حەققی و بە هەزاران خەلیفە و مەلیفەیان هەس، لە بەریان دەپاڕێنەوە گەنمەکانیان بپارێزن. منی فەلەی، کڵۆڵی، بەستەزمانیش تەنیا مەسیحێک شک دەبەم، ئەویش جوولەکە کوشتیان و نەیتوانی خۆی ڕزگار بکات. بەخوا چارەم هەر ئەوەیە دەرمان بکرم، تۆمەکەم سەم پاشی بکەم. وا لەسایەی هیممەتی شێخ سەممەوە گورگە و کوێروو لە حاند بژیوی من کوێر بوون و نەیان پێکا!".

جا ئێمەی کوردی ماڵ وێران، بەناشکوری خودا نەبێ، ئەگەر وەک گەلانی دیکەی خوداپێداو، تا ئێستا بۆمان نەلواوە بە زمانی خۆمان بخوێنین و خوێندەوارە کوردە زانا و تێگەیوەکان بە زمانی کوردی بنووسن و ئەزموونی گەلانی ترمان بە کوردی تێ بگەیەنن و کتێبخانەی خۆماڵیمان زۆر ئاوەدان و قەوغا نەبێ، دیسان نابێ لامان وابێ بەتەواوی بەش براوین. گەلێک پەند و ئامۆژگاری نرخداری کەوناراپمان بەمیرات بۆ ماوەتەوە، دەماودەم فێریان کردووین و نەفەوتاون. ئەگەر بیان کەینە ڕێبەر و ڕێشاندەرمان، کەمتر تووشی هەڵە دەبین و لە زۆر تەڵەی سەر ڕێگە خۆ دەرباز دەکەین.

زۆر لە باپیرانی ژیرمان، ئەزموونی ژیانی خۆیان، بە چەند رستێکی لەشان سووک دەربڕیوە و هەر یەکەی گەنجینەیەکن. پێویستە سەریان دەینەوە و بەرەیان لێ هەڵکرێنین و بیان کەینە مامۆستای خۆمان. بۆ نموونە فەرموویانە: "هەر کەس بکا بێگانەپەرستی، ئاخری هەر دەهێنێ نوشوستی". بێگانە بەو کەسە دەڵێن خەڵکی وڵاتی خۆت نیە، نامۆیەکی لاپرەسەنە وەزمانێکی دیکە داخێوێ. خووی، ئاکاری، ئیمانی، دەراوی زاری، دەگەڵ ئیمان و ڕەوشت و ڕەفتاری تۆ پێچەوانەن. نەتی ناسیوە، نای ناسی. زاڵمە دەست درێژکەرەرە وڵاتەکەت داگیر دەکا، دەیەوێ هاووڵاتیانت، خزمانت، دەر و جیرانت بکاتە بەندە و کۆیلەی خۆی. بەر و بوومی وووڵاتەکەی خۆت بە دەستی خۆت ڕەنێو بێنێ و ببیا بۆ خۆی. ڕەنجی ساڵی کوڕ و کاڵی نیشتمانت بەرێتەوە وڵاتی خۆی. مایەی ژیانت، تەنانەت زمانەکەشت لێ بەربەست بکا و بە یەکجاری بێ هەستت کا. ئەم جۆرە داگیرکەرانە ناویان لێ نراوە ئیستیعمار، کە بەڕاستی ژەهری مارن... ئیستیعمار هەر ئەوە نیە قژزەرد و چاوشین بێ و لەرای دەریاوە هاتبێ. هەر هێزێکی دەست درێژکەر بۆ سەر گەلێکی زەبوونتر ئیستیعمارە. جا با چاوی وەک قیل ڕەش بێ و تووکی بەڕەنگی خەڵووز بێ "مەسەلەن بەعسی و سەددامیش و ئەوانەی وەکوو ئەو دەکەن ئیستیعمارن".

ئەو داگیرکەرە بێ فەڕەی لە وڵاتەکەی تۆ خەفتاوە، دەزانێ زۆر هاسان نیە داگیری کا. دەزانێ کە دانیشتوانی وڵاتەکە بۆ پارێزگاری لە ماڵ و نامووس و گیانی خۆیان و کەس و کار و ڕواڵ و کاڵ و منداڵیان بەگژیدا دێن و دەیکوژن. ئەو مەسەلەشی بیستوە گوتوویانە "دەسکی بیور لە دار نەبێ، دار ناقەڵشێ". دێنێ هەر لە خەڵکی ناوخۆی وڵاتەکە چەند کەسانێک بە پووڵ دەکڕێ و دەیان کاتە قوڵەچۆماغی دەستی خۆی و بەڵاگەردانی باڵای و بەگژ گەلی هاوخوێنی خۆیاندا دەکا و هەر لایەکیان بەکوشت بچن قازانجییەتی و دەبێتە مایەی سەرکەوتنی.

نەقڵی کابرای خۆی بە بێگانە دەفرۆشی، بەسەرهاتی کەوی ڕاوکەرە. کڕیارەکەی لە دان و ئاو تێری دەکا و فێری دەکا لە حەشارگەدا بخوێنێ و کەوەکانی هاوڕەگەزی بە دەنگی خۆیەوە بێنێ و دەناو داوانیان هاڵێنێ. بەڵام تا کەی قەدر و حورمەتی دەمێنێ؟ تا کەوی لەوی چاتریان گیر ناکەوێ. تا خۆی لە خوێندن ناکەوێ و لە کەو فریوداون ناسرەوێ. هەر ڕۆژێکی پەکی کەوت، کابرا بەگۆشت کەو فێرەکە، دەگەڵ چەند کەوێکی گیراو سەری دەبڕێ و لەسەر پلاوی دادەنێ.

با مەڵێین کەو، بڵێین تاژی. تاژی ڕاوێ قەڵادەی ئاوریشمی خاوی پڕ زەنگوڵەی لە مل دایە. ڕاو بۆ ئاغای نامۆ دەکا. بە پرتاو هاتوچۆ دەکا. کەروێشکی سیخوار لە پشتی بە یەکەم هەڵپە بۆ دەگرێ. لە چەم ملّ و مۆی بۆ دەکا، پەلەوەری بۆ وەکۆ دەکا، زۆر خۆشەویستە لای ئاغا. ڕێگەی دەدەن لە دەوروبەری وەتاغا بحەپێ و ڕاوێچکە بکا، بەرماو بخوا، هەمیشە تێر و تەسەل و تەڕ و بەل بێ. شەوانە بۆ حەسانەوە لەناو قەڵاغا وەرکەوێ، جێی گەرم و نەرمی بەرکەوێ.

سەگی گوند هەموو ئێرەیی پێ بەرن، نەوێرن لێشی بمڕێنن یان پارووی لە دەم برفێنن. ئاخۆ ئەو خۆش ڕابواردنەی چەند ئەمێنێ؟ ئەگەر پیر بوو، ئەگەر چڕنووک و پەنجەی سوان، ئەگەر گیرگەی لەکار کەوت، ئەگەر دەم گەرمییەکەی

نەما، چی بەسەر دێ؟ کەس کاری بە تاژییەک نیە هەر سە و لە خۆی سڵکەر بێ. خوێڕی دەکرێ، تاژییەکی دەم گەرم و تازە لە شوێنەکەی ئەو دادەنرێ. ئەویش ئەشێ بە پیری و بە زەمینگیری بقروسکێنێ و کەس بە ئیسکێک نەی لاوێنێ تا لە کەند و بەردێکدا بە ناهومێدی دەتۆپێ.

ڕەنگە ئێستە، خوا نەخواستە، یاخوا دار و بەرد گوێی کەڕ بێ، ئەگەر کاوراێی کوردزوان لە کوردستانا دەس کەوێ – هەر چەندە باوەڕ ناکەم هەبێ – خۆی بە دوژمنی داگیرکەر، هێزی ئیستیعمار فرۆشتبێ، ئەم واتەی من بژنەوێ، لە ئاوێنەیەک بنەوێ و تەرحی خۆی وەبەرچاو کەوێ، بە ئاوەزی من پێ بکەنێ و بزەیەک لێوی ببزێوێ و دەمی دڵی بورتێنێ: کە ئەم قسە قۆرانە چین؟ خۆ من نە کەوم، نە تاژیم، من زەلامم. بە سوێڵم زەمین دەکێڵم، زیت و وریا و خاوەن فێڵم. لە شوێن ژیانی خۆش وێڵم. مایەی خۆشی ژینم دەوێ، چەک و ئەسپ و زینم دەوێ. گەر بۆ داگیرکەر کار نەکەم، باری لاری بۆ بار نەکەم، وەکوو خۆم گەرەکە ناژیم. ئێستا وا لە سایەی ئاغام، خوا نەیبڕێ، دەورووبەرم لێم دەترسێ، کەس ناوێرێ لێم بپرسێ بۆ وا ئەکەم! خواردن زۆرە، دراو کۆمە، دنیا بە کەیفی خۆمە. بەڵام ئەگەر ئەو کوردە نەجیم زادەیە، هەر تۆزێک بیر بکاتەوە و ئاوڕ لە دواڕۆژ داتەوە و خۆی تەواو بەسەر کاتەوە، ڕەنگە تێ بگا کە هەزار خۆزگەی بە تاژی.

کەو، یان تاژی دوو جانەوەری بێ بیرن. ڕاوکەر و بەڕاوگیراویش بیر لە تۆڵە ناکەنەوە، ئەوی ئەمڕۆ بەسەریان دێ، سبەی لەبیریان چۆتەوە. بنیادەم چی؟ کێ خراپەی دەگەڵ بکات لەبیریەتی. ئەگەر گەل و خزم فرۆش ئەمڕۆش دەسەڵاتی هەیە و ئازار و جەزرەبەی دەدات، کینە لە دڵدا هەڵدەگرێ تا ئەو هەلەی کە دەتوانێ تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە.

ئەو کابرا نەجیم زادەیەی کە دەبینێ بێگانە پشتی دەخورێنێ و دژی گەل و خزمانی خۆی دەکار دێنێ، دەبێ ئەوەندە تێ بگا کە قشقەڵە بە خۆڕایی پشتی نێرەکەر ناخورێنێ. ڕۆژێک دەبێ قشقەڵە هەڵفڕێندرێ و پشت خورێنی گیر نەکەوێ. یان گریمان هەڵنەفڕێنرا و توانی خۆی سەقامگیر بکا و کەس نەمێنێ کشەی لێ بکا. بێگانەی وڵات داگیرکەر چۆن دەبێ ئەوەندە کەر بێ، پووڵ و پارە و پارووی چەور بدا بە نێرەزەلامێک کە هیچ کاری پێ نەماوە؟ ئەگەر دار شەق و پەق کرا و سووتێندرا، هۆرە و کلکە تەور و تەشوێ فڕێ دەدرێ و دەکار ناکرێ. ئاوجار ئەگەر زەلامی خۆفرۆش کەرە، کاورای زەلام کڕ کەر نیە، باش دەزانێ ئەو کاورا خوێڕی و ناکەسەی کەسی خۆی بە پارە داوە، هەر ڕۆژێکی بێگانەیەک بەکرێی بگرێ و پارەی زیاتری بداتێ، دەیفرۆشێ و بەگژی دادێت. بە دەردی سەعدی گوتەنی: "دامێن تەڕێک تەماح بکاتە دایکی خۆی، چلۆن لە ژنی بێگانە دەپرینگێتەوە؟!".

لەم بارەوە، لە کتێبی المستطرفدا چیرۆکێکی زۆر خۆش و پڕکاڵ هەیە، دەڵێ:

شاپووری پاشای ئێران، گەمارۆی شارێکی دابوو "ناوی شارەکە "حەضد" ە". دیواری شار لەوە بەرز و پتەوتر بوو بۆی بگیرێ. کیژی پاشای شاری دوژمن چاوی بە شاپوور کەوتبوو و عاشقی ببوو. وڵامی نارد: ئەگەر بەڵێنم پێ بدات کە دەمخوازێ، وا دەکەم ئەم شارە بگرێت. بەڵێن درا. کیژ دەراوی هاتنە ناوی دەستنیشان کرد. لەشکر ڕژایە شارەوە، باوکی کچی پاشای کوشت و خوێنی ئاپۆرەی زۆر ڕشت و کیژەکەش بە مراد گەیشت و کەوتە ناو پەردەی بووکێنی.

شاپوور هات لەگەڵیا بنوێ، دیتی دۆشەک خوێناوییە. بووک لە وەرامی شاپووردا کە پرسی ئەو خوێنە چییە؟ گوتی: تاقانە و نازدار بووم. دایک و باوکم بە شیر و هەنگوین و بێشک منیان پەروەردە کردوە. لەشم ئەوەندە ناسکە، بە لاسکە گوڵ و ڕێحانەی ناو پێخەفەکەم زامار بووم".

شاپوور بانگی لە جەلاب کرد: "وەرە سەری ئەم بێ ئەمەگەم بۆ ببڕە. باوک و دایکی ئاوایان بەخێو کردوە، بە بێگانەی بە کوشت داون. سبەی ڕۆژێ چۆن ئەمەگی بۆ من دەبێ و بە کەڵەگایەکی دیکەم بە کوشت نادا؟!".

بەڵێ خوێنەری خۆشەویست، باپیرانمان بەخۆڕایی نەیان گوتووە:

"هەر کەس بیکا بێگانەپەرستی، ئاخری هەر دەهێنێ نوشوستی".

"٢٨/٨/١٩٨٦" "٦/٦/١٣٦٥"

سەرچاوە:
لاپەڕەی فەیسبووکی خانی شەرەفکەندی کوڕی مامۆستا هەژار



# دوکتۆر خوڕڕەمدڵ؛ وەرگێڕێکی شێلگیر و فێرکارێکی کۆڵنەدەر




مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان، زمانناس و توێژەر

تواناترین و لێهاتووترین و زاناترین وەرگێڕەکانی کوردی سەردەم، لە زمانی عەڕەبی ڕا بۆ فارسی،بریتین لە: عەللامە ئەحمەد تورجانیزادە، عەللامە بورهانەددین حەمدی،مامۆستا هەژار،دوکتۆر ئەحمەد نیعمەتی و....؛ هەروەها نوێخوازترین/ داهێنەرترین وەرگێڕەکانی کورد لە زمانی عەڕبی ڕا بۆ فارسی"لە بواری بیر و ئەندێشە و مێژوو "، بریتین لە: مامۆستا ئەحمەد حەواری نەسەب، سەید عەدنان فەللاحی، زاهید وەیسی و....؛ ئینجا پڕئاسەوارترین و شێلگیرترین وەرگێڕەکانی کوردیش لەو بوارەدا"وەرگێڕانی عەڕبی ـ فارسی" بریتین لە: دوکتۆر مستەفا خوڕڕەمدڵ، مامۆستا عەبدولعەزیز سەلیمی، دوکتۆر مەحموود ئیبراهیمی و....، کە لەنێوان ئەو سێ کەسایەتییەی دواییدا"کە هەر سێکیان جێی ڕێزی تایبەتن "،دوکتۆر خۆڕڕەمدڵ لە هەموویان ناودارتر و سەرکەوتووتر و شێلگیرتربووە. تایبـەتمەندییەکی تری دوکتۆر خوڕڕەمدڵ لە بەراورد لەگەڵ ئەو دوو کەسایەتییەی تر ئەوەیە کە زۆرترین ئاسەواری لە بواری وەرگێڕانی مژارگەلی پێوەندیدار بە قوڕئانی پیرۆز بەرهەم هێناوە.جیا لەوە هەر ئەوە توانیویەتی بە زمانی کوردیش وەرگێڕانێک"وەرگێڕانی هاوڕێ لەگەڵ کورتە لێکدانەوە" لە قورئان بەرهەم بهێێت و پێشکەش بەکۆمەڵگای کوردەواری بکات"هەرچەند لە ڕوانگەی خاوەنڕایانی زمانزانەوە ئەو ئاسەوارە لە باری زمان و شێوازی نووسینی کوردییەوە گەلێک تێبینی و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە هەڵدەگرێ." هەروەها هەر ئەوە توانیویەتی لە پێناو گردەوکۆیی گوڵبژێرێکی تەفسیریی لەبواری ڕاڤەی قوڕئان بە زمانی عەڕەبی حەول بدا و سەرکەوێ.هەر وەها هەر ئەوبووە لە نێو ئەو سێ کەسایەتییە پڕشوێنەوارە کە توانی وەرگێڕانێکی تەواو لە تەفسیرێکی ناوداری قورئان وەک"فی ظلال القرآن" بە دەستەوە بدا."هەرچەند لە لایەن وەرگێڕی هەرەناوداری سوننی ئێرانی و وەرەگێڕی خاوەنشێوازی تەفسیری "کشّافِ زمخشری"، مامۆستا مەسعوود ئەنساری، هەڵسەنگاندنێکی بە تێبینییەوەی بۆ کراوە".ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە بە بڕوای هێندێک نەرینی ترادیشنالیست و نەریتخوازانەی ئەو و کردەوەی ئەو پتر لە"معالم فی الطریق"ی سەید نزیکایەتی هەبوو تا لە ئاسەواری تری سەید قوتب کە دەکرێ ئەو بۆچوونە وابێ یان وانەبێ. والله اعلم"من خۆم پێم وانییە ئەو ڕاوبۆچوونە وابێت."

بەڵام ناودارترین ئاسەواری دوکتۆر خوڕڕەمدڵ واتە وەرگێڕانی هاوڕێ لەگەڵ کورتە لێکدانەوەیەکی بەپێز لە قورئانی پیرۆز، ناسراو بە "تفسیر نور" [=ترجمەی تفسیریِ قرآن] ڕەنگدانەوە و پێشوازییەکی بەربڵاوی لێکرا لە لایەن کۆمەڵگای سوننی یەوە ــ بە تایبەت بە دوای ڕەخنەی بە پێز و بەهێزی مامۆستای قورئانناسی ناسراوی کوردی بیجاری، مامۆستا محەممەدعەلی کووشا، کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ڕەخنانە لە لایەن دوکتۆر خوڕڕەمدڵ بەهێندگیران و لە چاپی چوارەم ڕا چاککران و گۆڕدران و هەڵەچنی و پێداچوونەوەی سەرلەنوێی بۆ کرا."کە ئەوەش خۆی لە خۆی دا نیشاندەری ئەوەیە کە دوکتۆر خوڕڕەمدڵ باوەڕ و بڕوایەکی قووڵی بە ڕەخنە و دەور و شوێنی ڕەخنەی پسپۆڕانەوە هەبووە."

دوکتۆر خوڕڕەمدڵ لە باری بیر و ئەندێشەوە پتر نەریتخواز و ترادیشنالیست بوو، بەڵام زانایان و مامۆستایانی ئایینی ڕووناکبیر و نوێخوازی گەلەکەی زۆر خۆشدەویست و لە گەڵ بەشێکی زۆریان پێوەندی نزیکی هەبوو. لە گەڵ مامۆستای ناودار و ڕووناکبیری بیریار،عەللامە مەلا عەبدولکەریمی شاریکەندی پێوەندی و هاتووچۆی نزیکی هەبوو و تەنانەت لە ڕا و بۆچوون و تەگبیری ئەو کەسایەتییە بۆ نووسینی ڕیسالە و تێزی دۆکتۆراکەی کەڵکی بەجێ و پێویستی وەرگرت کە هێما و نیشانەی گرینگی دان بە ڕا و تەگبیر لە لایەن ئەو کەسایەتییە بووە کە بەکردەوە وەدوای ڕاسپاردەی ئایەی "وَامْرُهم شُوری بینهم" کەوتووە هەروەها لەگەڵ عەللامە ئەحمەدیان دۆستایەتییەکی نزیکیان هەبوو و تەنانەت خۆی بە قوتابی و موریدی عەللامە ئەحمەدیان دەزانی ـ ئەوەش هێمای گەورەیی ڕۆحی و دەروونبەرزی و خاکەڕایی و شکۆی ئەخلاقی ئەو کەسایەتییە بوو، چونکە عەللامە ئەحمەدیان هەروەک هاوڕێ و دۆستێکی زانای خۆی دەیڕوانییە کەسایەتیی دوکتۆر خوڕڕەدڵ و پێی وابوو لە زۆرێک لە مامۆستایانی ئایینی باژێڕودەڤەر، کە ئەو کات لە ژیان دابوون، لە مانای قورئان بەڵەدتر بووە ـ زۆرجار کە عەللامە ئەحمەدیان بە بۆنەی نووسینی ژیاننامەی کەسایەتییەی مێژووییەکانی کورد لە بیچم و شێوازی سەفەرنامەیەکی کەلتووری ـ ئەدەبی ـ مێژوویی دەچوو بۆ سەر مەزار وگڵکۆی زانایەکی ئایینی بلیمەت و هەڵکەوتەی کورد، دوکتۆر خوڕڕەمدڵ بە ئەوپەڕی خاکەڕایی و گەورەیینواندنەوە ئەرکی لێخوڕی بە ئەستۆ دەگرت و بە ئەوپەڕی دەروونبەرزی و شکۆی ڕۆحییەوە بەخۆی و بە

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



سەیارەکەیەوە هاوڕێی زۆرینەی ئەو سەفەرنامانە بوون کە لە کتێبی "خەزێنە"ی عەللامە ئەحمەدیان دا ڕەنگدانەوەی ئەو هاوڕێیەتییە تەواو دیار و بەرچاوە.

کاتێک لە سەرەتای هەشتاکان دا عەللامە ئەحمەدیان لێبڕا تەفسیرێکی بەربڵاوی قورئان بە شێوازێکی سەردەمیانە[=تفسیر عصری] و جیاواز و گشتگیر بە زمانی کوردی بنووسێت، دوکتۆر خوڕڕەمدڵ بە مشوورخۆری و پەیجۆرییەکی زۆرەوە، زۆرێک لە تەفسیرە عەرەبییە ناوازەکانی قورئان کە عەللامە ئەحمەدیان دەیناسین و ئاگاداریان بوو، بۆ وێنە تەفسیری"التحریر و التنویر"لە دانانی عەللامە دوکتۆر تاهیر ئیبنی عاشووری توونسی" =بیرمەند و چاکخواز و ڕیفۆرمیستی توونسی و ڕاڤەکەری نوێخواز و داهێنەری قورئان"بۆی پەیدا دەکرد و وەدەستی دەخست و ڕادەستی ئەوی دەکرد ـ هەر ئەو تەفسیرە/تەفسیرانەی کە بە هۆی نوێبوون و نەناسراویی و دەستپێڕانەگەیشتن، لە کوردەواری دا زۆربەی مامۆستاکانی کورد ناوی نووسەرەکە/ نووسەرەکانیان و ناوی تەفسیرەکە/تەفسیرەکانیان نەبیستبوون ـ هەر چەند لە کۆتایی دا عەللامە ئەحمەدیان پێشنیاری شێلگیرانە و دڵسۆزانەی دوکتۆر خوڕڕەمدڵ بۆ نووسینی تەفسیرەکەی بە زمانی فارسی "بە هۆی تیراژی زۆرەوە و بەربڵاوی خوێنەر و بەردەنگەوە"، وەرنەگرت و تەفسیرەکەی بە زمانی کوردی نووسی.

دوکتۆر خوڕڕەمدڵ بەڕاستی وەرگێڕێکی شێلگیری "قورئان" بوو و ئەوە ڕاستەقینەیەکی حاشاهەڵنەگرە. هەروەها دوکتۆر خوڕڕەمدڵ فێرکارێکی کۆڵنەدەری "نەریت" بوو؛ هەر وەک مامۆستای ئایینناس و لێکۆڵەری بواری ئەندێشە و ئایین مامۆستا ناسر عەلیار و هەروەها دوکتۆر سەلاح خەدیو و دوکتۆر ئیسماعیل شەمس، مێژوونووس و مێژووناسی کورد، ـ هەر سێکیان ـ "دوکتۆر خوڕڕەمدڵ" یان لە بەرەی" نەریتخوازان" پێناسە کردووە"لەو کورتە وتار و بۆچوونەی ئەو ڕۆژانەیان دا".

من خۆم نزیکەی ١٠ساڵ لە زانستگای ئازادی ئیسلامیی مەهاباد، وەک مامۆستای دەرسوێژ، هاوکاری دوکتۆر خوڕڕەمدڵ بووم و ئەو تایبەتمەندییانەیم لە نزیکەوە هەست پێ کردووە و دیومە :

١ ـ زۆر کاتناس بوو و تەنانەت چرکەیەک درەنگتر نەدەچوو بۆ پۆلەکان و چرکەیەکیش زووتر نەدەهاتە دەر لە پۆلەکان و تەواوی کاتی خۆیشی لە پۆلەکان تەرخان دەکرد بۆ وانەوتنەوەی بە ئیخلاس و ئەمانەت و ئەخلاقەوە؛

٢ ـ زۆربەی خوێندکارەکان زۆریان خۆش دەویست و تاقمێکیان وەک باوکی خۆیان سەیریان دەکرد و ڕێزێکی ئێجگار زۆریان بۆ دادەنا؛

٣ ـ بۆ زاناتر لە خۆی ئیحترام و ڕێزێکی زۆر تایبەتی دادەنا؛ بۆ وێنە بۆ ڕێزدار مامۆستا مەلا کەماڵ موددەڕیسی کە مەلای ١٢عیلمە و عالم و زانایەکی سەردەرچوویە و لە خوێندکاران و "مجاز"ـەکانی زانای هەرەناودار و بلیمەت عەللامە مەلا باقری باڵکی مەریوانی بووە و لە چلەکاندا لە زانستگای تاران ماستەری زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی خوێندبوو و وەرگێڕانێکی بەپێز و بەهێزی هاوڕێ لەگەڵ لێکدانەوەی لە "سبعە معلقە" چاپ و بڵاوکردووەتەوە لە ژێرناوی"شرح معلقات دەگانە" و دوو جار چاپ بووەتەوە و پتر لە ٢٠ساڵیش مامۆستای زانستگای ئازادی مەهاباد بوو و هاوکات مامۆستای دین و ئایین و زانست و ئەخلاق بوو و گەلێکیش نیشتمانپەروەر و دەروونبەرز و شوناسخواز بوو و لە دڵی خوێندکارانی دا ئێجگار زۆر خۆشەویست بوو . دوکتۆر خوڕڕەمدڵ بەردەوام بە "مامۆستا" ناوی دەبرد و و یەکجێ و یەکپێ لەبەرێ هەڵدەستا و قەت قەت وەپێشی نەدەکەوت و بە ڕێزێکی ئێجگار زۆرەوە دەیڕوانییە کەسایەتی ئەو مامۆستایە، هەر چەند لە باری تەمەنەوە دوو ساڵ لە دوکتۆر خوڕڕەمدڵ بچووکتر بوو؛

٤ ـ هیچ ئارا و ئۆگرییەکی لەگەڵ وتار و "مقالە" و ڕۆژنامە و گۆڤار و ژۆرناڵ نەبوو "چ وتاری ڕۆژنامەوانی و ڕووناکبیری و کەلتووری و... و چ وتاری ئاکادێمیک و "زانستی ـ لێکۆڵینەوەیی"[=علمی ـ پژوهشی] "؛ هەر بۆیەش تا کۆتایی ژیانی پلەی ئاکادێمیکیەکەی هەر "استادیار"[=مامۆستای یاریدەدەر] مایەوە و بە پلەکانی سەرووتری ئاکادێمیک نەگەیشت. هەڵبەت پاساو و هۆکاری ئەم دیاردەیە لە زمان خۆیەوە "کە لە وڵامی پرسیاری من لەو پێوەندییە دا کە هەر ئەوکات لێم پرسی، دایەوە و من لە زمان خۆیم بیست " ئەوە بوو کە :"خزمەت بە قورئان و وەرگێڕان لە بواری قورئان و ڕاڤەی قورئان و ئەم بابەت گەلەم زۆر پێ بایەخدارتر و گرینگترە تا نووسینی وتاری ڕۆژنامەوانی و بابەتی ڕووناکبیری و کەلتووری لە گۆڤارەکان دا و هەروەها گەیشتن بەو پلە و پایە ئاکادێمیکیانە!".



## خۆشەویستێک پرلە بۆنی مەرگ

مەهاباد. گەلاوێژ بیگ نیا

دەڵێن ناخۆشیەکان وئازارە کانی ژیان، مرۆڤەکان لێک نزیک دەکاتەوە.
ژیان جوانە چ دڵ بەخەم بی یا دڵ شاد دەبێ بیپارێزی  چون تەنیا جارێک دێیە دونیا  وژیان دەکەی.

دیسان ئەم شەو بۆنی مەرگ دێ تێکەل بەبۆنی گوڵی یاس
وەبیر ئەو کارەساتە هاتبوومەوە، هات وهاواری ئەو شەوە هەر لەبیرم دایە،قەت نەمتوانی لەبیر خۆمی بەرمەوە. شەوێکی ساردی پاییز شەوێک بە ڕەنگی زەرد ونارنجی.
گەیشتبوومەوە بەردەرکی ماڵێ هەر کە دەرکەم کردەوە دایکم لەحەوشێ چاوەڕێم بوو، گەڵاکانی دار مێوەکە دیسان هەموو حەوشەیان داگرتبوو  وەک پەنجێکی کراوە بەو کزە بایە  هەر لەجێی خۆیان دەلەرزین،
دایکم بەتوورەیەوە کوتی: ئەوە دیسان لەکوێ بووی؟
وەلا عەیبە نازانم ئەوە چ سورێکە هەرکات کاکت وبراژنت دێن بۆ ئێرە تۆ یا بانگێشت کراوی یا کارت بۆ دێتە پێش،
بەبزەیێکی ساردەوە کوتم:چووزانم کارە وپێش دێ، دایکم پشتی تێکردم  چۆوە ژوورێ.
کتێبی "ئارەزووهای بەر باد ڕەفتە "م هەر بەدەستەوەبوو  دەستم لەکتێبەکە ساردتر و کتێب لەدەستم کولۆلتر سێ جارم خوێندبۆوە بەلام هەر وازم لێنەدێنا.
دایکم لەژوورەوە،هاواری کرد، جەنابی ئەفەندی سەرمات دەبێ فەرموو بۆ ژوورەوە
بەپێکەنینەوە کوتم: چەشم قوربان،
هەروا کەخەریکی کردنەوەی قەیتانی کەوشەکەم بووم  چاوم هەڵبڕی وچاوم بە ماڵی حاجی برایم کەوت، حاجی ژن لەسەر پەنجەرەی دیوەکەی خۆی ڕاوەستابوو،چاوی لەکۆلان بڕی بوو دەتکوت چاوەڕوانی کەسێکە، وا بزانم ئەویش، ئەگەر چی چەن سالە ئالزایمێر  تووش بووە ئەو شەوەی فەرامۆش نەکردووە، یا  بۆنی مەرگ تێکەل بە بۆنی یاس کەکۆلانی پر کردبوو ئەوی هێنابووە پێش پەنجەرە.
دەسال لەمەو بەر لەشەوێکی ئاوا سارد ی پاییزدا
هات وهاوارلەکۆلان بلیند بوو، دایکم هەستا وبە پێخواسی بەرەو کۆلان هەلات، دەنگ وهەرا لە ماڵی حاجی برایم دەهات باوکم وئەمن وغەفووری براشم دوابەدوای دایکم هەلاتینە کۆلان،
کاتێک وەژوور حەوشەی ماڵی حاجی برایم کەوتین،تەرمێک لەناوەراستی حەوشێ ڕاکشابوو،حاجی مەنیج لەسەر تەرمەکە بەدەنگ دەگریا، بەپالە پەستێ خۆم گەیاندە دایکم، دایکم وروو واق لە تەرمەکە ی ئەڕوانی،تاسابوو، لەبەرخۆیەوە کوتی ئەی فریشتە کچە جوانخاسەکەی گەرەک،کچە خوێن شیرین وروح سووکەکەی حاجی برایم بۆ وات کرد.
بۆ وای کرد حاجیژن ئەوەی کوت: خوا لێیان هەڵنەگرێ ئەوەندەیان قسەی ناخۆش هێناو برد تا جەرگی منیشیان سووتاند، فریشتە بە خواردنی چەن قورس دوای بەژیانی خۆی هێنابوو، دەتکوت خەوی لێکەوتووە وەک مردوو نەدەچوو پرچی ڕەشی پەخش وپەرێشان لەسەر عەرزی حەوشێ بلاو ببوو چاوەکانی زۆر ئارام لێک نابوولێوی ئالیشی سپی وکەمێک بۆلای شین هەڵگەرابوو،
باوکم بە پەلە چووە ژوورەوە وپەتوێکی هێناو بەسەر تەرمەکەی هەڵکێشا هەموو گیانی ورۆخساری داپۆشاند تەنیا دەستە سپی وخرەکانی بەدەرەوە بوو هێشتا خەنە شەوی خەنەبندانی پێوە مابووکەمێک کاڵ ببۆوە بەلام نینۆکەکانی هەر نارنجی بوون وەک گەلای دار مێوەکەی حەوشێ،تراژێدی مەرگی ڕەشید ئیستا هەر لەسەر زاران بوو
هەروا مانگێک تێپەر ببوو لەشەوەی کە ڕەشیدی برای دەزگیرانەکەی فریشتەخۆی کوشتبوو. ئەو لەو شەوەوە وەک گولێک کە لەناکاو پاییزی بەسەرداهاتبێ سیس وسیس تر دەبوو، دردی خۆی کەم نەبوو کە قسەو  باسی ماڵەخەزورانیش ئەوەندەی دیبان ئازاردەدا.
قەدەم ڕەش، ماڵی کاول کردین، هەر شوومی چاک نەبوو، فریشتە بەو سوورەی دەیزانی  وچاوی لەسەر هەمووشتێک دادەخست.
ئەو دەهاتە لای دایکم، دەیکوت: دادە سوهەیلا کەس نازانێ چم لێقەوماوە،ڕەشید بۆ وای کرد نازانی چەندەم هاوا رکرد مێرد بە سەلاحی  ناکەم کەس جوابی نەدامەوە.
دادە گیان ڕاستە ئەگەر خۆشەویستی دووکەس پاک وراستەقینە بێ لەم دوونیایە پێگ ناگەن ئەوان لەجیهانێکی دیکە بۆ هەمیشە دەبنە هی یەکتر؟
دایکیشم دەیکوت:نازانم فریشتە گیان منیش وام بیستووە وەک  ئەشقی لەیلا ومەجنوون وەک خۆشەویستی شیرین وفەرهاد وەک ئەویندارای مەم وزین،

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

بەلام خۆ کەسیش لەدوونیای دیکەڕا نەگەڕاوەتەوە بلێی ولاتی خۆشەویستی ئەوەندە دوور بێ کە تەنیا بەمردن دەگەیەی، فریشتەش هەناسێکی ساردی هەلکێشا و دەیکوت وابزانم زۆر دوورە
هیچ کەس نەیزانی ڕەشیدی بۆ لەشەوی خەنەبەندانی سەلاحی برا و فریشتە خۆی کوشت و شایی کرد ەشین. بەلام فریشتە دەیزانی بەدایکیشمی کوتبوو،
دایکیشم بەسرتە دەیکوت:فریشتە گیان وریا بە ئەو نەهێنیە قەت نابێ بدرکێنی،هەزار قسەو باست بۆ سازدەکەن وئابڕووت دەبن، وەلادەبێ سەری سپی لە مالە باوکت بهۆنیەوە،حاجی باوکیشت تاقەتی ئەم بێ ئابڕوویەی نییە کچێ دەخیلەم نەیدرکێنی،فریشتەش بەچاوی بەفرمێسکە وەدەیکوت:نانا دادە سوهیلا گیان، هەرگیز تەنیا تۆ ئەم رازە دەزانی،

دایکم زۆر بەهێواشی پێیکوت : فریشتە گیان خاتر جەم بە مەگەر گلّ لێم بزانێ.
چی بوو کەنەدەباکوترابا، چی بوو کەدایکم ئەوەندە دەترسا لەدرکاندنی ئەمن چەن جاری تریش خۆم لێگرتن تا لە مەسەلەکە چاک حالی بووم.
ئەو شەوەتەنیا منو دایکم دەمانزانی فریشتە بۆ مەرگی هەلبژارد.
دایکم هاواری کرد کورەدەوەرە ژووریَ سەرمات دەبیَ.
بە ئارامی بۆ لای ژووری خۆم چووم بۆنی ئۆتکۆلۆنەکەی هەرلەنێو ژوورەکەم دامابوو،بۆنی گولی یاس، هەناسم سوار بوو دەتکوت کەسێک قورگم دەکوشێ بۆ لای پەنجەرە چووم وکردمەوە، بەتەواوی هێزم هەناسێکم هەلکێشا بایێکی ساردهەلیکردە نێو ژوورەکەم، هەموو گیانم وەلەرزین کەوت، بای سارد و
بۆنی گولی یاس تێکەلّ بۆنێکی سارد وەک بۆنی مردوو هەموو هۆدەکەی داگرتم.



## مارگۆت بیکۆل



وەرگێران بۆ فارسی :شاملوو
وەرگێران بۆ کوردی:
بانە. حومەیرا محەممەد ئەمینی

لیپاولیپی نەوتراوەکانە
بێدەنگی،
دڵتەنگییەکانی مرۆڤە با دەیچڕێ!

خەونەکانی لە ئاسمانی هەسێرەچندا
ون دەبن و، هەر کلووە بەفرێک
شێوەی فرمێسکێکی نەڕژاو ئەدا.

بێدەنگی
پڕە لە نەوتراوەکان،
لە جووڵە خنکاوەکان، دان پیانان بە عیشقە شاراوەکان و،
شتە سەرسووڕهێنەرەکان کە نەهاتوونەتە پەیڤین!
لەم بێدەنگییەدا
ڕاستەقینەی ئێمە شاراوەتەوە
حەقیقەتی من و تۆ...

بۆ تۆ و بۆ خۆم چاوێک ئارەزوو دەکەم
کە چراکان و هێماکان لە تاریکیەکانمانا ببینن،
گوێچکێک کە
دەنگەکان و هێماکان لە کاتی ناوشیاریدا ببیسن!
بۆ تۆ و بۆ خۆشم ڕۆحێکم ئەوێ کە ئەم هەمووە لە خۆی
بگرێ و قبووڵی کات.
زمانێک
کە بە ڕاستبێژی خۆی ڕزگار کات لە فەرامۆش بوون و
یارمەتیمان بات
باسی ئەو شتانە بکەین کە ئەسیری کردووین
هێندێ جار ئەوەی بە ڕاستەقینەمان دەگەیەنێ،
خۆی لێی بێبەریە،
چونکە تەنیا حەقیقەتە کە ڕەهامان دەکا!
ڕەنگە ئەمە بەختەوەری بێت
کە ئەوەی ئێمە دەمانهەوێ
یان بە دەستی ناهێنین
یان لە کیسمان دەچێ!
دەمهەوێ ببمە ئاو لە پانتایی ئاسۆدا
ئەو شوێنەی کە زەریا دەگاتە کۆتایی و
ئاسمان دەست پێدەکات...

هەست دەکەم و دەزانم، دەست دەسووم
دەترسێم، بڕوا دێنم و هیوادارم
کە هیچ شتێک لە گەڵیدا بەرهەڵستی نەکات
دەمهەوێ ببمە ئاو لە پانتایی ئاسۆدا
ئەو شوێنەی زەریا دەگاتە کۆتایی و ئاسمان دەست پێدەکا.

## شەوقی خامە

مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی




شەوقی خامەی تیغی هەستم
خێوەتی شەو شڕ دەکا
لەشکری ڕۆژ دەنگ دەدات و
دووژمنی ڕەش قڕ دەکا
نووکی تیژی پڕ لە ڕازی
زاری کۆمەڵ پڕ دەکا
نەعرەتەی هاوار وبانگم
ناحەزی گەل سڕ دەکا

## جامی شکاو

مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی

بەهاری ژین بە سەر چوو خۆشەویستان
ئەوا کەوتوومە وەرزی ساردی زستان
سەراسەر شەختەیە ئەو ژینە تاڵە
نە هێز ماوە نەشەققەی باڵی هەستان
نەوای ساقی لە مەیخانان بڕاوە
شکاوە جامی دەستی مەی پەرەستان
لەشم سارد ورووحم بێ جەستە ماوە
دەبەن تەرمی دڵی کەوتووم لەوەستان
دەپێچن دەفتەری ژینم بەجارێ
بەرەو گۆڕم دەبەن تابووت بەدەستان
تەواوی ڕەنجی بێ ئەژمار بە بێ هۆ
بەدەس خاڵی بەسەر گێژ چەشنی مەستان
نە کەس یادم دەکا نە دێنە سەردان
نە فرمیسکێ لەچاوی خێڵی دۆستان
من وگۆڕێکی تەنیا لەو هەرێمە
بەدەم شەختەو ورەهێڵەی ساردی کوێستان

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## ڕەخنە و ئنتقاد



ئیلام. کامران ڕەحیمی

یەکیٚ ژە هەدەفەیل زانست، کارا کردن روانگایٚ عەقلّانی وە فاکتور رەخنە و ئنتقادە. ئایا ئێسە کە گشت خەمبار پەرتو کرماشانیم، ئجازە ڕەخنە هەس؟ یان هێمان دە کارسات ئحساس و هەیەجان تۆش هاتیمە.

وە لای ئیمەوە هەر چەن پاکڕەوان "پەرتو کرماشانی" تاسیر فرە بەرز و بلّێنی دە زینگ کردن شێعر و وژایەتی" هویت"کوردی داشتگە و باعس بۆە  فرە دە شاعرەیل گلەو بخوەن و هەلّگردنە سەر زوان باوگ و باپیرانیّان. وەلیٚ وە فارسی چەپی چەواشەیٚ کرماشانیش شێعر وتگە کە خشت چەفتیٚ ئەڕا بنیات و هوویەت گەوراترین شار کوردنشین داناگە. ئمجا چەن ساڵ تر هەر ئی چەن شێعر بیٚ ریشگە دوونە سەنەد و بەڵگە و کە هووز کرماشان لیٚوا قسە کردنە و لە لایٚ تروەوە  ئەڕا چین بانانیش، زیان دە ئلّگوسازی وە پێش دیٚاریٚ.

## نیمچە سخنی با بزرگمردی



کرماشان. ئاکۆ جەلیلیان

در آغاز از همه عذرخواهی میکنم که این چند سطر را به زبان مادری نمینویسم، زیرا نوشتن به زبان مادری برای نسلی که هنوز خود را مقید به "مرکز" میدانند و تاریخ و فرهنگ و هنر این دیار را به سان "تحفه درویش" تقدیم ویترین مرکزنشینان میکنند ارزشی ندارد.

پنجشنبه گذشته مراسم خاکسپاری زندەیاد "پەرتەو کرماشانی" در فضایی مملو از بی‌برنامگی برگزار شد که چندان هم دور از انتظار نبود، اینکه "پەرتەو" چکارها کرد و چە نکرد و در فضای مجازی و کاغذی از او بت ساختند یا نه و... ورود نمی‌کنم چراکه معتقدم اهل فن بایستی در مورد "پەرتەو" قضاوت کنند.

اما روی سخن بنده با سخنرانان این مراسم و بویژه جناب دکتر محمدعلی سلطانی است، از تمجیدهایی که دربارەی مامۆستا پەرتەو فرمودید می‌گذرم چراکه خودتان فرمودید حال مناسبی ندارید و انشاالله در هفتم یا چهلم مفصل داد سخن میدهید، از انتقادهای مکرر به سازمانها و نهادها مم چشم پوشی میکنم چراکه هزار برابر شما کسان دیگری هم گفتند و آب از آب تکان نخورد و گویا تکانی هم نمیخورد.

اما...

جناب دکتر، محقق برجسته، نویسنده محترم چرا و تا به کی بایستی شاهد سخنان عجیب و غریب شما باشیم؟؟ چرا شما و هم نسلی‌های شما سعی دارید شاعران و نویسندگان و هنرمندان این دیار مصیبت زده را تحت لیسانس دیگران کنید؟ چرا میفرمایید ششصد کیلومتر پایینتر از تبریز "شهریار کورد" آرمیده؟ مگر شەریار چە برتریی نسبت بە پەرتەو داشت؟ چرا می‌فرمایید "سعدی کورد"؟ چرا نمی‌فرمایید: پەرتەو کرماشانی؟

چرا فکر میکنید اگر نامداران این دیار را مانند وصله ناجور به قبای دیگران بدوزید بزرگشان می‌کنید؟ به نظر بنده که تحقیرشان میکنید، پەرتەو خود یک "برند" بود نیازی به القاب اهدایی نداشت.

نسل شما با همین گفتمان و عملکرد ریشه زبان و فرهنگ و ادبیات این دیار را از بیخ و بن برکندند و دلیلش عدم اعتماد به نفس و خودباوری و خودشیرینی یا احتمالا چشمداشت از مرکزنشینان و... است، اگر چهار نفر از نسل شما در دفاع از زبان و فرهنگ و تاریخ و نامداران این دیار داد سخن می‌راندند و حق مطلب را ادا میکردند نسل ما دچار این همه سردرگمی و دریوزگی نمی‌شد.

چند سال پیش هم که فرمودید: زبان فارسی زر و کوردی سیم است.

اینکه شما چە نظری درباره زبان دارید نظر شخصی شماست جناب دکترسلطانی عزیز، ولی معیارتان چە بود؟ آیا جز این است کە معیارتان همان تفکر دهه شصتی است که بایستی این زبان و این تاریخ و این ملت را به زور یا به دروغ، به عمد یا ناخواسته تحت لیسانس باشد.

علیرغم احترامی که برایتان قایلم، در رد سخنان احساسی و بدون اندیشه شما عرض میکنم که:

پەرتەو با آنکه بیشتر دلبسته ادبیات فارسی بود، اما اشعار کوردی‌اش نقل محافل است و اکثرا او را با اشعار کوردی‌اش میشناسند و نه اشعار فارسی‌اش، پەرتەو نە سعدی کورد است و نه شهریار کورد، لطفا بزرگان این دیار را در زیر سایه دیگران نگنجانید، پەرتەو خود پەرتەو است نه یک کلمه بیش و نه یک کلمه کم.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



**بانە.ئامینە عەزیزی "سروور"**

دایە گیان
هاتم لە لات بمێنمەوە
بەڵام درگات نەکوایەوە
هاتم شەوت لا ڕۆژ بکەمەوە
حەیف بەدڵتەنگی گەڕامەوە
گویا، تۆ لای خوا گیانی
بە حاڵی ئێمە تۆ نازانی
لە دوای تۆ زۆر گریاوین
بە نەبوونت هێشتا نەسازاوین
دایە گیان ماڵت جیا کودوتەوە
ئێمەت بە گریان جێ هێشتۆتەوە
ڕووناکی ماڵ و دڵمان بوویی
عەزیز خۆمان و منداڵمان بوویی
بڕوابکە قەت لە بیر ناچیتەوە
سۆز و عەشقت لە دڵ ناتوێتەوە

❋❋

من لەتاوت وادەسوتم وەک شەمیٚ ئاخرشەویٚ
کوا ڕەوا بوو هێندە دووری خۆ خەوم لێناکەویٚ
دڵ وەکوو جۆلانە ناوەستیٚ لە ناخم چرکەیەک
ناوی تۆ وێردی زمانم قەت لە زارم ناکەویٚ

## چرۆی پێکەنین



**سنە.فەرید ڕاژین**

تۆکە ڕوشتی هەر بەگشتی خەم لە ئەم کۆڵانە ما
هەڵوەدا بوو دڵ بە دووتا، بیٚ کەس و بیٚ لانە ما
تۆ نەبووی پاییزە هات و،ئەشک لەچاوم قەرز بکا
تاکە بیستی باسی دووریت،وەختە خنکیٚ ناو خەما
دەس لەنێو دەستی خەیاڵت، دڵ دەنیشیٚ تا بەیان
هەر بە تەنیا باسی تۆ بوو،تەک شەو و شێعر و شەما
تۆکە هاتی هەڵفڕی خەم، زوو چرۆی دا پێکەنین
مەسنەوی چۆپی دەکێشیٚ تەک غەزەڵ کەوتە سەما
سەیری باخی دڵ، کە نەرگیز چۆن بە یەکتر گوڵ ئەدەن
هەر لە بۆنی خۆشی تۆیە وا کە نەرگیز تازە ما
تاکە بیستی دەنگی پای تۆ، دڵ لە فرمێسک خۆی تەکان
وا لە خەو هەستا کەنین و پشتی خەم خێرا چەما
دوو شکۆفەی چاوەکانم تاکە تۆی دی بوو بە گوڵ
گوڵ بە قوربانی دوو لێوت، لێوی تۆ هەر خونچە ما
دڵ دەڵێی پیرۆزە "ڕاژین"، هاتنی وەرزی ئەوین
چۆن کە یار ڕووی خۆی وەدەر خست، جێگە بۆ خەم قەت نەما.

فاعیلاتۆن فاعیلاتۆن فاعیلاتۆن فاعیلۆن
بەحری ڕەمەلی مۆسەمنی مەحزووف

## شرۆڤەی پەندی پێشینیان



**بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی**

مریشک خۆی خۆڵ وەسەر خۆی نەکا، کەس خۆڵی وەسەرناکا.
مرۆڤ، دەسەڵاتداری چۆنیەتی ژیانی خۆیەتی. دەتوانیٚ بار و دۆخی ژیانی خۆی بە باش و خراپ بگۆڕیٚ. هۆکار بۆ بەرز و نزمی ژیانی بسازێنیٚ.
باشتر بڵێین: کردەوەی خۆت، دەتسازێنیٚ، دەتڕازێنیٚ، بە پێچەوانە، دەتبەزێنیٚ، دەتتەزێنیٚ....
واتا: مرۆڤ دەبیٚ ئاگای لە کردەوەی خۆی بێت، بە دەست و ویستی خۆی، بێزیی و ئاڵۆزی بۆ ژیانی ساز نەکا.
دەبیٚ باش بزانین، خۆمان لە چۆنیەتی بارو دۆخی ژیانی خۆماندا زۆر دەخیلین.

بۆ بوون و نەبوون، خراپە و چاکە
بەرپرس خۆتی! هۆ دادە، کاکە...


❖ جێی کوڵۆ، بەردە."هەرکات بەردیٚ بە کەسێکدا بدەی، چاوەڕیٚ بە، ئەویش کوڵویەکت تێهەڵدەکا"

## ئامێز



بۆکان. ڕێ زان

چه م و کانی بوونه هەلم،بۆ ئامێزی خوودا ڕوین
خیز و کانی له ژوانگه ی ئاو،له ناوبێشکەی خەو دا ڕۆیین
سه وزه که زیه ی باغ ونزار،شه وی یەلدا و ڕۆژی بەهار
شه ڕ گەی بازنه ئالۆزکاوە،بە دوای کۆن ونەو داڕۆیین
تیشکی خۆر و گزینگ و تیین خۆی هەڵساویی لەسێبەردا
دەسکەنەی مەرگی نازداران،بۆ سێدارە بەو دا ڕۆیین
هەنگاوەکان بێ چرپە بوون،یاخی بوونی نهێنیه کان
گوول وبوولبوول ڕەو کران و بەدوای یەک و یەک دا ڕۆیین.
پەنجەی سووری زام و برین،پۆلووی ساردی هەناسەکان،
دەورەی مانگی بە خوێن نەخشاند مانگ و شه ویش له و دا ڕۆیین
پرچی دارستان و هەڵدێر فووی ڕەشەبا شانەی ناکا
هەوێنیکی خۆرستی خۆر بە سەر شەوی ئەودا ڕۆیین
برژانی خۆرە تاوە کان بسکی کیژان دەهۆننەوە
ماسی عەشق قڕ دەکەن و بە سەر عەرزو جەودا ڕۆیین
شۆنەوار ی تیغ و برین نا کا شە قار جەستە ی"ڕێ زان"
هەودای خە یاڵی تێک ناچێ، بە بێ مەودا و هەودا ڕۆیین



سنه. زوهره سەولی

ئەوین لەماڵی بەفەرەوە
بە هێمنی هاتەدەرێ!
منیش وکوو ساڵانی زوو
پێش لە هەناسەی تاقەدار
پێش لەوەی هەڵسن لەخەو!
دارو چناروڕۆجیار
بۆکوردە کانی شێعری خۆم
بۆشاخ وهەرد وبەردو چۆم
بۆئاوی ماتی بێخی گۆم
سوێندئەخۆم
ژنێکم وا
هەرناوی ئێوەم دێتەزار

**

زۆرلەمێژە شاعێری جامانەمە
سوێندبەپشوێنی کەمن دێوانەمە
ڕۆحی هەڵکێشاوم ئەوبەرزەفرە
زوهرەم وبەس مۆشتەری مەیخانەمە
من هەواری کوردە یارێکم دەوێ
کواخەمی ئەو گشتە تیروتانەمە!!؟
ئەی خداوەندی چڵی هێرۆی ئەوین
وەک پەنابەر ڕووبەهەروێرانەمە

## شانەدەر



مەهاباد. بێخێش

که بووڵێڵی بەیان دێ من بە پاوە
جەلە و بۆسەم لە بو تیشکی هەتاوە
دەزانم دێ شەوێکی تاری دیکە
ڕەشی بسکت لە سەر شانت بڵاوە
گزینگی خور بە دەزیلەی قژت کەم
بەدی کەم سا شەو و ڕۆژ تێکەڵاوە
دەمە و ئێوارێ دوای بەربانگ و شێوان
لە سەر دووند و کەل و لاپاڵی کێوان
وەکوو جەردە و دزی ساردی تریفە
ڕەبەت بۆ مانگی چاردە دێتە نێوان
هیلالی مانگی چاردە و قەوسی بۆ تۆ
بهێنم، جوانە چەشنی تاسکلاوە
لە ئەستێرەش زریوە و زێڕەوشانە
بە تاق و جووت لە چاوت دا نیشانە
هەتاو و ڕۆژ و مانگم دی لە کاتا
ئەوەش ڕازی هەسارە و کەهکەشانە
شرۆڤەی دیمەن و وێنەی بە دڵ کەم
لە کوێ ڕوومالّی جوانیت کاری چاوە؟

## شەمی سووتاو



سەقز. پشکۆ یاسینی

گوڵی پەرپەڕ بزەی نازی نەماوە
پەپوولە هێزی پەروازی نەماوە!
شەمی سووتاو لە پەروانە دەکا سڵ
شەمیش تەنیایە هاوڕازی نەماوە!
نەمام ماون، پڕی ئاخ و تەوژمن
چرۆ، هیوای بە گەڵوازی نەماوە!
چما هیوابڕاو نیم لەم ژیانە
چیا هەرگیز بە بێ وازی نەماوە!
شەقەی شاباڵی پەنجێرە دەبیستم
مەبێژن خۆر کە دڵخوازی نەماوە!
هەتاکوو دوا پشوو پشکۆی شکۆفەم
ئەگەرچی باوی گیانبازی نەماوە!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## بیرەوەری

به ناوی خوای تاقانه

**گوندی دولکانی ناوچەی ئالانی سەردەشت. سابیر بێتووشی**





به پێی ئاگادار کردنەوە کوێخا , دوو کەس له وانەی وڵاخی باریان هەبوو دەنگی دەدان که بچێن کتێبی منداڵه مەدرەسەییان بێنن.

سەرەتای مانگی ڕەزبەرێ, تەواوی منداڵەکانی مەدرەسەی سەرەتایی که له گوند تەنیا تا پێنجی سەرەتایی هەبوو ئاگادار دەکرانەوە که بچن کتێبی خوێندنی ساڵی تازە وەربگرن , منداڵی دێهاتیش که تا ئەو ڕۆژە له تەواوی وەرزی هاوین دا , له شوانی مانگا و گیسکەگەل و به دوا باب و مامان له کێوو ئەو جار له سابات بەر هەوار و ناو مووچه له گەرما و ناو گڵ و خۆڵ یاری منداڵانه و خانووچکه و یاری دم جۆگه و لاکۆڵان و خۆ شاردکێ و زۆر شتی دیکه ـ دەست و لاق چڵکن وکرێژاوی و جلی ناقۆڵا و پێنه کراوو لا ڕوومەت سووتاوو بیرۆواوی سەری قژ و تۆزاوی ڕیز دەبوون , دوو لەو کەسانه که له شار ڕا دەهاتن وەک مامۆستا دەرس بڵێن پێمان دەگووتن ئاغامدیر به کەشمێکی شارستانیانه و کراس و دوو لینگه له بەر کتێبی پۆلەکانیان دابەش دەکرد , به هەموانیان دەگووت که دەبێ لایلۆن له بەرگی کتێبەکان بگرن , به تێکڕا دەچووینه بەردم دوکانی حەمەشەله و لایلۆنی گوڵداریان بۆ تێدەگرتین که تێکڕا نرخەکەی دەکرده پێنج قران.

مەدرەسه ژووری گەچکراو که له لای سەر و دیوارەکانی پەڵەپەڵه لێی ببۆوە بانەکەی لەوح بوو پێمان دەگووت شیروانی , سۆبەی داران مێزوو تەختەی دانیشتن هەمووی دار و لێک جیا بوو ,هەر جرەجریان بوو , دەرکەی تەختە دار و پەنجەرەکانیشی ئاسن بوون تەختە ڕەشە به گەچی سپی له سەرمان دەنووسی , له پەنای تەختەڕەشە لایەک بەرنامەی دەرسی ڕۆژانه و لایەکی دیکەشی نەقشەیەکی جیهان بوو , کورسیک لەو گۆشەی ڕووبەڕووی دەرگه هی مامۆستا بوو , پۆلی یەکەم له ژوورێک پۆلی دووهەم و سێهەم له ژوورێک , پۆلی چوارەم و پێنجەم له ژوورێک , وێنەی حەمه ڕەزاشا له سەرەوەی تەختە ڕەشە هەڵواسرابوو له گۆشەی دیواری دەرێ پارچه ئاسنیکی به قەت کتێبێک تۆزێک گەورەتر هەڵواسرابوو ئاسنێکی درێژیشی له گەڵ بوو ئەوە بۆ ئاگاداری که لێیان ڕادەکێشا بۆ پشوو دان دەبوو بچینه دەر دوای کامێکی تر لێیان دەدا دەهاتینەوە ژوور.

هەموو بەیانیان که دەچووینه مەدرەسه دەبوو پارچه دارێک له بن هەنگڵ بگرین بۆ سۆبه , له دەری مەدرەسه پۆل پۆل ڕیز دەکرایین , تێکڕا جلی دوو ڕەنگ پێنه کراو پاته یا چەکمەی لاستیک و دراوی پێنه کراو هیندێکان کوڵاو هیندێک بێ کوڵاو هەڵنگی پانتۆڵ کورت و قوڕاوی هیچ قوتابیەک هەگبەی کتێبی نەبوو توورەکەی لایلۆن یا پەڕۆ بوو تەواو , یەک له مامۆستاکان پێوە دەگەڕا دەبوو دەستت خاوێن بێ نینۆکت نەبێ کونه گوێت پیس نەبێ, کەم هەبوو قوتابی هەموو بەیانیەک له سەر خاوێنی ئەوانه ,شوڵکی لێنەدرێ , ئێ وا هەبوو دەستی ڕەش ڕەش بوون له بەر چڵکنی ئەوانەی پۆلی چوار و پێنج بوون, هەموو بەیانیان سروودی شاهەنشاهیان به دەنگی بەرز دەخوێندەوە , به ڕێز بەرە و ژووری پۆل دەچووین هەرکەس جێی خۆی دیار بوو ژوور دادەوەستا له بۆنی چلک و تس و بۆنی کەوش و لاقی هیندێکان , جاری وا هەبوو کەسیک له قوتابیەکان ئەسپێی پێوە دەڕۆیشتەوە لێیان له هەرا دەدا قوتابی وا هەبوو کەچەڵ بوو کوڵاوی لێ نەدەبۆوە , وا هەبوو لێیان دەکردەوە دەبوو به هەرا , ئاغا مدیر وەریان دەگەڕایه به شولکان , دەرس و وانه دەبوو زۆر وورد گوێ بگری , ئەوەی بۆ له بەر کردن بوایه وک شێعری فارسی وشه نوێیەکان ولآمی پرسیارەکان خشته لێدان " جەدوەل زەرب". جا که له کاتی خۆی ئامادە نەبوونایه به شولک لێیان دەدایین , هەموو کات که دەرس تەواو دەبوو بۆ ماڵ خۆمان کۆ دەکردەوە ئاغا مدیر له کتێبەکان ئەرکی بۆ دادەنایی وەک نووسینەوەی فارسی و بیرکاری و وڵامدانەوەی پرسیارەکان , دوای هەموو شتێک خواردنێکیان دەداینێ له جۆری شیرنی وەک بسکویت و ساندیس یا خورما و شتی دیکه که پێیان دەگووت تەغزییه , ئەوەی ئەرکەکانی به جێ نەگەیاندایه, ئەوە لێدان مسۆگەر بوو کێ دەیوێرا له سەربان و کۆڵانه ماڵ و ئەولا و لایان مامۆستا ببینێت , سبەی دەبوو دەستان بگوشی بۆ شووتەڕکان ئیتر بەو شێوە خوێندنه , له پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەبووی به نامه نووس ئەوەی سەر کەوتایه بۆ دیپلۆم ئەوە بەڵگەنامه دوکتۆرای ئەورۆی پێ دەشا.



# فەرمانبەری پەسن و پەسڵی  فەرمانگەی کوشتوبڕ!

نووسەر : موحەممەدڕەزا گوڵزایی

وەرگێر: سەردەشت. بێوران. ڕەحمەت فرووغی" بەڕۆژ"

سەرەتا هەر بەندی ودیلە لێەستانیەکانیان

ڕاپێچی ئۆردوگاکانی کاری بە زۆرە ملێ دەکرد. پاشان نۆرە گەیشتە جوولەکەکانیش، ژن و پیاو؛ لە ناو ئەو  ئۆردوگایانەدا بە کەمترین قووت و بەشەخۆراکەوە خەریکی کاری تاقەت پڕوکێن بوون!کاتێکیش کە لە پەل و پۆ دەکەوتن و نەخۆش دەبوون، ڕەوانەی "گەرماوخانە"کانیان دەکردن! لە وێدا گڕ و گاڕی ژەراویان هەڵدەمژت و لە ماوەی چەند خولەکێکدا بێ ئەوەی فیشەکێک بە فیرۆ بدەن، دەمردن! خاوێنترین شێوەی کوشتار...!



ئادلۆف ئایشمەن

کێ ئەم گەڵاڵە و  سیستەمە خاوێنەی کارگێری دەکرد؟!  "ئادلۆف ئایشمەن" ئەندازیاری ئاڵمانی کە کرابوو بە فەرمانبەر و گەڵاڵەداڕێژی سیستەمی "ڕێگەچارەی کۆتایی"final solution"

لە ساڵی ۱۹۴۵ز ـ دا ئەو کات کە هاوپەیمانان "بێرلین"یان گەمارۆ دابوو، هیتلێر دەستی دایە خۆکوژی، بەڵام ڕوونە کە هیتلێر کۆمەڵە تاوانەکانی خۆی بە تەنیایی ڕێک نەدەخست و لەم کارەدا کۆمەڵێک لە ئێلیت و بلیمەتەکانی ئاڵمان یارمەتیان دەداو دەگەڵی هاوڕێ بوون! گوبلێز، گورینگ، هیملێر و ئایشمەن چەند میناکێک لەو بلیمەتە باوەڕمەندانەی بە هیتلێر بوون. بەشێکیان لە دادگای تاوانەکانی جەنگی نورێنبێرگ، دادگایی کران، تاقمێکیشیان بۆ شوێنگەلی دوورەدەستی وەکو ئەمریکای باشور هەڵاتن و لەوێدا بە کەڵک وەرگرتن لە ناسنامەی ساختەیی ساڵانێک، درێژەیان بە ژیانی شاراوە دا، "ئایشمەن" یێکێک لەوان بوو!



هانا ئارێنت

ئایشمەن چەندین ساڵ دوای کۆتایی شەڕ دۆزرایەوەو گیرا، پاشان ڕادەستی ئورشەلیمیان کرد.

توێژەرانێکی بەرز و بەرچاو؛ خوێندنەوەی وردیان لە سەر دۆسیە و هەڤ نڤیسی " ئایشمەن" کرد، ئەوان خوازیار و قۆزبنگەری ئەوە بوون تاکوو بزانن  باری دەروونی کەسێ کە بەرنامەی مەرگ و کوشتاری هەزاران مرۆڤی بێ تاوانی ڕێبەری و گەڵاڵەڕێژی کردوە؛ چلۆنە و لە چ ئاست و هەل و مەرجێک دایە؟!

یەکێ لە بەرچاوترینی ئەو کەسانەی کە دۆسیەی "ئایشمەنی" تاوتۆ کرد

" هانا ئارێنت " بوو.

ئارێنت "۱۹۰۶-۱۹۷۵"دوکتووڕای بیردۆزی خۆی لە ساڵی ۱۹۲۹ز  لە ژێر چاوەدێری و سەرپەرستی " یاسپێرز" پزشکی دەروونی و بیردۆزی ئاڵمانی لە زانکۆی هایدێلبێرگ وەرگرت!

 پاش بەدەستەڵات گەیشتنی نازیەکان، ئارێنت؛ بۆ ماوەیێک لە لایەن گشتاپۆ گیرا بەڵام پاشان خۆی قوتار کردو بۆ ئامریکا هەڵات! ئەو یەکەم ژنی مامۆستای زانکۆ لە زانستگای پرینستۆن بوو!

"هانا ئارێنت" لە کاتی دادگایی کردنی "ئایشمەن "دا؛ وتارگەلێکی سەبارەت بەم بابەتە بۆ چاپەمەنیەکان دەنووسی کە پاشان کۆ کرانەوەو لە توێی کتێبێک دا لە ژێر ناوی  "ئایشمەن لە ئورشەلیم دا " بڵاو کرایەوە.

بەرهەم و دواقسەی توێژینەوەکانی توێژەرانی گەورەی لە ئاستی ئارێنت دا ئەوە بوو :

"ئادلۆف ئایشمەن"هیچ چەشنە نەخۆشێکی دەروونی نەبوەو نییە،بەرانبەر بە لێهەستانی و جوولەکەکانیش هیچ جۆرە ڕەق وگریمانە و بیرەوەری تاڵ و ناخۆشی لە دڵ دا نەبوە؛ تەنانەت بەدرێژایی ساڵەکانی قوتابخانە و زانکۆش تاکێکی ڕێک و پێک و بە یاسا و ڕێسا و ئەرکناس و سەرتەڵ بووە و لەوەش زیاتر لە ڕابردووی کەسایەتی "ئایشمەن"دا هەڵچون و توند و تیژی نەبوەو لە نێو بنەماڵەوکۆڕی دۆستاندا بە تاکێکی بە سۆز و گەرم وگوڕ و خۆش پەیوەند ناسراوە!

ئەو باوەڕی وابوە وەکو "تێکنوکراتێک" هەستاوە بە ئەرکی خۆی و لە ناو ئەو سیستەمەی کاری تێدا کردوە ئەرکێکی پێ ئەسپێردراوەو ئەویش بە باشترین شێوە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکە، گەڵاڵەی داڕشتوە و خۆی بە تاوانبار نەزانیوە...!

بۆ تاوانە درشت و داڕێژراوەکان، بە دوای کەسایەتیە دڕە کۆمەڵایەتیەکاندا "................. " مەگەڕێن!

قوتابییە یەکەمەکان بە خاڵی نێونگینی"معدل" بەرز و بە پلەی ۲۰لە خووودە دا، پێکهێنەری قەوارەی ماشێن و مەکینەی سەرکوتن و بلیمەتە نارسیست و خۆپەرستەکان""Narcissistic، ئەو فەرمانبەرە شەریف و ئەرکناس و دەستەمۆیانە، بۆ بەرێوە بەری و جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکە، تەوزیم و ئەرکدار دەکات. چونکە تاوانە درشت و سیستەمیەکان؛ کاتێک وەدەست هەڵدێن کە تاوان، بە ئەرک و ئەرێنی بێتە ئەژمار!

تەردەستی ڕێبەرانی پاوانخواز و توتالیتێری وەکو هیتلێر و ستالین و مائۆ لەوە دایە کە تاوان وەک ئەرک بۆ خەڵک پێناسە دەکەن!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# کۆڵانەکەی ماڵی باوکم

سەرسەشت. حەسەن ڕەوش" پارێزەر"

من نازانم، نەهەر من وام، نە هەموو خەڵکیش وەک من دەروونیان گرکانێکی گڕگرتووی هەڵچوویە!
زۆرن ئەوانەی پێم دەڵێن: "دەست بە کلاوی خۆت بگرەو "با" نەیبا"!
یان دەڵێن: "چۆنی لێخوڕی هەروا دەڕوا" گوێی خۆتی مەدەرێ!
بەڵام تۆبڵێی وا بێ؟



تۆ بڵێی تۆزێک بیر لەخۆمان و ڕابردوو و دەوروبەرمان بکەینەوە، شتەکان بەلانی خێردا نەگۆڕێن؟
من ناتوانم پشت لە کێشەکان بکەم و خۆم گێل بکەم و هیچی لێ نەڵێم!
من وام! بەچاویلکەی خۆم دەڕوانم! ناتوانم "لێی دەگوێی گادا بنووم".
باوەرم پێ بکەن دڵم وەک تۆپی کایەی منداڵانە، ڕۆژێ هەزار شەقی ڕۆژگاری بەردەکەوێت!
بۆیە هەموو ساتێک دەروونی خۆم بە خەمی کێشەکانی ئەو کۆمەڵگەیە قانگ دەدەم.
سەت جار بۆ کاتی منالیم خۆزگە دەخوازم! کۆلانی ماڵی باوکم چەندە خۆش بوو! چەندە هەژاری و بێدەرەتانیم بە خۆشی و پێکەنینێک دەگۆڕینەوە.
چەندە فرمێسکی پەرۆشی مندارپوونی جوجکەمریشکێکی زەردکەڵەم، بە پشتی دەست، لەچاوانم دەسڕینەوە!
چەندە لەدوای مردووی نەناسراو وێڕای کەسوکاری لەقوڵپەی گریانم دەدا!
ئاخر ئەوکات، کەی هەژاری کەسێکی ناشیرین دەکرد، ئێستا سەدان کەس دەکاتە گولی دوورەئاوایی؟
مۆمی خۆزگە و ئاواتی کام کەسە بەیەکجاری دەکووژایەوە؟
ئاخۆ هیوا لای خەڵک، هێندە خۆشەویست و هەرمان بوو، سەرکەوتن و پێگەیشتن لەڕەگی مل لەتاکەکان نێزیکتر بوون!



ده پێم بڵێن! ئەوکات چپەی گومان جەرگی کامە کەسەی دەبڕی؟
لەکوێن کیژی چاوباز و چاو کراوە؟
لەکوێن گەنجانی خوێنگەرم و بەجەرگ؟
نابینم کوڕ و کچە زیت و وریاکانی ئۆگری فێربوون و خوێندن!
ئەوکات خوێندکار و قوتابییەکان، بەڕۆژ لەژێر سایەی دەرەختەکانی دارستان و گۆڕستان، هەروەها بەشەو لەبەر ڕووناکی فانۆس و دیوارکۆیەکان دەرسیان دەخوێندو دووریان دەکردنەوە.
له کۆلانی ماڵی باوکم، چەتری خۆشەویستی ئەوەندە گەورەبوو، هەموو دەرودراوسێکانی لەژێر سایەی خۆی کۆ دەکردنەوە! بەڵام گەورەترین کێشەی ئێستامان ئەوەیە نازانین چۆن و لەچ ڕێگەیەک یەکترمان خۆش بوێت!
هێندە نامۆ و بێگانەین، هیچ خۆشەویستییەک لە دەورەی یەکتری کۆمان ناکاتەوە!
کوا ڕووباری ئەوین و دەریای عاتیفە؟
کێ ئەوکات دەیزانی ناتەبایی چییە؟ ئاخۆ ئێستا ناکۆکی بەردێکی قورسەو لەسەر سینگی هەموومان سەنگینی دەکات.
کێ لەو کۆڵانە گۆزەی دڵی ئەوەی تری دەشکاند؟ مخابن لەو سەردەمەدا بووینە کەوی ڕووشکێن و بانگشکێن!
چەندە ماچی تووترکی لەنێوان کچ و کوڕانی گەڕەک ئاڵوگۆڕ دەکران، بەڵام داوێنپیسی، بێناموسی و چاوحیزیمان نەدەزانی!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



ئای کۆڵانەکەی ماڵی باوکم!
ئاخر کامەمان جاسووسی، دووزمانی، خەیانەت، خۆفرۆشی و لەشفرۆشی دەزانی؟
کۆڵان وەک جاران نەماوە! شتەکان پێچەوانەن! ئێستا بەهەزران کەس بریسکەی پەلکی پارە و دۆلار بە شەرەف و ئابروو، خەیانەت و داوێنپیسی و هەناسەساردی دایکان و باوکانی نیشتمان دەگۆڕنەوە.
حاجی حەمە ڕۆحت شاد!
ئێستاش ئامۆژگاریەکانتم لەبیرن، دەتگوت: نیشتمان شەرەفە، ناوە، نیشانەیەو لوێچێک خاکی کوردستانت بەهەموو ئەورووپا نەدەگۆڕیەوە!
خوایە چ دەوریکە ڕۆڵەکانی نیشتمان ئەو هەموو بەها و بنەمایانە بە خاکی بێگانە دەدەن و بە کۆچ و مەرگیان خەمێکی قورس بۆ بنەماڵەو نیشتمانیان بەجێ دێڵن!

دڵم کەیلەو پەرێشانە عەجەب وەیلانە بێچارە
لەداخی مەینەتی خەڵک و سەراپا دەردی ئەو شارە

کوڕ و کچانی ئێستای کۆڵان، لێتان تووڕەم!
چۆنکە دەبینم ئێستا، کیژ و کوڕانی کۆڵانی ماڵی باوکم، دەرگەی قوتابخانەو فێرگەکان دەشکێنن تا فیلمێکی ڕووت ببینن، یارییەکی شەڕ و داگیرکردنی قەڵایەک بکەن، یان تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکەن بە ماڵی دڵیان!
تووڕەم! چونکە خۆشەویستی دایک و باوک، کەسوکار، نیشتمان و کۆمەڵگەکەتان، بەتاکە گووشییەک دەگۆڕنەوە!
تووڕەم! چونکە تەواوی وەرزشوانان و یاریزانان، شاعیران، شانۆگێران، گۆرانیبێژانی بیانی دەناسن، بەڵام ئاوڕێک لە حەماسەخوڵقێنەرانی بوارە جیاجیاکانی هونەری و ئەدەبی خۆتان نادەنەوە، ئەوانەی گەلانیش شانازیان پێوەدەکەن!
چۆن خۆشحاڵ بم!
ئەوەتا سێجەمە بەجێگەی نان و پێخۆر خەمێکی هەزارلۆندووی گەرمەتەندوور قوڕگم داخنێت و خەریکە دەمخنکێنێت!
ئیتر بەسە با نەسووتێم و نەخنکێم! باچیتر جەرگم بە کوتکییەوە نەدرێت!
ئەوکم گیراوە! ئەوەی دەیبینن تەنها قریوەی قوڕگێکی خنکاوەو بەس!
زۆر لەمێژە بەفرمێسکەکانم یادی ئەو ڕۆژە خۆشانەی کۆڵانی ماڵی باوکم دەشۆمەوە.
وەها شێواوم تاکە خەندەیەکی مردووش لەرسەر لێوانم سوار نابێ!
بەداخەوە زوو لە شیری دایک بووین! زوو لە تینگی ئاوی سەرچاوە و زنەی دایکی نیشتمان کراین!
بەداخەوە بەچاو و دڵ کوێرین، جوانی و دزێوی نابینن!
باش بزانن، پەشیمانی سوودی نابێ، دە جا ڕابن! دە جا چابن!
من دڵنیام تاوانی زبڵخانەی شارێک، تەنها کەسێک، کۆڵانێک یان گەڕەکێک ناگرێتەوە! هەرهەموومان بەرپرسیارین! تاوانبارین! بەرپرسیارین! تاوانبا....

## هاوڕێ



سنه. عەلی سوهرابی

سنوورەکانی گریانم بەزاندووە
هەنووکە جەغزی پووچیە
بە بزە دڵخۆشم مەکە.
قۆلانجی ئەولاتر مژە!
کفتی ڕێگایەکی نەبڕیوم
ئاویلکەمەو
تراویلکەشم لێ زیاد مەکە.
ماندووم... ماندوو...تێدەگەی هاوڕێ!؟

❋❋

بیرتـان دەکەم نـایدرکێـنم!
خۆشم دەوێن نـایـدرکێـنم!
برسیم دەبێ توونیم دەبێ
وەڕەز دەبـم دێـوانـە بـم
وەیـلانـی ئـەو کێـوانـە بـم
دەم پڕ لـە خـوێن
دڵ پڕ لە خـەم نـایـدرکێنم!
پـێـتان دەڵـێم بە شـادی؛
بـۆ یـەک وشـە
زیـپـی دەمـم دانـاخـرێ
ئـازادیـیە ئـازادی...

❋❋

هاوڕێم بن
خۆزگە!!
کۆرپەکان دەچوونە زانکۆ
گەورەکان بچنە وانگەی سەرەتا
چیدی ئەلف وبێ فێریان نەدەکرا
تۆزێ کاری باش
سوڵح و دڵپاکی
مۆسیقا و شادی
بروانامەشیان
عەشق و ئازادی!

## ژیان





شێعری شاملوو

وەرگێڕ: مەهاباد. سووتاو

بەر لە دوایین هەناسەم
بەرلە کەوتنی پەردە
بەرلە ژاکانی دوایین گوڵ
دەمەوێ بژیم
دەمەوێ ئەوینداربم
دەمەوێ هەبم
لەو دونیا تاریکە دا
لە ڕۆژگاری پڕلە جەزرەبە
لەو دونیا پڕلە قینە
لای کەسانی کە حەوجێمن
کەسانێ کە حەوجێیانم
کەسانێ کە ڕێزدارن
تابزانم
وسەرسام بمێنم
وخۆم بناسمەوە
ئەمن کێم؟
کە دەتوانم بمێنم
کە دەمەوێ هەبم
ئومێدە واری

❋❋

شه وی تاری ژیانی من نـە ماوە
ئومێدم وەک چرایەک هەڵکراوە
یەکەم جارە لە ئاسۆی تاری ژینم
دە بینم هە وری ماتەم لا درا وە
وەلامی ئەو دڵەی پرداخ و دەردم
لە لا یە ن بوو کی ئاواتم دراوە
بزانن کۆڕی یارانم، کـــە مردم
بە تیرت نێودلی من کون کراوە
وەرە"سووتاو" بە چاوانت ببینە
کە ئاسمانی ژیانت ئێستە ساوە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# ژنی ناو ئاوێنەکە

سلێمانی.عومەر کەریم بەرزنجی



دوای ئەوەی کە هەڵم بەشێکی ئاوێنەکەی دادەپۆشی، ئەو بە ڕووتی دەردەکەت کە بە دەستێکی نێوانی ڕانی، قەیسییەکەی دەشاردەوە و بەدەستەکەی تری سەر گۆی مەمکە بچووک و توندوو تۆڵەکانی، کە لە دوو لیمۆی نوێ و جوان و ئاودار دەچوون دادەپۆشی، کاتێک دەمویست هەڵمی سەر ئاوێنەکە بسرمەوە تووڕە دەبوو نەیدەهێشت، دەیگوت نابێت بێیتە ناو سنووری منەوە، ئەگەر بتەوێت سنوور شکێنی بکەیت دەڕۆم و جارێکی تر نامبینیتەوە، ئەوە بۆ ساڵێک دەچێت کە چووینەتە ئەو خانووەوە هەموو کاتی خۆشۆرینێک لە ئاوێنەکەدا دەردەکەوێت و بە بێدەنگی لێم دەڕوانێت، پرچە زەردوو ئاوریشمیەکەی بەسەر شان و ملیدا شۆڕ دەکاتەوە و لەش و لارە پڕو توندوو تۆڵ و ناسکەکەی سەر ڕووی ئاوێنەکە دادەپۆشێت، باڵای کەمێک لە باڵای من کورت ترە وەلێ کەمەری ئەو باریک و کەمەری من ئەستوور و ورگن. وەلێ هەردووکمان چاومان شین و سیمامان سوورو سپی، ئەو ڕوومەتێکی پڕو توندوو تۆڵ و خڕپن، من ڕوومەتم لاوازوو ڕوخسارم شەکەت و ماندوو.

کاتێک دەستم بە کێشانی وێنەکەی کرد لە کێشانی قاچەکانیەوە دەستم پێکرد، ژنەکەم کە بەشی شانۆی تەواو کردبوو لەگەڵ بینینی سەرەتای وێنەکە ووتی: ئەو ژنە ڕووتە سەماکارە کێیە؟

- چۆن دەزانیت ڕووت و سەماکارە؟
- ئەو جوڵەیەی لە قاچەکانیدا پێم دەڵێت لە دۆخی سەمادایە
- دەزانیت تۆ زۆر زیرەکیت؟
- زەردەخەنەیەکی کردوو ماچی کردم بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت ڕۆیشت، کاتێک گەڕایەوە تابلۆکەم تەواو کردبوو، ڕوانییە تابلۆکەو وتی:
- ئەوە ڤینووسی ئەستێرەی جوانییە؟
- نا تەنها زادەی خەیاڵی خۆمە
- ئەمە جوانترین تابلۆیە کە تا ئێستا کێشاوتە
- لێم دردۆنگ نابیت
- نا بۆچی دەبێت نیگەران بم
- بەڵام تەنها زادەی خەیاڵ نییە
- ئەی
- هیچ.....هیچ وازی لێ بێنە

چەند ڕۆژێک دواتر کاتێک لەسەر ئیش گەڕامەوە بینیم تابلۆکە لە سووچێکی گەلەرییەکەمدا کەوتووە، کاتێک بەرەو تابلۆکە ڕۆیشتم، چەند هەنگاوێکم مابوو بگەمە تابلۆکە، ژوان بە دەنگێکی گڕو شپرزەو تووڕەوە وتی:

- دەزانیت زۆر هۆگری بوویت؟
- هۆگری چی؟
- تابلۆکە؟
- وەک تابلۆکانی ترە
- نا ئەمەیان پێدەچێت تایبەتی بێت ڕەنگە سەرچاوەی یادەوەرییەکان بێت
- کام یادەوەری؟
- ئەمڕۆ تارای دراوسێمان هات، پرسیاری کارە نوێکانی لێکردم دوای باسی کارە شانۆییەکان هێنام بۆ ئێرە هەر کە چاوی بەو تابلۆیە کەوت قیژانی و لەهۆش چوو
- بۆچی؟
- کاتێک هۆشی هاتەوە پرسی ئێوە چۆن ڤیان دەناسن، لێم پرسی کام ڤیان وتی ئەو تابلۆیە ڤیانە

بەسەر سوڕمانەوە گوێم لە قسەکانی ژوان گرتبوو نەمدەزانی باسی چی دەکات، ژنی ناو ئاوێنەکە هیچ کاتێک ناوی خۆی پێنەوتووم منیش نەمپرسیوە ناوت چییە، ویستم پێی بڵێم کە ئەوە تەنها تابلۆیەکی ئاساییەو هیچی تر؛ دەمزانی کە سەیری چاوی کردم دەزانێت کە درۆ دەکەم، ژوان جگە لە کاری شانۆ هەموو خەون و خولیای دەروونناسی و مرۆڤ ناسی بوو بە بینینی هەر کەسێک دوای چەند چرکەیەک دەیتوانی هەڵسەنگاندنی بۆ بکات و بیناسێنێت؛ منیش تا ئەو ساتە هیچ درۆیەکم لەگەڵی نەکردبوو. نەشم دەتوانی درۆی لەگەڵ بکەم، چونکە بەڕاستی خۆشم دەویست و شەیدای بووم، وەلێ ژنی ناو ئاوێنەکە بە مەکروو نازەکانی

لە خشتەی بردبووم، وەلێ دوای شکانی تابلۆکەی لەلایەن ژوانەوە چیتر نەمبینییەوە، تا لە خۆشۆرین تەواو دەبووم چاوم لەسەر ڕووی ئاوێنەکە لانەدەبرد، مەگەر ئەو ساتانە نەبێت کە کەف دەم و چاومی دادەپۆشی.

ڕۆیشت و جارێکی تر نەگەڕایەوە تا لێی بپرسم کە تۆ ڤیانیت، ئەو ڤیانەی کە ژنە دراوسێکەمان باسی کردبوو، ڤیان لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لەم خانووەدا ژیابوون کە ئێستا ئێمەی تیاین، دواین چەند ساڵ خۆشەویستی هاوسەرگیرییان کردبوو، نیوەڕۆیەک کە لەماڵی باوکی دەگەڕێتەوە دەبینێت هاوسەرەکەی لە ژووری نووستنەکەیان لەگەڵ ژنێکدا نووستووە، بەبێ ڕاوەستان دەبەیەن نەوت دەکات بەخۆیداو خۆی دەسووتێنێت، هەر ئەو ڕۆژە لە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات، ڕەنگە ئەو ژنەی بەسەرهاتی ڤیانی بۆ ژوان گێڕاوەتەوە هەمان ئەو ژنەبێت کە لەگەڵ مێردەکەی ڤیان نووستبوو، چونکە دوای خۆسووتاندنی ڤیان ئەو ژنە لەگەڵ مێردەکەی ڤیاندا گەیاندبوویانە نەخۆشخانە دوای ئەوەی دڵنیابوون کە لە زمان کەوتووە، لەو ڕۆژەوە حەزم دەکرد تەواوی ئاوێنەکانی دنیا وردو خاش کەم، ئەی ناڵێن ئاوێنە درۆ ناکات، ئەی ئاوێنەی گەرماوەکەی ئێمە بۆچی تووشی ئەو بەزمەی کردم، ئەوە ڤیان بوو یان زادەی خەیاڵی خۆم، نا زادەی ڕوخساری تەماوی ئاوێنەکە، باشە چۆن وێنە دەدوێت، بۆچی لە گۆڕەکەشیدا نایەوێت دانیشتوانی ئەو خانووە ئاسودەبن، ڕق وەک ڕەژوو وایە ئەگەر نەت سووتێنێت ڕەشت دەکات، ئەو وێنەیە هەم سوتاندمی و هەم ڕەشی کردم، لەناخەوە سووتاندمی و برینێکی قووڵی لە دڵمدا درووست کرد بە هیچ شتێک سارێژ نابێت، تەنانەت هەرکاتێک تەماشای ڕووی ئاوێنە دەکەم بۆ ڕوخساری ئەو دەڕوانم، ئەوێک کە ناتوانم هیچ کاتێک لەیادی بکەم، ڕەشیشی کردم، لەبەرچاوی ژواندا ڕەش بووم ڕەش...ڕەش. بەهیچ شتێک سپی نابمەوەو نابمەوە ئەویندارەکەی جاران، ژوانێک کە پێی وابوو من تاکە پیاوێکم لە دنیادا ناتوانم خیانەت لە ئەوینەکەم بکەم، وەلێ گیرۆدەو ئەویندارى پەیکەرێک بووم ئەویندارى وێنەیەک کە لەسەر ڕووی ئاوێنەکە خۆی نمایش کردوو دوای وێرانکردنی جیهانی ئەویندارێم ڕۆیشت، وەک ئەهریمەنێکی دووژمن بە جیهانی ئەوینداران درزێکی گەورە.. نا... شەبەقێکی گەورەی خستە نێوان من و ژوانەوەو ڕۆیشت، وەک دڕکی مەم و زین گوڵی ئەویندارێمانی ژاکاند، لەو ڕۆژەوە ژوان نەیدەتوانی ڕاست و درۆ لەیەکتر جیابکاتەوە، کەوتە جیهانێکی وڕو کاسەوە هەموو شتێکی تەنها بە ڕەش دەبینی.
بۆ کڕینی چەند پێداویستییەک لەماڵ چوومەدەرەوەو بەرەو ئەو مارکێتە ڕۆیشتم کە لە ماڵی خۆمانەوە نزیک بوو، دایکم گوتەنی بۆئەوەی هەوایەکی باڵی خۆم بدەم و خۆم لە شەڕوو ورتە ورت و وتە دووبارەکانی ژوان دوورخەمەوە، کاتێک گەیشتمە بەردەم مارکێتەکەو ویستم بچمە ژوورەوە گوێم لە دەنگی ماریای دراوسێمان بوو لەجێی خۆم ڕاوەستام و لێی ڕامام.
کیسەیەک برنجی بە دەستی ڕاستی هەڵگرتبوو، بەدەستی چەپیشیەوە پارچەیەک کلێنسی چێشتخانە و پارچەیەک گوێزانی سەفەری پێبوو، لەبەردەم کچە کاشێرەکەدا ڕاوەستاو وتی: دەزانیت لێرە لەم مەملەکەتەی ئێمە دوو شت بازاڕیان گەرمە، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکات لەبەر خۆیەوە وتی: برنج و کلێنسی چێشتخانە.
کچە کاشێرەکە سەری بەرز کردەوەو بە زەردەخەنەیەکەوە کە جوانییەکی بێ وێنەی بە لێوە تەنک و سیما جوانەکەی دەبەخشی، چاوە ڕەشەکانی بڕییە ئەم و دەستێکی بە قژە ڕەش و خاوەکەیدا هێناو بە دەنگێکی ناسک و لەسەر خۆوە پرسی: بۆچی ئەو دوانە؟
ئەمیش وەک هەمیشە کە دەدوا کوڵمەکانی سوور هەڵدەگەڕاو بە تۆنێکی بەرزوو دەنگێکی زیقنەوە وتی: چوونکە کورد تەنها دوو شوێنی زۆر بە باشی ئیشەکات.
- کوێی؟
- ورگ و بەر ورگی
کچە زەردەخەنەیەکی کردوو سەری نەوی کردوو هیچی نەوت، ئەمیش پارەکەی پێداو لە مارکێتەکە هاتە دەرەوە، کە چاوی بە من کەوت لە نزیکی دەرگای مارکێتەکەوە ڕاوەستا بووم، زانی ئاگام لە گفتوگۆکانیان بووە زەردەخەنەیەکی کردوو سەری داخست و وتی:
- ئەی توخوا وانییە؟
- چی وانییە؟
- هەر ئێوارە تێر دەخۆن و مڕ دەبن و لێی دەخەون، نیوەشەویش بە تۆپێک کلێنسەوە دێنە وێزەمان.
- بۆچی؟
دەستی خستە سەر سکی وەک هێمایەک بۆ بەری ئەنجامی ئەو کارەو دەستی بە سکیدا هێنا کە هەڵئاوسا بوو؛ لە چەند مانگ دەچوو سکەکەی، پاشان بە مشتی دەستی هێمای بۆ جووت بوون کردو وتی:
- ئازان بۆ تێکوتین
- جا وایە؟
- بۆ شەو ئەهێڵن تێر خەو ببین؟
- خۆشە، عەیبی چییە؟
- چۆن عەیبی نییە؟ ڕۆژ تا ئێوارێ سەگە سەگی دنیام پێدەکات و جنێوی ناشیرین لە هیچ فەرهەنگێکا نەماوە پێم نەدات، بە شەویش دێت و حەیتە بۆری لە مندا بەتاڵ دەکاتەوە، کەف و کوڵی ژەهراوی ناخی ڕۆدەکاتە گیانمەوەو پشتم تێدەکات و وەک ماڵۆسێکی شەکەت دەکەوێتە پرخە پرخ.
- خۆشە

سەری باداو لەبەر خۆیەوە ورتە ورتێکی کرد کە هیچ تێنەگەیشتم، بیست ساڵە لەبەر خۆیەوە بۆڵە بۆڵ دەکات و بە ڕۆژ نەفرەتی لێدەکات، وەک چۆن ئەو دەیداتە بەر نەشتەری وتە سووک و جنێو ئامێزەکانی، ئەمیش بارگاوی بووە بە دنیای شەڕو ئاژاوەو دوای بیست ساڵ پێکەوە بوون و پێنج منداڵ، هەموو ڕۆژێک بە شەڕوو ئاژاوەو شەوانیشیان لە ئامێزی یەکتردا بەڕێ دەکەن، وەک مەلی نێو قەفەز هۆگری ناو قەفەزەکەی بووەو تەنها چێژ لە شەڕە دەنووک دەبینێت و مەیلی فڕین ناکات، بە پێچەوانەی زۆرێک لە باڵندەکانەوە کە لەناو قەفەسدا نەوەیەکی کۆیلە ناخەنەوە، ئەم پێنج نەوەی خستۆتەوە کە تووڕە دەبێت لەبەر خۆیەوە ئەڵێت: "ئەمانە توخماتی شەیتانن، وەفایان بۆ دایکیشیان نییە کە لە داوێنی کەوتوونەتە خوارەوە و تەمەنێک شەونخوونی بۆ کێشاون" ئەمانیش وەک باوکیان لەسەر جنێوو سوکایەتی بەردەوام بوون، پێیم وت کە دەزانیت ئەوەندە خراپەو خۆت گووتەنی پیاو نییە بۆچی ناڕۆیت، بۆچی ناگەڕێیتەوەماڵە باوان و لێرە هەڵنافڕیت، دەیگووت:

- تەنها گۆڕینی قەفەسەکەیە هەمان تاس و هەمان حەمام.
- ئەی چار؟
- مردن...... ئا...ئا.... مردن، جوانترین فڕینە کە هیچ سنوورێک ناناسێت
- بۆ کێ؟ ئەو یان خۆت؟
- ئەو بۆ ئەوە باشە تا ئەبەد لەناو ئەو قەفەسەدا بێت کە خۆی درووستی کردووە.
- ئەی تۆ کەی دەست دەکەیت بە فڕین؟
- بە نەرمە پێکەنینێکەوە، نازانم... هەستەکەم باڵەکانم شکاون و توانای فڕینم نییە، با برینی باڵەکانم سارێژ ببن دەست دەکەم بە فڕین. نا من ئەو باڵندەیەم کە فڕینی لەبیرچۆتەوەو ناتوانێت بفڕێت، ڕەنگە هیچ کاتێک نەتوانم بفڕم، هەموو هەنگاوێک جورئەتێکی دەوێت، ئیرادەیەکی دەوێت کە من نیمە؛ من لەمێژە هەموو شتێکم لەدەست داوە، ڕەنگە مردن ئیرادەم بۆ بگەڕێنێتەوە.
- بەڵام چۆن؟
- نازانم

هۆڕینی ئۆتۆمبیلێک کۆتایی بە هەموو شتێک هێنا، سەری بەرز کردەوەو ڕوانییە ئەو ئۆتۆمبیلەی کە هۆڕن لێدەدات، کە ئاوڕم دایەوە بینیم خۆی بوو خۆی چاوەکانی ئاگریان لێ دەباری، ئەمیش بە پرتاو بەرەو لای ئۆتۆمبیلەکە ڕۆیشت و شتەکانی دەستی فڕێدایە پێشی ئۆتۆمبیلەکەو خۆی لە بەشی دواوە سەرکەوت.

ژوان زۆرجار لەبەر خۆیەوە دەیگووت: هەندێک کەس کە بە بچوکی دێنە ژیانەوە هەمیشە بە بچووکی دەمێننەوەو هیچ کاتێک گەورەنابن؛ هەندێک لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا بەردەوام گەورەدەبن و هیچ کاتێک بچووک نابنەوە، تەنانەت مەرگیش ناتوانێت بچوکیان بکاتەوە، بەگەورەیش دەمرن، دوای مەرگیشیان درەوشاوەتر و شکۆمەندتر دەبن، مەزنی بەئاسانی بەدەست نایەت، وەلێ دەتوانیت زۆر بەئاسانی خۆت بچووک بچووک بکەیتەوە، بەجۆرێک بکەویتە ژێر پای ئەوانەی کە خۆیان زۆر بچووکن و ببیتە خۆڵ و گەردی ژێر پێڵاوەکانیان.

هەندێک کەس بۆئەوەی گەورەبن دەبن بە بازرگانی مەرگ، بازرگانی بە ژیانی مرۆڤەکانەوە دەکەن، بەتایبەتی بازرگانی بە ڕۆح و دەروونی ژنانەوە دەکەن. کاتێک بازرگانێکی مەرگ دەمرێت، لەشکرێک تارمایی بەجلی خوێناوییەوە دێنە بەردەمی و بەڕوویەکی گرژوو مۆنەوە دەوەستن، نەفرەت لە خۆی و ئەتوارە دزێوو ناشیرینەکانی دەکەن، بەو ئەتوارە دزێوانەوە خورپەی خستبووە دڵی هەمووومان، کێ هەیە ڕۆژانە بە مەرگی ئازیزێکی مەرگی دۆست و ئاشنایەکی، بە مەرگی کەسێک کە نەشی ناسیوە ڕانەچڵەکیبێت، بۆ ماوەیەک بەناخی خۆیدا ڕۆنەچووبێت و ترس ناخی داگیرنەکردبێت. وەلێ هەندێک کەس بەمردنیشیان دەبنە تارماییەکی تۆقێنەر و ژینگەی دوای خۆشیان تژی دەکەن لە ترس و بیم و مەرگ.

زۆر جار لەبەر خۆیەوە دەڵێت: من هەر خۆم گەردنم؛ لە شمشێری خوێناوی گەردنی ئیسماعیل هەڵ ئەسووم. مەرگم و پێخاوس وا بەدوای جەلادا هەڵوەدام، تەنیام و ڕائەکەم. لەدوای خۆم... شوێن پێیەک، چۆڕاوگەی زامێکی کولاوە جێدێڵم. لەسەر کێلی دیرۆکم، شان دائەدەم و سیگارێک بەوەنەوزەوە دەکێشم. دەزانم چەرە دووکەڵی زووخاوی دیرۆکم؛ کاس و وڕت دەکات. بەبێزاریەوە دەستێکی ئارەقاوی بە ڕوخسارتا دەهێنیت و فویەک لەو چرایە دەکەیت. کەلەبەرە تاریکەکانی ڕابردوو ئاشکرا دەکات. ئەو ئاوێنەیە تف باران دەکەیت، نمایشی ئەو ڕوخسارەتی تیا دەکات، کە لە ئاسەواری زەمین لەرزەیەک دەچێت. لەم سەر زەمینە حەرامەدا خەون مەبینە، بۆ ئەوەی بژیت دەبێ بێدەنگ بیت، خۆش بەختەکان ئەوانەن لە ئارامگەکانیاندا نووستوون. زۆرجار قسەکردن ئارامیت لێ دەشێوێنێت هیچ شتێک ئەو ئارامیەت بۆ ناگەڕێنێتەوە، هەندێک جار خەیاڵەکان ماڵت ویران دەکەن، وەک چۆن لەنێوان ژیان و مردندا تەنها تاڵە دەزوویەک یان پەردەیەکی تەنک هەیە، لەنێوان خەیاڵ و ڕاستیشدا هەمان شتە، کەواتە دەبێت بە وریاییەوە خەیاڵ بکەین و خەون ببینین و هەنگاویش بنێین، ڕەنگە هەر هەنگاوێک دواین هەنگاو بێت، هەر خەون و خەیاڵێک دواین خەون و خەیاڵ بێت و بمانبات بەرەو دواین وێستگەی ژیان.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



سەقز. نیان فاتمی

پڕم لە خواردنەوە
خواردنەوەی تابۆکانی ئەم سەردەمە
پڕم لە حیق
حیقکردنەوەی تۆ پێت جوانە
و دنیا لە شوێنییەوە لەشم بریندار ئەکا،
پڕم لە کوودەتا
بۆ جەستەی بریندار و ڕۆحی شکاوم،
گریلاکانی ناخم ناسرەوون
ناخەون،
پڕن لە شۆڕش بۆ چاوەکانی نەسرین و هێرۆ
لە ئێوارەدا لە خەو هەڵئەسم و دەمەوبەیان ژیان پڕ ئەکەم لە
خۆم و خۆتان و نەسرینەکان.
فوودانەی ئەم ژوانە تەقاوە بە ڕووتا
نەخشاوە بە ژیانتا، حیق کەوە
حیق کەوە بە ئالاّیێکا کە سوورایی لە ڕۆخسارت بڕی و مانای
حەماسەی لێ شێواندی
هەڵگرە ماتیکێ سوور
یان گۆشتی بیکێشە بە ڕۆخسارما
من پڕم لە خواردنەوە و پڕم لە حیق.

## قاوخی گوڵەبەڕۆژە

شار چەشنی گەمارۆی هۆردووی گوناه،
بووکەشووشەکان ئێستا شانشینی زریکەن،
لە ئاسمانێکی ئاسنیدا
لێوی ئەو کچە عەیارانەی
ژیانیان پڕ کردبوو لە بزەی کاغەزین،
پرزۆڵ، پرزۆڵ
مرادخانییەکان دادڕاون
تاڵە قژی کۆرەکان
وەک کێلگەیەکی فەرامۆشکراوی گوڵەبەڕۆژەیە
کاتژمێرەکان پاش و پێش دەبن،
پاڕانەوەی ژنە نەزۆکەکان
لە مەلابانگدانی هەموو سپێدەیەکدا ڕادەمێنێ
وەرزی خەیاڵەت پڕ بووە لە گەردی پەپوولەکان
شەیتان وێڵ و سەرگەردان لە دەوری ئینجانەکانە
ئەم هەوا هەنیسکاوییە
ئە م بارانە خەستە
کوێرەکان ئەخاتە سەر خولیای بینین و
قاوخی گوڵەبەڕۆژکان
پڕ دەکات لە گەزیزەیەکی هەرگیز هەڵنەهاتوو
دەروازەکان ئاوەڵان
سێوێک؟ نا ...باخێک؟ نا
وشەیەکی فسفۆڕی
ملکەچی شێعرە ئەنتیکەکانی ئەهۆنییەوە.

## چەند کورتە شێعر



بانە. ک.د.ئازاد

### " مەرگی بە شکۆ "

ئاخ نیشتمان!
مەرگ
چەند بەرز و بە شکۆیە
کاتێ لە پێناوی تۆیە!

### "بیرەوەری"

دوێنێ شەوێ
نامەیەکی عاشقانەی کۆنی جێماو
لە سووچێکی کتێبخانەم
تەقەی لە سینگی من کرد و
ئێستاکە لە خەستەخانەم!

### "هەرزەکاری"

زەمان
ڕکێفکوت دەڕوات و
هێشتاکە من
لە پێلاوی
هەرزەکاری خۆم دەگەڕێم!

### "پیرم دەکا"

پیرم دەکا
بیر کردنەوە لەو نەتەوەی
بیر لە خۆیان ناکەنەوە!

### "بوومەلەرزە"

زوو زوو
نێوانمان تێک دەچێ
دڵم
ئاخێزگەی بوومەلەرزەیە!

### "خوێ"


دڵ
زاماری دەستی خۆیی
ڕوو دەکەمە هەر مەڵبەندێ
کۆگای خوێیە!

### "زام لە سەر زام"

دەت نووسمەوە
زام لە سەر زام
لە ناو دووتوێی شێعرەکانم!
من شاعیری خەمەکانتم
نیشتمانم!

### "کتێبی یاسا"

کتێبی یاسا
گەلێ لاپەڕەی قرتاوە
بە تایبەتی ئەو لاپەڕەی
کە لە مافی گەلان دواوە!



سەقز. شلێر ڕەشیدی

دوای مردنی
ئەو دارستانە ئاواتە
کە نەریتە گەنیوەکان سووتاندیان
وەکوو گێژەڵووکەیکی ناکاو
بمخەرەوە نێو ژیان و
نەمامێکی تاسە بچێنە
ئەمەوێ لە جێی کانیە کوژراوەکە
کێڵگەی تاوێک ڕێ بخەم
هەموو گوڵە ژاکلوەکان گوڵ بدەن
بمێنەوە...
لەم گۆڕستانەدا ڕەشماڵی هومێدێکم هەڵداوە
ئەمەوێ هەموو سووتوەکان چرۆ بکەن
پەیڤینێکی ژیانلویم پێیە
لەم ڕۆژە داگیرکواوەماندا بە نەهێنی
خەندە دزراوکانمان دەدۆزینەوە
نوقمی پیکەوە بوون دەبینەوە
ئەمجار بزر نابین
سەرە ڕۆییەکانمان پەرژین ئەکەین
بمهەژێنە
دەرگا لە ڕووی هەموو چەتەی خەونەکانمان دادەخەین
هەر خۆم وخۆت شەبەقێک لەسەر ئاسۆ دادەنێین
ئەوەی سنووری نێوانمانە دەیکوژین
دەیکەین بە ژێر خۆڵی بیر بردنەوە
کەپرێک دەکەین لە نێوانی چرۆ تازەکانی خەونە
کوژراوەکانماندا
من تەریکی نیشتمانی چاوەکانت دەبەم
وەکوو تاوانبارە ڕاکردووەکان
هەر لە پەنا تۆدا ئەمێنمەوە
کە شەو داهات
بەدزی هەمووانەوە
چرایەک بە سۆزە برینداردکەماندا هەڵدەواسم
باسی هەموو ڕۆژەکانی بێ تۆیی دەکەم
کەچۆن بەر شالاوی بێکەسی کەوتم
چۆن ڕووکلم لە جێ هەنگاوەکانتدا
پێت دەڵێم
چۆن بەر نەشتەری وشە درام و ئەنج ئەنجن کوام
بمێنەوە...
کە تۆ چاوەکانت ببێتە بنکەی خۆشەویستیم
من پێکەنینم بە زامەکان دێت
من ئاگری دووری دەکەمە گوڵستانەکەی ئیبراهیم
بە هەناسەکانت
گەورەترین موعجیزەی ئاسمانم پێیە



## شەنسی شووم!

مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی "زایەڵە"

سەردەمێکە لەم دەروونەم شایی مەیلی خەو ئەکا
چەشنی [زومبی] نێو کەلاوە چاوەڕێیی شەو ئەکا
بۆ دەبێ یاران خەم و شایی تەبانیم لێ بکەن؟!
هێندە هاوشێوەن، لە بەختم، ئەو لەم و ئەم لەو ئەکا
کەیلی کاولبوونە دڵ، ئاوایە بۆ خەم تا سەحەر
کەنگێ کازیوەی خەیاڵت چارەیەک بۆ ئەو ئەکا
پۆل بە پۆل مەیلی گەییشتن پێت لە ژینم هەڵفڕی
بێوەفاییت ئارەزووی ئەنفال و گا کۆڕەو ئەکا
چاوی کووچە و هاڵ و هۆدەی نارەقیبم چوونە خەو
بەس "سەگی نەحسی" لە شەنسی شوومی من حەوحەو ئەکا
ڕۆژ و مانگ و ساڵ وەرز بوون هێندە ماتڵ بوون، کە وا!
دنکی تەزبێحان لە جێگەی پەنجەکانم دەو ئەکا
زایەڵەی دادم ئەبیسی، خۆ لە خەو دانت بەسە!
گەردشی چەرخت هەتا کەی گەشتنم بەو، بەو ئەکا
چاوی چارەت هەڵنەهێنا ئەی کەریم بەم بەندەتا
بۆ دەڵێی پێم چارەنووسە چاوی ڕێت پڕ چەو ئەکا،
هێند بە شێخی خۆت مەنازە "زایەڵە"ت لێدێ و تەواو!
شاعیری عاشق لەکوێ دێ و عورف و شەرع پەیرەو ئەکا،

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## وێنەی دەگمەن و مێژوویی

مەهاباد. موحیب مەهابادی



"منیش تەنیا ئەوەندەم گوت: زاری کورمانجی و ڕووناکی لە کوردستان دەرچوون و بۆ کورد بوون، بەڵام "دەنگی گێتی تازە" لە سەفارەتی بەریتانیا دەرچووە، تا ئەوەندەم گوت ڕەنگم سوور هەڵگەڕا.
مامۆستا حوزنی گوتی: ڕۆڵە من لەو ڕایەدام دەبێ دەوڵەتێکی زلهێزی دنیا دۆستمان بێ و پشتمان بگرێ، دەنا کوردی بێکەس چی پێناکرێ و ناگاتە ئامانج، ئێمە یەک دوو لاپەڕەمان لە گۆڤارەکەی دەنگی گێتی تازەدا بۆ هەواڵی جەنگی بریتانیا و هاوپەیمانی لە دژی بەرەی تەوەر "میحوەر" تەرخان دەکرد، کە چی دەیەها لاپەڕەمان بۆ ئەدەب و کەلەپووری کوردی و مێژوویی کۆنی کوردی تەرخان دەکرد و دەیەها نووسەری خامە ڕەنگین لە گۆڤارەکەدا دەیاننووسی.
منیش تا ڕادەیەک قەناعەتم بە وتەکانی هات."
بەشێک لە بیرەوەرییەکانی شاعیر و نووسەری کورد مامۆستا کەریم شارەزا کە باسی دیداری لەگەڵ ڕۆژنامەوان و مێژوونووسی ناودار مامۆستا سەید حوسێن حوزنی موکریانی دەکات، شایانی ئاماژەیە ئەم نووسراوە لە لاپەڕەی ٧١ی کتێبی کاروانی ژیانم بە قەڵەمی مامۆستا شارەزا هەڵگیراوە کە خۆشبەختانە پاییزی ئەمساڵ "سەرماوەزی ٢٧٢١ی کوردی" لە چاپدراو و بۆ یەکەم جار لە هۆڵی یەکێتیی لقی نووسەرانی شاری هەولێر لە کۆڕێکی شایان دا کە خۆم بە شانازییەوە دەعوەت و بەشدار بووم بڵاو کراوە، ڕووحیان شاد و یادیان هەرمان بێت، وێڕای دوو وێنەی دەگمەن و مێژوویی لە هەر دوو مامۆستای پایەبەرز و تێکۆشەر، پێشکەشتان بێ هاوڕێیانی هێژا و دڵسۆزی نیشتمان...

❋❋



وێنەیەکی دەگمەن و مێژوویی "کوردانی فەیلی" لە شاری بەغدا، ساڵی ١٩٢٧ی زایینی، ئینگلیزەکان ئەوەندە سەرسام بوون بە هێز و توانای جەستەیی و دەسەڵاتی بازرگانیی و شانازیی کوردانەی فەیلییەکانی شاری بەغدا بە جلوبەرگی کوردییەوە، وێنەیان لەگەڵ گرتوون بۆ یادگاری، بە هاتنە سەر حوکمی حیزبی بەعسی سۆسیالیستی نەتەوەپەرست، لە ساڵی ١٩٦٣دا، وردە وردە و بە بەرنامەیەکی داڕێژراو هێزی بازرگانی و دەسەڵاتی بازاڕ لە کوردانی فەیلی سەندرایەوە، هەروەها بە سەدانیشیان لێ شەهید کران و موڵک وماڵیان تالان کرا و بە هەزارانیشیان لێ ڕاونرا و بێسەروشوێن کران، ڕووحیان شاد و یادیان هەرمان بێت، پێشکەشتان بێ هاوڕێیانی هێژا و دڵسۆزی کوردستان...

❋❋



وێنەیەکی دەگمەن و یادگاری لە شاری سلێمانی، سەرەتای حەفتاکانی زایینی، دەستەیەک لە کەسایەتییەکانی ناوداری کورد لە ڕاستەوە: مامۆستا هێمن، مامۆستا محەمەد ساڵح دیلان، دکتور ئێحسان فوئاد، مامۆستا محەممەد مەولوود مەم، دکتور مارف خەزنەدار، پێشکەشتان بێ هاوڕێیانی هێژا و دڵسۆزی وڵاتی پڕ لە شانازی کوردستان . . .
"بەسپاسەوە موحیب مەهابادی"



ئەی دڵ بۆ دائیم پڕ لە خەیاڵی
ئەڵێی ئاشەوان ئاشی بەتاڵی
جەوری زەمانە هەر بۆ تۆ نییە
سەبەبی چییە هەر تۆ ئەناڵی

بۆچ خەیاڵ ناکەی بە ڕۆژ و بە
شەو
لات وەکوو ژەهرە چ خواردن چ خەو
شیرینیش نەما فەرهادیش ڕۆیی
تازە بووکەکەی نازداری خوسرەو

بۆ چی نازانی ئازار دونیای دوون
جەرگی هەزاری وەک تۆی کردە خوون
بیری لێ بکەی بەشت هەر غەمە
چاو بدەرە سووڕ چەرخەکەی گەردوون

دونیا بۆ زۆر کەس پشتیوانی کرد
هەشت نۆ ڕۆژێکە ئەهات و ڕابورد
ئەویش بە میحنەت بە سزا ڕۆیی
لە ماڵەکەی خۆی هەر کفنی ئەبرد

بۆ مەرحەبایی دونیای بێ وەفا
یەک دوو ڕۆژ لەسەر ڕووی ئەرز و سەما
خۆت مەخەرە گێژ قوڕاوی بێ پەی
خۆت ڕوو زەرد مەکە لە مەیدانی خوا

هەرگیز تێک مەچۆ بە بوون و نەبوون
هەر دووکی ئەڕوا لەسەر دونیای ڕوون
هیچ نرخی نییە سەروەتی دونیا
ئەگەر ئاڵتوون بێ کێوی بێستوون

لوتفی دەردەکەت زوو بکە دەرمان
با لەم دواییە نەبی ماڵ وێران
زۆر خەیاڵ ئەکەی لە ئەتواری خۆت
با شێتیش نەبێ بکەویە کێوان

شێعری پرواتا و چەن وێنەی یادگاری لە شاعیری کلاسیکی کورد خوالێخۆشبوو شێخ لەتیفی شێخ ڕەزای بەرزنجی گڵەزەردەیی بە نازناوی "مامۆستا لوتفی کەرکوکی"، ١٩٠۵/١٩٨٩ی زایینی، ڕووحی شاد، یادی هەرمان و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت، پێشکەشتان هاوڕێیانی ئەدەب دۆست و دڵسۆزی کوردستان... "بەسپاسەوە موحیب مەهابادی



**مەهاباد. موحیب مەهابادی**

سەردەمێکی تا بڵێی ناخۆشە، یاڕەب چارە چییە؟
کەس نییە ڕازی بە جێی خۆی ئەو هەموو ئاوارە چییە؟

لاپەڕەی مێژوو دەخوێنم، قەت وەکوو ئێستا بەشەر
تووشی دەردی وا نەهاتۆ، ئەو هەموو غەمبارە چییە؟

داخەکەم واتای سەفا و لەززەت بەدی ناکەن لە هیچ
کەس دڵی ئارام نەماوە، ئەو هەموو بازاڕە چییە؟

سەختە ژین، کاری بە دڵسۆزی و عەشق ناکەن خەڵک
هەر بە دەوری خۆ دەسووڕێن، ئەو هەموو پەتیارە چییە؟

خۆشەویستی و سۆزداریان کردووە سووک و چرووک
خۆپەرستن گشتی کۆمەڵ، ئەو هەموو غەددارە چییە؟

کوا قیامەت تا نەجاتی بێ موحیب لەو زوڵمەتە!
قەت مرۆڤ چاک نابێ، ئیتر دەرفەتی دووبارە چییە؟

## بەشکەکانی ئاخاوتن



**بۆکان. هیدایەت ئازەری**

ناو ئەو وشەیەیە سەربەخۆ واتایەک دەگەیەنێت کە بە کاتەوە نەبەستراوە , وەک : کاوە , ساڵ , بەرد , پیاوەتی , هەولێر , ڕۆیشتن , گوڵ , پەپوولە , فڕۆکە , بەستەڵەک , هەڵپەڕکێ , تێ هەڵکێشان

❖ تێبینی و ڕوونکردنەوە :
کە دەگوترێ " بەکاتەوە نەبەستراوە " بۆیە هەتاکوو ناوەکانی " ظرف زمان " وەک ڕۆژ , ساڵ , مانگ , سات , کات... هتد بەر ئەم تەعریفە بکەون و نەچنە ناو تەعریفی کار " فعل " ەوە , چوونکە لەو ناوانەدا " کات " ناوەڕۆکی وشەکانە نەک پێیانەوە بەستراوە.

❖ ناو لە دوو ڕوو وە باس دەکرێت :
١ ــ لە ڕووی پێکهاتنەوە
٢ ــ لەڕووی واتاوە

❖ یەکەم ــ ناو لە ڕووی پێکهاتنەوە بە دوو بەشەوە :
بەشی یەکەم ــ سادە
بەشی دووهەم ــ ناسادە

❖ ناسادەش دەبێتە دووبەش:
بەشی یەکەم ــ لێکدراو
بەشی دووهەم ــ داڕێژراو

❖ پێناسەی " تعریف " ناوی سادە :
لێژنە بۆ دۆزینەوەی تەعریفێکی تەواو دوور و قووڵ لەم باسەی کۆڵییەوە و ئەو تەعریفانەی کە لەمەوبەر بۆی دانراوە هێنایەوە بەرچاو :
سەعید سدقی دەڵێت : ئیسمێکە ئیسمێکی تری لەگەڵا نەبێ , وەکوو " عەلی , مراد , شار , بازاڕ "
مەردۆخ دەڵێت : ناوی سادە لەیەک واژە دروس بووگە , وەک : دەرز , کێو , قورسی , بلبل.
زۆربەی نووسەرانی تر هەر ئەو تەعریفەی بۆ ناویان کردوویانە تەعریف بۆ ناوی سادە , دوایی تەعریفێکی سەربەخۆیان هێناوەتەوە بۆ ناوی لێکدراو.
**ناوی سادە ئەو ناوەیە کە تەنیا لە وشەیەک پێک هاتبێت , وەکوو : بەرد , با , مرۆڤ , دەشت , ڕەگ , مەڕ , گۆشت.

❖ پێناسەی ناوی ناسادە :
سەعید سدقی دەڵێت : ئیسمی مرکب ئیسمێکە ئیسمی تری لەگەڵدا بێت وەکوو : عەلی مراد , شارباژێر
مەردۆخ دەڵێت : ناو پەیوەست ئەو ناوەس یا لە دوو واژە یا زیاتر دروس بووگە, وەک : خەداداگ , باخەوان , خۆرەتاو , گوڵاو.
لێژنە دوای هەڵسەنگاندنی ئەم تەعریفانە , هیچ کامێکیانی پەسەند نەکرد و کەوتە سەر ورد بوونەوە و لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بگات بە تەعریفێکی درووست.
لە هەمان کاتدا لێژنە کەوتە سەر لێدانەوە لەوە ئاخۆ دابەشکردنی " ناو ــ یاخود وشە بەجۆرێکی گشتی " لە سەرەتاوە بکرێ بە دوو بەشەوە :
١ ــ سادە
٢ ــ ناسادە

❖ ئەوجا ناسادە بکرێتەوە بە :
١ ــ لێکدراو

گۆڤاری ئیلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

۲ ـ دارێژراو

❖ یاخود یەکسەر ناو لە ڕووی فۆرمەوە بەسێ بەشەوە :

۱ ـ سادە

۲ ـ لێکدراو

۳ ـ دارێژراو

لە کاتی دەمەتەقە لەسەر ئەم پرسیارە سێیەم هاتە ناو ئاخاوتنەوە بۆ ئەوە ناو بکرێ بە دوو بەشەوە :

۱ ـ سادە ـــ ۲ ـ ناسادە بێ ئەوە ناسادە دابەش بکرێتەوە بۆ : لێکدراو , دارێژراو

❖ سەرچاوە : کتێبی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی " بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد "
چاپی دووهەم ۲۰۱۱



## *شش در برابر پنج

تاملی بر رمز و راز به کار بردن دو عدد "شش" و "پنج"، فرهنگ عامەی کورد و فارس

ئیلام. رودوس فەیلی "مصطفی بیگی"

همانگونه که در فرهنگ عامەی فارسی از "پنج"، همانند یک عدد رمزگونه و مقدس، زیاد استفاده می‌شود، در فرهنگ عامەی کورد نیز از این عدد زیاد استفاده می‌شود اما در برابر آن و شاید بشود گفت به موازات آن "شش/ شەش" به عنوان یک عدد رمزگونه و مقدس استفاده می‌شود.

مثلا در نام "شەش دار/ شش درخت" که یک منطقەی جنگلی وسیع در حومەی شەر ایلام با هزاران درخت، "شەش/ شش" به معنای زیاد است و نه عدد "شش" و همچنین در نام بخشی از کوه "رنو=بەمن و گردنەی برفگیر" که بین ایلات ایلامی "پشتکوه، فیلی/ فەیلی" و ایل کلەر، حائل بوده، کوه "شەش کەلان/ شەش کەل" به معنای "شش شکاف کوه" وجود دارد که شکافهایی به صورت دندانه دندانەای وجود دارد و جنگ معروف رنو بین ایلامیان و لشکر متحد رضاشاه و ایل کلەر در آنجا رخ داد و ولایت مستقل پشتکو فیلی، که در حدود چهارصد سال قدمت داشت سرنگون شد و پشتکوه به عنوان بخشی از ایالت پنجم و استان کرمانشاهان قلمداد شد.

در اینجا هم "شەش/ شش" به معنای"زیاد" به کار رفته است.

در فصل زمستان کوردی که متناسب با اقلیم گرمسیری و کوەستانی است، بجز از نوروز که بهار تقویمی و جشن تحویل سال بوده و کوردها آن را به عنوان روز نو شدن به علت پیروزی کاوه آهنگر "کورد" بر ضحاک مار به دوش "به زعم آنان لبنانی" می‌دانند و کوردهای کانتون عفرین سوریه "روژاوا"، کاوه را کورد و ناجی خود می‌دانند، یک بهار اقلیمی هم وجود دارد که به علت اقلیم متنوع کوردی، در طول هجده روز "سه شش" جشن گرفته می‌شود و به وهار کوردی معروف است.

هر کدام از این شش روز را یک "شەشڵە/ شەش لە" به معنای "شش کوچک" می‌دانند که اولین آن در شش روز آخر دی‌ماه است که به جشن یلدا "جشن شب زایش خورشید" یا "شەو ئەوەڵ وهارە"، "نوو وهارە"، "هو ئەوەڵ قارە" یا همان "شب‌چلە" ختم می‌شود و دو شش‌روز دیگر پس از آنند و این به تناوب تا هجدهم بەمن‌ماه طول می‌کشد.

این جشن بیست روزه را مشخصا "وهار کوردی / وەهار کوردی/ بهار کوردی" می‌گویند که اقلیمی است و جدا از نوروز یا اول‌بهار رسمی.

در ایلام، باور عمومی بر این است که ننه سرما تمام تلاشش را می‌کند و آخرین زور سرما در این روزهاست و پس از آن زمین نفس می‌کشد و وقت کشت و کار شروع می‌شود.

"دالگ ئەوەڵ وهارە" شخصیت سمبولیک همانند "بابا نوئل" است که در این مدت به همەی خانەها سرمی‌زند و به آن خانەها برکت می‌آورد و در این مدت نیز از آش و یا شیربرنج آنها می‌خورد و به آن برکت می‌دهد.

*با تشکر از دوست عزیزم "رضا آبی" که در تدقیق این تقویم محلی، یاری‌ام دادند.

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# ئافاقی شیعری نالی


## تازەترین کتێبی دکتۆر ڕەهبەر مەحموودزادە



نووسینی: بەختیار حەمەسور

١

دکتۆر ڕەهبەر مەحموودزادە یەکێکە لە نووسەرە ورد و بابەتییەکانی ڕەخنەی کوردیی، بێ هیچ دوودڵی و گومانێک، بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیاری: ڕەخنە و ڕەخنەگریی کوردیی بوونی هەیە یان نا؟ دەتوانین ناوی دکتۆر ڕەهبەر و بوونی وەک ڕەخنەگرێک، بەو پرسیارە قیرسچمەیە بدەینەوە و بسەلمێنین بەڵێ. ڕەخنەگرێک، کە بە چاوێکی پشکنەرانە و کەشفکەرانە، لە چوارچێوەیەکی زانستیدا، بە توانستێکی مەعریفییەوە، دەق دەخوێنێتەوە و لە بارەیەوە دەنووسێت. گەرچی ئەم نووسەرە تا ئێستا تەنیا دوو کتێبی هەن، کە ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ گرفتی چاپ و بڵاوکردنەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام شێلگیرانە و بە عەشقەوە، لە بڵاوکراوە، ڕۆژنامە، گۆڤار، ماڵپەڕەکاندا، بە دەیان لێکۆڵینەوەی لە سەرجەم بابەتە ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، فیکری، کولتووریی، زارەکی، وەرگێڕان، گفتوگۆ و... هەن و یەکێکە لە پرکارترین نووسەرانی کورد. بەداخەوە کارەکانی ئەم مامۆستا ئەکادیمیستە لە باشوور وەک پێویست نەبینراون و نەخوێندرانەتەوە، تەنانەت ڕەنگە بۆ زۆرێک لە هاوڕێ نووسەر و خوێنەرەکانیشمان، ناوی دکتۆر ڕەهبەر، ناوێکی تازە و نەبیستراو بێت. بەهەرحاڵ، هیوادارم ئەم کتێبە نوێیەی دەرفەتێک بێت بۆ ناسین و ئاشنابوون بەم دەنگە جددیی و سەرڕاستەی بواری ڕەخنە.




٢

"ئافاقی شیعری نالی" تازەترین کتێبی دکتۆر ڕەهبەرە و بڵاوکراوەی "مادیار" چاپی کردووە. کتێبەکە ٣٣٥ لاپەڕەیە، زۆر نییە لە خوێندنەوەی بوومەتەوە. چەند ساڵێکە، هەر نووسینێک دەربارەی "نالی" دەبینم، دەیخوێنمەوە، بێئەوەی ناوی نووسەرەکەیم بۆ گرنگ بێت. لەو کەسانەی کە دیارن و بە نووسین و لێکۆڵینەوەی هەمەلایەن و پسپۆڕانە پەرژاونەتە سەر دنیای نالی، منیش پەرۆشانەتر پەرژاومەتە سەر خوێندنەوەیان، لەوانە: بنەماڵەی مامۆستای مودەڕڕیس، دکتۆر مارف خەزنەدار، مامۆستا مەسعوود محەمەد، ڕێبوار سیوەیلی، محەمەد حەمەباقی، مامۆستا عەبدولخالق یەعقووبی، مامۆستا جەعفەر و... لەپاڵ گرنگی نووسراوی ئەوانەدا، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، دکتۆر ڕەهبەر، دەیان پەنجەرە و دەرگای تر بەسەر دنیای شیعری واڵا دەکات. یەکێک لەو کارانەی دکتۆر کردوویەتی و بە هەوڵەکەیەوە گەشگەش دیارە، ئەوەیە، کە بەئاگایی هەوڵی کەسانی پێشترەوە دەستی داوەتە ئەم لێکۆڵینەوە و شتانێک کەشف دەکات، ئەوانی تر کەشفیان نەکردووە، یان لامسەرلایی لێی تێپەڕیون. لەم کتێبەدا، جۆرێکی تر لە ڕاڤە و ڕوانین بۆ شیعری نالی دەخوێنینەوە، دەلاقەی بەرینتر بەڕووماندا دەکرێتەوە، هان دەدرێین جارێکی تر و بە چاوێکی تر، بچینەوە سەر دیوانەکەی و بیکەینەوە و بیخوێنینەوە. ئەگەرچی نالی و شیعری نالیم بەردەوام لا خۆشەویست بووە و گەورەیی ئەوم لە زەین و بەرچاودا بووە، بەڵام پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە، هەم خۆشەویستیم بۆی زیادتر بوو، هەم شکۆ و شەهامەتی وەک یەکێک لە کۆڵەکەی شاعیرانی کلاسیکی ئێمە، لا گەورەتر بوو.

٣

دکتۆر ڕەهبەر مەحموودزادە لەم کارە تاقەتپڕووکێن و بەسەبرەیدا، مۆدێلێکی تر لە خوێندنەوەی دەقی کلاسیک پێشنیار دەکات، مۆدێلێک کە دەکرێت ببێت بە نەریت و چاوی لێ بکرێت. ئەو کەسانەی شیعری کلاسیکیان لا مەبەستە و بە نیازن وەک پرۆژە لە داهاتوودا کاری لەسەر بکەن، ئەم کتێبە دەتوانێت بەرچاوڕوونییەکی جددیی بێت، نەک بەتەنیا بۆ نالی، بەڵکوو بۆ کۆی شیعری کلاسیکی کوردی.

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



مەهاباد.جەعفەرمەعروف"ژیار"

هەموو شەوێک
مۆمی یادت هەڵ دەکەم و
لەنێو دڵی ویرانەی خۆم
لە ژووری پڕ لە ماتەمم
میوانداری، خەیاڵی تۆم
هەموو شەوێک بۆ مانگی ڕووت
مۆمی دڵی خۆم هەڵ دەکەم
نەغمەی غەمم بۆ دەخوێنێ
دڵم کەیلی چاوەکانتەوە
ژانی لەشم ڕادەژێنێ
چاوی دەرگای چاوەکانم
تا دەگاتە بەرەوبەری
هەناسەی ڕۆژی دوای شەوم
لەگەڵ خەیاڵی تۆ گوڵم
قەت ناسرەوە
وەکوو پەپوولەکەی شەیدا
دڵم بەرەو مەستی دەبا
بۆیە لەگەڵ شنەی یادت
دڵ و شنە، کەوتنە سەما
هەموو شەوێ یادەکانت
لەگەڵ سۆمای هەر دووک چاوم
دەدوێن لەسەر ئەوین و ژین
چرای دڵم گرفە و گڕی خۆشیەکانە
بۆیەش شەوان، لە ماڵەکەم
وانەی یادت لێم میوانە
"جێم نەهێڵی بەتەنیایی"
بێ تۆ خەویش تەریوە لێم
هەر دەم لەگەڵ خەیاڵی تۆ
لە سووچی ماڵی تەنیایم
هەموو شەوانم لێکداوە
تێک هاڵاوین من و خەمت
هەتاکوو شەو دەزرینگاوە
ئاخ من وئەتۆ و یادت
لەشی پارەپارەی دڵ و
نیشتیمانی بەشکراوم
لە غووربەتا هەموو شەوێ
هەر لەو یادانەدا ژیاوم

## سوورە گوڵ



لەیلاخ. مام خەیال

نایە تەسکینم کە هەرشەو خەم دەچێژم سوورە گوڵ
تا بەیانی، دڵ شکاوی خۆم دەنێژم سوورە گوڵ

ڕوو لەکوێ کەم کامە خەڵوەت هەڵبژێرم بۆ فیراق؟
یا لەکام نێژگەی ئەوین یادت بنێژم سوورە گوڵ

تا بەکەی ئاخر لەداخی وادەکەی هات و نەهات
من بەبێ وادە لەچاوا خوێن بڕێژم سوورە گوڵ

چەشنی تاپۆی داوەڵێکی سارد و سڕ نیم من لەباغ
تۆف و سەردی بای خەزانە لار و گێژم سوورە گوڵ

من نە ئاوی مەندی وەستاوم، نە وەستاوم لەڕێ
باوو باهۆزێ لەسەر گێژاوی گێژم سوورە گوڵ

چۆن بەچاوی کەم دەبینی ئەو ئیرادەی ئاسنم؟
بۆ نەجاتی نیشتمانم، تیغی تێژم سوورە گوڵ

بێ خەیاڵی مام خەیاڵی قەت مەبە باوانەکەم
تا لەسەر لووتکەی ئەوین هەرساتێ بێژم سوورە گوڵ

## ئامێزی خەیاڵ...



سەقز. فەریدە کاکی

لە ئامێزی خەیاڵتدا دەبینی چەندە من ژیرم
لە نێو تاقگەی ئەویندا لە دووریت مات و دڵگیرم
کە ڕۆیشتی بە فیڕۆ چوو هەناسەی شێعرکانی من
دەمارم زامی ناسۆرە و ئەسیری دەستی تەقدیرم
بە دەستی چارەنووس خووسا ژیانی نالەباری من
ئەمن هێشتا لە بەندی چاوەکانی مەستی تۆ گیرم
کە وا مۆلەق دەبن دوو چاوی داماو و پەریشانم
لە داخی ناتەواوی ئەشقی تۆ دیلی بە زنجیرم
قەفەس بێت و تریفەی مانگەشەو بێت و ئەوینت بێ
دڵم دڵخۆشە بەو حاڵە ئەگەر بەندیم و نێچیرم



## سەمای مۆتەکە

سنە. ناهید نووربەخش



بە دەنگی زەنگی کاتژمێرەکە پەشۆکاوانە لە خەو ڕاپەڕی، وەک بەیانیانی پێشوو. نەیزانی بۆ هەستی کرد لە ڕۆژانی پێشوو، پەشۆکاوترە؟ گوێی لە ترپەی دڵی بوو.

ئەوە دەنگی زەنگی کاتەساتی مەرگ بوو یان کاتی لە خەو هەستان؟!

خەفە تێکی قورس سەردڵی گرتبوو. چەند جار چاوی هەڵگڵۆفی، بەڵام هەستی دەکرد مۆتەکەی ناو کابووسەکەی کە تەپی دابووە سەر سینگی، هێشتا بە ڕۆکی بەر نە داوە.

بۆنێکی سەیر و هێڵنج هێنەر ناو هۆڵە بچووکەکەیانی داگرتبوو. پە شۆکاو خۆی بە درگای دیوەکەدا، دا. هەر چۆنێک بوو، پشووی هێناوە بەر خۆی و لە بەر ئەوەی منداڵەکان دانەچڵەکێن، لە سەر خۆ گوتی: ببوورن ئازیزانم، هەستن درەنگە، کاتی ڕویشتن بۆ قوتابخانەیە...

دە هەستن شەیتانانە!

هات بڵێ، ناتوانن ئیتر فێڵم لێ بکەن وەک دوێشەو کە بە دزییەوە...تان لێ شاردمەوە و من لە بەر دڵی ئێوە خۆم لە گێجی دابوو، دەنا هەستم کرد... لێ دە شارنەوە. هات بڵێ من دایکم شتەکان زوو هەست پێدەکەم. بەڵام نەیگوت و پێیوابوو لێیان گەڕێ لە دنیای منالانەی خۆیاندا سۆرپرایزی بکەن بۆیان خوشترە و بۆ ئەویش جوانترە. بۆیە هیچی نە درکاند.

دە هە ستن شەیتانانە! بەو بەیانیە زووە، کاتی گاڵتە و فێڵ و جەفەنگ نیە. بە بۆنە تەماویەکە سە ری زیاتر لە گێژەوە دەهات و پەردەیێک لە تەمی بۆگەن بە بەر چاویدا دەکشا. مۆتەکەی کابووسەکانی بە قاقایێکی شەیتانیەوە، لە بەر چاوی سەمای دەکرد.

منداڵەکان دە تۆ خوا هەستن! دەزانم شۆخیم پێ دەکەن. دوێشەو گوێم لێ بوو... ئیدی خۆی پێڕانەگیرا...! دوێشەو چەند جار گوێی لە پچەپچ و پێکەنینی بە دزیانەوە بوو کە دیانویست لێی بشارنەوە. گوێی لە خشەخشی کاغەز کادوکە بوو و هەستی بە ڕەنگ و بۆنی گوڵیش کردبوو.

گوتبوی: پیاوەکە! گوێت لێیە؟لەو پچەپچە و خشەخشەی لە پشت درگای پێوەدراوی دیوەکەیانەوە دێت، یان هەستتکرد چەند دڵخۆشن؟ وا دیارە سبەینێ دەیانەوێ جێژنی ڕۆژی دایکم بو بگرن. بە لام تۆ خوا هیچیان لە لا مدرکێنە...لە خوشیان فرمێسکەکان بە گۆنایدا هاتنە خوارێ. ئەو دایک بوو، هەستی بە هەموو جموو و جوڵیان دەکرد.

ئەو شەوە فرمێسکەکانی سڕیبوو. هەستابوو سەری بە پەنجەرەوە نابوو و ڕوانیبویە سێحری ئەفسووناوی ئەو شەوە سپیپۆشە. ئەو هەستە خۆشەویستیەی منالەکانی لە سۆزی سەرمای زستاندا،تینێکی سەیری پێدە بەخشی. هەستی دەکرد شاژنێکی شاری ئەفسانەکانە و کلوە بەفرەکانی ئەو شەوە ئاڵتوون و زێڕن و بە سەر ئەودا دەبارن و زێڕەوشانی دەکەن.

شاگەشکە ببوو. بەڵام جارجاریش لەو دیمانەدا، زستانی لێ دەبوە بەهارێکی سەیری نەخوازراو! لە ناکاو کلوە بەفرەکان لە بەر چاوی دە بوونە شکۆفە و بە لێشاوو، بە ڕەشەبایێک لە دارەکانەوە دەرژانە خوارێ. دە ستی درێژ دەکرد، بیانگرێتەوە، کۆشی بڵاو کردەوە، هاوارێکی لە گەروو خنکاو، بۆ ئەوەی بیانپارێزێ، ڕزگاریان بکا، بەڵام...

جارجاریش سیلەی دووری نیگای لەو شەوە سپیپۆشەدا سنوورە ڕاستەقینەکانی تێدەپەڕاند. هەستی، خە یاڵی یان پچەپچەکانی منالەکان تێکەڵاوی وە رزی پاییز دە بوون. کلوە بەفرەکان رە نگیان دەگۆڕی دە بوونە پەپوولە پاییزە، نەرم و هێدی دەستی ڕادەگرت پە پوولەکان لەو پانتا بێ سنوورە لە دەستی دەرەوانەوە یان کلوە بەفرەکان دە بوونە پۆل پۆل مەلی ترساو و غە ریب کە لێی دە سڵەمینەوە!

نەیدە زانی بۆ چی لە ناکاو شاژنی خە یاڵی ئەو، زستان و زێو و ئاڵتوون و دار و شکۆفەی بەهاری جێ هێشت. وەرزی هاوینی هەر نە دیت! بۆ چی شاژنی ڕەنگ هەڵبزرکاوی خەیاڵی کەوتە ناو وەرزی پاییز وگەڵاڕێزان و پۆل پۆل مەلی غەریب و سڵەماو و پەپوولەی لاسار...

بۆنێکی سەیر دەهات، بۆنی مەرگ، بونی ڕاستیێکی ڕەش، سەمای مۆتەکە بە مزگێنی پاییزەوە، بە قاقا کێشانی شەیتانیوە! داچڵەکا! بە نووزە، نووز پاڵی نا بە مۆتەکەی سەر سینگیەوە. گریا، لێی پاڕایەوە بەرۆکی بەردا...

تۆ خوا هەستن منالەکان! ئەمڕۆ ڕۆژی دایکە! خۆ دوێشەو گوێم لێ بوو پیلانتان دەکێشا... وە دەزانن دە توانن شتم لێ بشارنەوە...

نیگای گەڕا بە ناو دیوەکەدا، چاوی کەوت بە کادۆی پێچراوەی هەرگیز پێشکەش نەکراوێ کە پۆل پۆل باڵندەی غەریبی لاوازی بەلاداهاتوو و زێرە وشانی زێو و ئاڵتوون و شکوفەی هە لوەریو دەوریاندابوو و دەستە گوڵە ژاکاوەکەی گوشەی دیوەکە بە دە ستە ڕەشەکانی مۆتەکەکەوە لە لای سۆبە گازیەکەوە کە بۆنی نەفرەت و مەرگ ئەویشی بێ بەش نەکردبوو...



## شێخ

بۆکان. هاشم شێخ ئەحمەد"بڕوا"

مینه... کوڕم؛ تازه تۆ بووی به مامۆستا. نەچی لەدیواندەڕەش بیکەی بێرەوە هەر لەچکه بەسەرێکت دی وەشوێنی کەوی و کچی خەڵک دەسبەسەر کەی. باوکەکەم: من هەموو هیوام تۆی، زۆر دەمێکه دۆعا دەکەم خودایه مینه دەستی به دەمی خۆی بگات منیش چیدیکه هەوێساری قبووڵ نەکەم و لەبەروبۆی تۆ بحەسێمەوە. مینه لەدڵی خۆیدا پێکەنینێکی به قسەکانی دایکی هات. وتی: "دایه کوا ڕۆژگاری ئەوەیه بووک وخەسوو پێکەوە بژین،ئەوە نییه لەهەرماڵێک دادەنیشین ئەگەر باسی شەڕی بووک و خەسوو دێته پێش، تۆ دەڵێی من ڕۆژێک بووک لای خۆم ڕاناگرم و ماڵی بۆ جودا دەکەمەوە.

دایکی مینه بۆ چەند چرکەیەک بێدەنگ بوو و لێوی خۆی دەگەست. ڕووی کرده مینه و وتی:"وەی لەکەللەسەری کاوڕە ڕیم بۆ تیره و تۆرەمەی،ئاوا دایکت حەساندەوە هەسته  ملت بشکێنه قسەی هەژدەرم هەژدەرم بۆ مەکه دەڵێی عەبە گەڕۆڵی مامەتی، هەر چەتیوەکەی زارا کوێرت قابیله با به بۆ تس قەهارت کا. درەنگه ماشێن بەجێت دێڵێ فریای دیواندەرە ناکەوی.

مینه ساک و کەلوپەلەکەی دەست دایه و بەر له خوداحافیزی پرپیدا سەری دایکی و ماچیکرد و وتی:"پیرێژن گیان با بێمەوە بزانم دەمدەن بەکام گوندی دیواندەرە خۆم دەتبەم بۆ خوازبێنی و دەتکەم بەخەسوو.

ڕێبەندانێکی سارده. بەر لەنیوەڕۆ مینه گەیشته دیواندەرە و خۆی به ئیدارەی پەروەردە ناساند.

بەخێر بی ئاغاگیان ئەمرێکتان هەس؟

ئەوەی ڕاست بێ زانکۆم تەواوکردوە لەسنه دابەشیان کردین کەوتومەته ئێرە.

- بێزەحمەت نامەکەی سنەم بۆ بێرە.

- بەسەرچاو فەرموو.

- ئابرا خەڵک کوێنەی؟

- خەلکی بۆکانم

- بەخێر بی

- منیش خۆم خەڵک کورسانم ـ خۆشحالم ـ ڕاسی برا قالەمەڕە ما لەژیانا؟

- بەڵێ ماوە.

- فره تاسەی ئەکەم بێم لەنزیکەو بیوینم،بۆکان شارێ قەشەنگێکه.

مینەش هەر بەڵێ بەڵێیەی بۆدەکرد لەخودای بو زوو بزانێ دەکەوێته کام قوتابخانه بەرپرسی پەروردە پێیدەڵێ :

"براشیرینەکەم هەرچی تواشائەکەم مەدرەسەکان ناوشار نیرویان گەرەک نییه، ڕاستێ گەرەکه لەزمسانا کەم وایه نیروومان بو بێتەو،ئیسا له گۆڕ باوەلێ هەوەتو نیازمان هەس،بچۆ ئەوێنه تازه ئەوە بەهارهات بۆ ساڵ بەعد خواگەورەس."

مینه دوای وەرگرتنی نامەی دەست بەکاربوونی بۆ ئاوایی گۆڕ باوەلێ، لەسەر شەقام پەروەردە دەستی له ئوتۆمبیلێک بەرز کردەوە.

- ها براگیان؟

تا گۆڕ باوەلێ بەچەند دەمگەیێنی؟

- برۆ ڕەحمەت لەباوکت، بەم زمسانه گەرەکته تابەهار لەوێ بمبەسیتەو بەم بەفرو سەرما،ناچم!

تا سەرەنجام ماشێنێک سواری کرد

- برا خێره بەم کت وشەڵوارەو ئەچی بۆ گۆڕباوەلێ؟دەس ژن ئەگری یا لەزماوەن دەعوەتی؟

- ناکاکه گیان لەوێ بووم به موعەللیم. ـ قاڵبت ساخ وێ، جا دیاره کوڕەخاسەی به خوا ئەونەمەی کەنیشک جوان هاتیا نانت ها ناوروونا.

مینه که ئەمەی بیست هەردەتکوت تازه لەدایکبووه خەم و خەفەتی غەریبی ودووڵیی و  بەجێهێشتنی پەریی خۆشەویستی لەبۆکان، بەڕووخسارییەوە نەما و ڕێک وتی:بەڕاسته کاکه؟ یانی ئاوا لەشار دووره ژن و کچی جوانی لێیه؟

- به قسه کردنتا مناڵ دیواندەرە نیت درووسه؟

- بەڵێ بۆکانیم

- ئای خوا بۆکان!

هاتووچووی تەبرێزم ئەکرد ڕای وابوو لەبۆکان لەماڵ قەومێکم ئەمامەو کنیشکێک جوانم سازکردوو

- له کوێی بۆکان؟

- لەو پشت کەمەریه بیو ، تەونی ئەکرد نەیاندا پێم خواخاسیان بۆ نەکات.

بەدەم قسەوە گەیشتنە ئاوایی،مینە سۆڕاغی ماڵ ئاغای موعەللیمی گرت کە مودیر مەدرەسە بوو.مناڵان دەوریاندا بردیانە ماڵ مامۆستای بەرپرس.

بۆ مینە سرووشت و دیمەنی گۆڕباوەلیَ نامۆ بوو لەلایەکیشەوە جێگای سەرنج، تەنانەت جل و بەرگیشیان. ژنان و پیاوان شەدە بەسەر و خاڵی کوتراوی چەن ئافرەتێک کە لەناوئاوییی چاوی پێیان کەوت لەدڵ خۆیدا کوتی ئەمانە بوون ژن و کەنیشکە جوانەکان؟

مامۆستای بەرپرس بەخێرهاتنی مینەی کرد. چوونە ژوورەوە، کابرایەکی دیکەش ڕاکشابوو و لاقی بەدیوارەوە هەڵسپاردبوو. وتی:"بەخێروی."

مینە خۆی بەهەر دووکیان ناساند. بەرپرس وتی:" من مناڵ دیواندەرەم و سەی یووسفم ناوە. لێرە پێم ئێژن شێخ. ئەم ئاغاشە خەڵک سەقزە کاکە عەتای ناوە.بان گیان هاتی کاکە حەمەومین گیان."

مینەش وتی:خۆشحاڵم و دوای باسێک لەخۆی کابرای سەقزی وتی:  برا چ دەرسێک ئێژی؟

مینە:جوغرافیا.

ـ ئەریَ ڕاس ئێژن بۆکان جیب و جوزەلەی  فرەس؟

ـ ئەی ڕاست دەکەن سەقز عەتا و شاتری زۆرە؟

لێیان بو بەدەمەقاڵیَ. شێخ لێیان هاتە زمان و وتی: شوورەیی ناکەن ئاوا تەک یەکاقسە ئەکەن؟ باوە کا عەتا هەرکەس تێتە ئەم مەدرەسە تۆ تەکیا ئەی کەیتەشەڕ کاورا دەر ئەپەڕێنی، ئەمە چوارم کەسە خەریکە تاری ئەکەی. ئاوابکەی ئەت دەمە حەراسەت."

ـ برا ڕۆ کورد بووینە مللەت خۆ خۆر،هەر خەریک شەڕ و مارەکەین تەک یەکا. دوای ئەم قسانە بێدەنگیی باڵی کێشا بەسەر ژوورەکەدا و نان و خواردنی بۆ مینە هێنا.

وێسب وادیاربوو مینەی بۆ هاوکاربوون بەدڵ بوو. جار و بار لەداخ کابرای سەقزیی پێیدە گوت:"یاخوا بەخێربی من خۆشم لەبۆکانی تێت فرە مەردمێک بامەڕامن."

لەوکاتەدا کابرای سەقزی بۆ دەسنوێژ چووە دەرەوە وێسب بە مینەی وت:وردەو! ئەمە کاک ئەحمەدییە زۆر کارت پی نەداویَ خۆمان تەک یەکا مەدرەسە ئەوەینە ڕییۆ.

مینە هەستی کرد لەگەڵ مودیر ڕاحەتە.

چەند حەوتوویەک تێپەڕ بوو. مینە دەیزانی وێسب عاشقە و لەئاوایی دڵداری هەیە.

وانەی قورئانیشی دابوو بە مینە کە هەڕەی لەبڕەی دەرنەدەکرد. قوتابییەکان  زۆربەیان بەتەمەن بوون کە پێیدەڵێن نێەزەت،مینە زۆرجار دەیکوت ژنێکیان تێدایە ئەگەر "لەم یەلید وە لەم یوولەد"ـی پێدەخوێنمەوە بۆی نایە. شەرم دەکات و دەڵیَ:ئەیەڕۆ مامووسا لویلەم وەلویلەت.

شەوێک مامۆستاوێسب لەگەڵ خۆشەویستەکەی لە ئاوایی قەراردادەنیَ وبە مینەش دەڵیَ ئەو فانوسە بێرە لای عەتا ئێژم ئەچین بۆ مزەوت، کاحەمەومین گیان لە پشت گەوڕەکەی ماڵ شیَ وڵە ی باوک خانم خاس دانیشە کەسێک هات زوو بچۆ بەرەوڕووی بێژە ئەچمە مزەفت ماتڵ شێخم.

بەرەبەیان ڕێکەوتن بەرەو جێژوان وێسب خۆی کردبەگەوڕی ماڵ کائەول دا، لەگەڵ خانم خاس خەریک ورتەورت بوون، لە کۆڵانەکەش مینە خۆی لێگرتبوون و چووە ئەو ڕۆژانەی خۆی لەگەل خۆشەویستەکەی دیداری بوو. لەپڕ هۆشی ڕۆیشت ولەفانووس هەڵکەوت وگڕیگرت وڵات بەو ئاورە ڕووناک بو هەر وێسبی لەبیرنەما ئەوەندەی پێکرا هەڵات، وێسب کە گڕەکە دەبینێت و شیَ وڵە وبراکانی خانم خاس برەو کۆڵان دەڕۆن لەترس خۆی دەکات بە کولانەی مریشکاکاندا،جاورە پەلەوەر لەترس هەموو لەکولانە دەرپەڕن، قووقەی کەلەشێر وقیژەی مریشک و وەڕینی گەماڵ ئاگری فانووسی لەبیربردەوە. دەبێتە قەرەچی و ئۆین و قوولەقوولێک، باوک بەسەر کوڕەوە نابیَ.مریشک وکەڵەشێر لەلایەک مامەول وکوڕەکانیشی لەلایەک. هەریەکە و شتێک دەڵێن ؛ خانم خاس بەپەشۆکاویی بیَ ئەوە بزانیَ ماموستای ئاوایی خۆی کردوە بە کولانەی مریشکەکان و دەربازنەبووە،کێشە لەخۆی دورکاتەوە دەڵیَ:بخوا هاتم دەسنوێژ هەڵگرم بینیم  مام ڕێوی بوو خۆی بەو فانووسا کێشا و هەڵات. براکانیشی وتیان نا هێشتاها لەکولانەکا بۆیە مامرەکان هەر ئەچنە بەرۆ هەڵتێن. دادەی شەنە بێرن بیگرین. لەو ئان و ساتەدا ماموستاو بەرپرسی قوتابخانە لەترسی ئەوە بەشەن و پێمەڕە پێوەنەبیَ لەکولانە دێتەدەر ووەکو تیشکەی تفەنگ کراسەکەی لەدەم و چاوە پێچاوە دەردەچیَ، شیَ وڵەش ڕووبە کوڕەکانی : هەتیم خۆ ئەوە ڕێوی نە وو "شێخ "و. جا بۆئەوە مەردم نێژن هاتیە بۆ وەوی و کەنیشکەکەی بێدەنگی لیَ بێرن، دایکی خانم خاس کە خۆی جاروبار قسەی لەنێوان شێخ و کچەکەی دەهێنا و دەبرد وتی:پیاکە ئەم کاورا دەڕا بەو مناڵانەی وتوو حەزم لەگۆشت بەقلەس هەروتم با بێت بۆی لێنێم و ئاوا نێت خۆی بیوات و دزیمان لێکات.

## ژانی گەل



بۆکان. ناتق مەجیدی "سۆران"

چ ژانێ بوو لە ڕێبەندان، لە ژێر سایەی لەوای پرسە
ڕنوو هات و لە دڵ وەربوو تەزووی شەختە و تەوای پرسە

لە تەشقستانی خەم جەستەی حەز و خولیا وەها سڕ بوو
کە زریان زوو بە زوو هێنای هەڵا و هەور و هەوای پرسە

دەسی کۆڵی کرێکاران، لە سەر ئەژنۆ کش و ماتن
قەلی ماتەم چلۆن نەقڕێ بە سازبەندی نەوای پرسە

بە ژانی کۆچی ڕێبوارانی ڕێی نان و بژیو چ بکەم؟
مەگەر تا دوا پشوو بگریم، بە ئاهەنگی هەوای پرسە

لە چاوانم بە خوڕ ئەسرین ڕژا سەر گۆڕی ئاواتم
لە مێحرابی ئەویندا بەرزە بانگی نارەوای پرسە

گڕ و کڵپە و بڵێسەی خەم، پەڕی باڵی گەلی سووتاند
بە بەژنی سوورەگوڵ دەبڕێ، فەلەک کۆت و کەوای پرسە

بڕی " سۆران" بە یادی وان، سەری شێعری ئەویندارى
تەماشا کەن کە دڵ دەردێ، بە دەردی بێدەوای پرسە

شێعر: فەرەیدوون موشیری
وەگێڕان:عەتا ساڵح پوور. سەقز



تا ئەو کاتەی لەگەڵ تۆدام
ژیان لای من مانای هەیە
چ دوور بم لێت و چ نزیک
برسی بم یا خۆ تێری تێر،
بە ئازادی بژیم یان دیل،
دڵتەنگ بم گیانە یان دڵگـــەش،
ئەو ساتەم وا تۆی تیا نەبی
منم و مەرگ و خاک و باوەش.

## دڵاژۆ



سەقز. لەتیف عەلەوی

هاودەمی ڕۆژ و شەمی نیوەشەوان هەر غەزەلە
بووکی‌نێو باخی ئەدەب ڕۆحی‌ڕەوان هەر غەزەلە
وەکوو دووباڵی هەڵۆی تاقی بڕۆی ژیکەلەیار
چەشنی ئەنگێوە بەدەس تیروکەوانەهەر غەزەلە
لارولەنجەی بەلەمی بیر و خەیاڵ تا وەکوو دوور
تاکوو سەوزایی سنووری مەلەوان هەر غەزەلە
گوڵبزەی لێوی، دڵاژۆیە بەهاری ئەدەبە
هەر بەهار شینە، بەهاری خەمی وان هەر غەزەلە
جوانترین یادەوەری بۆ قەڵەمی پەنجە قەڵەم
مەشقی ئەگریجەیە؟ نا، شێعری جوان هەر غەزەلە!
ناوی ئازیز و سەرۆکی دڵ و یارێکی لەبار
نادیار حازری هەر قەول و ژوان هەر غەزەلە
مەشربی ڕۆژیئەلەست و سەدەفی کانیی دەمان
تاکوو چۆڕایی خەمان، لابە گومان هەر غەزەلە!
ناحەقی مەگرن ئەگەر دڵ بە شنەی دێتە هەژین
گیانە بۆ ڕۆحی"لەتیف" هێزی بەیان هەر غەزەلە.

## هەنگاو



بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی

ئەگەر جارجار دەبێتە مژ
هەواری نووسراوەکانم
ڕەنگ دەگۆڕن، هەڵدەگەڕێن،
ئاپۆڕەی هەڵبەستەکانم.
دێتەبیرم،
ئامۆژگاری پێشینانم،
ڕوون دەکا ڕۆچنەی ڕامانم!

ڕاوەستان، ڕەوتی نەمانە
نەوەستان، دیاردەی هەرمانە
تەقەللا، ڕێچکەی ژیانە
ڕێگەی دوور کورت دەبێتەوە
بە هەنگاوی بچکۆڵانە....

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



# چیرۆکێک لەسەر ڕومانی"کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"،بەختیار عەلی

بانە. غەفوور سالحی

ئەم خەنجەرە مەلعوونە، لەو تیخانەیە کە دەسکی خۆیان دەبڕن

باوکی ناوی نابوو "حەمە تینوو". وەک دەیانگوت، باوکی بۆیە ئەو ناوەی سەرناوە، کە گوایە کاتی خۆی تووش دەردێک بووە کە قەت تینوایەتی نەدەشکا. کاتێک دایکی لە باوکی ڕاسابوو و گوتبووی:" ئەیەڕۆ پیاوەکە چۆنت دڵ دێ ناونوتکەی وا شوێن حەمەکەی دەخەی؟". لە جوابدا گوتبووی: " ناونیتکە؟! ژنەکێ، جارێ ڕاوەستەو سەبرت هەبێ. تۆ ئەم قسەی من هەڵگرە. ئەگەر ئەم هەتیوە ئاخرەکەی بە تینوایەتی نەمرد، تۆ بە ناوی خۆم بانگم مەکە."

کاتژمێر یەکی نیوەشەوی دووشەممە، ٩ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی بوو. "حەمە تینوو"ئیتر ئاگای لەخۆی برا و بە تویێ ژێرکراس و ژێرپانتۆڵێکەوە لە ژوورەکەی هاتە دەرێ وشپرێو و بێحاڵ پەرداخێک ئاوی هەڵقوڕاند وخۆی هاویشتە سەر مۆبلە درێژە سێکەسیەکەی هۆڵەکەیان.بەتەنیا و نیوەڕاکشاو، نوقمی وەهم و خەیاڵات. ئاگای لە هەمزەو هەباس نەبوو. تینوو، زۆر بە ختولکەی بەرەقاچەکانی قەڵس بوو، بەڵام ئەمشەوپێیوایە ئەگەر بەرەقاچاکانت سووڕناژن کردبایە، ڕانەدەچڵەکی. مەستی مەست لە بادەی وشەو ڕستە هەستیار و ڕەنگینەکان، وەرکەوتبوو. دەتگوت ڕیزبەندی وشەکان،بوونەتە دوو کەژی ئەستووری قۆچەقانی وئەویان وەک خڕکێک هەڵداوەتە جیهانی ڕابوردووەوە. هێشتا لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی بێکۆتایی ئەو گەشتە عەجایەباتە، وەک شریتی فلیمێکی پڕ لە تراژێدیا وەورووژێنەری ژیانە جیاوازەکان، لە نێو مێشکیدا هەر دەهات و دەچوو. جۆری گێرانەوەی بەسەرهاتەکە، هەستی بەجۆرێک لێکردبوو، کە لە نێو ئەو ناورییاییەدا، وریاییەکی بیدەنگ و ڕەمزاوی پێبەخشیبوو. وەک ڕێبوارێکی ڕاماو و تێرنەبوو، تامەزرۆی بەردەوامی ئەو سەفەرە دڵهەژێنە. لەبەرخۆیەوە دەیگوت:"بەخوا حەیف تەواو بوو!تەواو بوو؟ نا، نا، تەواو نەبووە. سەفەری وا قەت تەواو نابێ!"

سەری لە بیری تیژ ووێژەی پتەو وهێزر و هەستی جوان و بێگەرد و ڕەنگاوڕەنگی نووسەری بەسەرهاتەکە سوورمابوو. لەبەر خۆیەوە دەیبیزڕکاند: "ڕاستی ئەو چۆن توانیویەتی بەجێی ئەو گشتە کەسایەتیە جۆراجۆر و جیاواز و جیاکارانە بیروەکات و بدوێت؟! ئەو خەڵکانەی، کە هەرکام، لە چین و مەرتەبە و مەنزڵێکی جیاواز بوون. کۆمەڵێک کەسێتی بە تایبەتمەندی شوێن وشێوازی ژیان وگەوشینی کەسین و تاقانەی خۆیانەوە. چونە کە ئەو توانیویەتی بەجێی هەموان و وەک هەموان وبەهەمان وشەو ڕستەکانی هەموانقسەبکات وهەستەکانیان دەرببڕێت؟! نازانم!"

**

تینوو وای هەست دەکرد، هەر کە ڕێیکەوتە نێو "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان" و مەلەی تیاکرد،وەک ئەوە وابوو چووبێتە نێو "ئاوێنەیەکی گەورە"وە. لەگەڵ خۆی دەدوا: "حەیف بووا هیچ پێمخۆشنەبوو بگاتە کۆتایی. کۆتاییەک کە هێشتا من وەک سەرتایەک دەمبینی ولاموابوو دەبوا، هەتا ناکۆتا بەردەوام بێت."

بیری"هوزار"ی دەکرد، ئەو کاتەی کە بەڕێیکرد بۆ گەشت و سەفەرێک، بۆ تەواوکردنی ئاکام و ئەنجامەکانی سەفەری ڕێبوارانی پێشوو. بیری پەڕی و ئاوڕی دایەوە وپێچدانەوەگەشتێکی کردبۆ ناو لاپەڕە ڕەش و سپییەکانی ڕابوردوو ووەرگەڕایەوە بۆ سەردەمی لاوی خۆی و بەخۆی گوت: "تۆ بڵێی هوزار بە"ماسیەسوورە چکۆلانە"کەی پێبکرێت وبتوانێ بەردەوامی بات بە سەفەری بە ئاوات نەگەیشتووی "ماسیە ڕەشە گچکەڵە" و هاورێکانی؟ تۆ بڵێی...؟تۆ بڵێی...؟...، پاشان هەروا خەیاڵی ڕۆیشت و ڕۆیشت و ڕۆیشت و ڕۆیشت؛ لەوسەرەوە کە گەڕایەوە پێی وت: "خۆ لە دەسپێکی سەفەری ماسیەسوورەش دڵنیاین، بەڵام ئێستا و ئێستاش نەمانزانی بەرەوکوێ چوو وچیبەسەرهات."

**

تینووبۆ یەکەمجار لە سەفەری دڵهەژێنی بۆ نێو کۆشک، بە "فیکرەت گوڵدانچی" ئاشنا بوو. ئەو فیکرەتەی کە هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە: "...جیهان ئاوێنەیەکی گەورەیە؛ بەڵام چەشنە ئاوێنەیەک کە مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، دەبێ بچێتە ناوی. ئاوێنەیەکە، کە لەمدیوەوە وێنەی خۆمانی تێدا نابینین، بەڵکوو دەبێ بڕۆینە ئەودیوی ولەناویدا مەلە بکەین..."تینوو، ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو. ئەویش وەک فیکرەت، هەرچی ڕووبەڕوو تماشای کتێبەکەی کردبوو، هیچی تێدا نەبینیبوو؛ تەنانەت وێنەی خۆشی. بەڵامکە چووە ئەودیو ئاوێنەکەوەولە ناویدا مەلەی کرد، ئەوسا نەک خۆی تێدا دیتەوە، بەڵکوو لێشاوی گشت هەست و ئاوات و خولیا و خەونەکانیشی پێ نیشان دا.

بە قۆچەقانییە سێحراوییەکەی، مێهەنگی کاتژمێری ژیانی بەلای پێچەوانەدا، هێندە گێرایەوە بۆ دواوە، هەتا بۆوە بە هەرزەکارێکی جوانکیلەی کاڵ و نەپوختەو بێ ئەزموون. لەودیو ئاوێنەکەوە، بەگوژمێک بە جادەی نارێک و بەکەندولەندی لاوەتیدا تێپەڕیی وگوزەری کرد بە تونێلی لێڵ و تەماوی نێفسالیدا.لەگەڵ هەر ئاوڕدانەوەیەک وکولاندنەوەی پەستاپەستای برینە کۆنەکانی،دەربازگەکانی ژیان، گێڕایانەوە بۆ سەردەمی پیری وبە دیداری ئەو دۆستە دێرینانەی، کە پێی سەیربوو چۆن ماون، شادبووە. لە جیهانی پشت ئاوێنەکەوە، ڕێگەی سەفەری دۆزییەوە و فێر بوو چۆن سەفەر کات. مەلە لە نێو ئۆقیانووسی شەپۆلاویی پشت ئاوێنەکەوە، بەو بڕوایەی گەیاند کەمرۆڤ ئەگەر خۆی بیهەوێ،دەتوانێ لە سەفەرێکی هەمیشەییدا بژی.

لەگەڵ گەیشتن بە هەر لوتکەیک، یەکیدی چاوت لێدەقرتێنێ وبانگت دەکات. مرۆڤ بێ سەفەر ناژی و هەر کە سەفەرێکی تەواو کرد، پلان و نەخشەی سەفەرێکیدی دادەڕێژێت. ئێستا ئیتر حەمە تینوو، وەک جاران نەماوە وئەزموونی سەفەرەکانی پێشووتری، کردۆتە توێشووی سەفەری ئەمجاری. سەفەر لەگەڵ "هوزار". هوزارێکی تازەپێگەیشتوو، کە هێشتا لاوێژەیەکی کاڵ و کرچ بوو. چێژ و جەزەبەی،ئاوێتەی تاڵ و شیرینیی سەفەری پێشووی، وایلێکرد، گوێ بە گرفت و بەربەستەکان نەدات وپەلکێش بێت بەرەو سەفەرێکیدی. پێیوابوو بە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

دەسکەوتەکانی سەفەرەکانی پێشووی، بتوانێ دەستی هوزاریش بگرێت. کەواتە سەفەری لەگەڵ هوزاریش، ببوە ئەمرێکی واقیع ونەیدەتوانی خۆی لێ ببوێرێت و بەخۆی دەگوت:" بەڕاستی سەفەر قەت دوایی نایات."

❋❋

لەگەشتی پێشوویدا، ببوە هاوڕێ و هاوسەفەری کاراکتەرە جۆراجۆر و ڕەنگاڵەکانی بەسەرهاتێکی، خۆشینک و دڵهەژێن.
دەیگوت:"تێیهەڵدە لە ژیانی نووستوو و وەستاو. ژیان بە بێ بزوەو حەرەکە و دڵەکوتەو هەڵچوون و داچوون، لەکوێ ژیانە: "نەشئە لە مژینی بەردەوامی هەوای نێو شار و قاوەخانەوکۆشکی باڵندەکان ودەنگ و جریوە و بۆنە هەمەچەشنەکانیان، کە هەرکامیان باسە سەیر و سەمەرەکانی شوێنێکی دوورەدەستی جیهانیان بۆ دەدرکاند وچێژێکی تایبەتیان پێدەبەخشی. تینوو، بەڕاستی توانیبووی، لەگەڵ گشت کاراکتەر و کەسایەتییە جوداواز و جیاکارەکانی بەسەرهاتەکەدا بژیی وزۆرێک لە ژیانە جیاوازەکان، بەتاقیوەکات. بیری دەکردەوەکە چۆن لەگەڵ "کامەران و مەنگوڕ و خالید"، چووە سەفەرێکی هەشت ساڵەی جیهانناسی. لەگەڵ ئەوان خەسار و خەتەرەکانی ئەو سەفەرەی، بەگیان کڕی ووەک ئەوان، ئەویش قەفەزەی بۆ باڵندەکان سازکرد؛ بەو هیوایەی کە بەڵێنی بەجێبهێنێت و، ڕۆژی گەڕانەوەی، کاروانی باڵندەڕەنگینەکان، بکاتە دیاریەکی بەنرخ بۆ خۆشەویستەکەی. تینوو، لەگەڵ قاچاخچیە بێبەزەییە ترسناکەکان ڕێکەوت وبە بەلەمێکی بچووکەوەو، بە قەڵفەزەی باڵندەکانەوە، شەپۆلە هەرەبەرزەکانی چۆم و زەریا و ئۆقیانووسەکانی بەزاند. لەگەڵ ئەواندا بەدەیانجار عاشق بوو و شکستی هێنا وکەوت و دیسانەوە هەستایەوە. لەگەڵ ئەواندا ماندوو بوو و، دوایی چەلێک حەسایەوە. لەگەڵ ئەواندا بۆ دەمێک پشوودان، خەوت و لەپڕ لەخەو ڕاپەڕی. لەگەڵ ئەواندا پێکەوە لە قاوەخانەکان، لە پیاڵە ناوقەدباریکە خەتزێڕینەکاندا، چایان خواردەوە. لەگەڵ ئەواندا هەڵات و، خۆی حەشاردا و دوایی گەڕایەوە و گۆڤەندی گێڕا وهەڵپەڕیی و دواجار گریا.
حەمە تینوو، هەروا لە نێو جیهانێکی ون و وەهماویدادەخولایەوە. هاتەوە بیری، کە لەگەڵ "مەنگوڕ"دا کەوتە قسە و"کامەرانی سەلما"ی زۆر سەرزەنیشت کرد. پێیگوت: "کامەران، تۆ چۆن دڵت هات، بە خەنجەری ڕق و کینە، سینەی لاوێکی عاشقی، وەک "مەنسوور ئەسرین" بقەڵاشیت؟!" گوتی: "ئاخر کوڕیچاک، تۆز و تیژایی چەقۆ لەکوێ و سۆز و بڕیایی عەشق لەکوێ؟ ئاخر لە کوێ بیستووتەو، لەکامێک لە بەسەرهاتە عاشقانە ڕاستەقینەکاندا، باس لەوە کراوە کە زەبر و تیژی چەقۆ، ئەڤینێکی ڕاستەقینەی سەلماندبێت؟!"هەربۆیەش، تینوو نەیهێشت، مەنسوور ئەسرینیش، بەتەنیا بگەڕێتەوە بۆ بەردەوامیسەفەرە بێکۆتاییەکەی ولەگەڵ ئەویش ڕێکەوت. تینوو، لەگەڵ "خالید ئاموون"دا، تێکەڵ بە خێڵەکانی نێو شار و وڵاتەکەی بوو وژیانی خێڵەکیشی ئەزموونکرد. لەگەڵ "سەوسەن"دا، ئالوودە و هۆگر و شەیدای، کتێبخانە تاقانە بێهاوتاکەی "فیکرەت گوڵدانچی" بوو وبووش بە هاوکار و وەردەستی فیکرەت و دەیگوت: "باخچەی کتێب بەوەدەڵێن. دەبێ یارمەتی فیکرەت بدەم ونەهێڵم گوڵەکانی ئەو باخچە ناوازە بژاکێن." لەگەڵ فیکرەت پێکەوە ورد و بێدەنگ و بەردوام، چاوەدێری ئەو مەخلووقە جوانکیلەیان دەکرد. کیژۆڵەیەکی ڕەنگ پەڕیو و تەنک و تەسک و نەرم و ناسک. پێکەوە ببوونە قەرەوڵ و ئێشکگری گوڵێکی ناسکی کاغەزیی، نەبەشکم گەڵاو گوڵپەڕە ناسکەکانی بژاکێن و هەڵوەرن. بەخۆی دەگوت: "ئەم پەرییە زۆر ناسکە! دەبێ منیش وریای ویست و هەستەکانی بم."ئەو سەوسەنەی کە لێی فێربوو، چۆن بتوانێ بەبێ بۆن و بەبێ دەنگ، تەنیا لەڕووی، ڕەنگەکانی نێو ئالبۆم و ئەتڵەس و نەخشە و وێنەکانەوە، وێنای خەیاڵیی سەفەر، بۆ گشت شوێن و قوژبنەکانی ئەم جیهانە پان و بەرینە بخوڵقێنێت. تینوو لەو سەفەرەدا، لەگەڵ "پڕوشە"شدا ژیا، تا لێی فێری سەبر و تاقەت بێت. لەگەڵ "نزار"دا ڕۆشت وبەبێ چەشتنی لەزەت و خۆشیەکانی، ڕۆژانی یەکەمی هاوسەرگیریی، بنەماڵەی بەرەو سەفەری بێگەڕانەوەی، بەرەکانی جەنگێکی نەگریس و بێزارکەر و بێمانا، جێهێشت.
تینوو، قەت ئەو کاتەی لەبیر نەدەچۆوە، کە لەسەرەتای جەنگی ئێران و عێراق، دوای دووجار بۆردومانی عەمباری بەڕێوەبەڕایەتی دابەشکردنی ئارد لە بەغداد، چۆن لەگەڵ فیکرەت گوڵدانچیدا بەرنەکەوتن ووەک مۆجزەیەک، لە ناو چڕی تەم و دووکەڵ و تەپوتۆزی تێکەڵەی ئارد و خۆڵ و خوێن و باڕووتدا دەربازبوون. بە دەیان جار، لەم سەفەرەدا مرد و زیندوو بۆوە. تینوو بە دڵ لەگەڵ باڵندەکانی سەوسەندا ژیا وئاوازی چڕی و وەک سێ دڵدادە سەفەریەکەی سەوسەن، فڕی بەسەر ئۆقیانووس و دورگە و جەنگەڵ و لێرەوارە ترسناکەکانی دونیا و هەموو گوند و شارو سەرزەمینەکانی ئەم جیهانەی، لەژێر باڵەکانی خۆیدا بەدیکرد. دەیگوت:"خوایە، جیهان چەن نەناسراو و بەرینە. بەس نەبوو هاتمە ئەم سەفەرە."لە گەڵ ئەتڵەس و نەخشەڕێگاو بۆنی باڵندەکانی سەوسەن سەفەری کرد، بۆ زۆرێک لە شوێن و شوێنەوار و ئاسەوارە نەناسراوەکانی جیهان ووێڵ و سەرگەردان بەشوێن نۆشدارۆی سۆهرابدا، بیری لەوە دەکردەوە: "تۆ بڵێی زەەری مارێکم بۆ پەیدا نەبێت، بۆ چارەسەری ئەو پەتایانەی کە هەستم پێکردوون و ناسیومن؟! تینوو، هەروا لەگەڵ چێژی سەفەرەکەی، کەوتە کنە و جوستوجۆ بەشوێن هەتوانێکدا.بەشوێن مەرهەمێکدا، کە گەڕایەوە جەستەی زامداری وڵاتەکەی پێ تیمارکات. هەر بەهۆی، ئەو باڵندە جوان و ڕەنگینانەی سەوسەنەوە، دەنگ و بۆنە جیاوازەکانی ئەم گەردوونە پان و بەرینەی بەتاقیکردەوە وبەهەر ئەزموونێکی، ئەو گشتە گەشتە عەجایبانەوە، گەڕیدە و شارەزا و سەرسام بوو.
تینوو، بەدرێژایی سەفەر لەگەڵ فیکرەت گوڵدانچیدا، ژیا و ماڵەوماڵی کردو، کتێبی کڕین و خزاندیە نێو کتێبخانەی ماڵەکەیەوە. ماڵەکەی کردە باخچە کتێبێکی بێوێنە و کەچی لەکۆتاییدا ئاوا لەگەڵ دڵی خۆی دەدوا: "هەیەوووو! زۆر سەیرە کە زۆربەی پێشهاتەکان بۆخۆیان دێن، بێ ئەوەی بانگێشت کرابن. زۆربەی پێشهاتەکان دێن ولە دەسەڵاتی ئێمەش بەدەرە کە ڕێگری هاتنیان بین. زۆربەی ڕووداوەکان، لەو توخم و چەشنەن، کە بە دڵی ئێمە نین ودەبنە لەمپەر بۆ بەردەوامی سەفەرەکەمان." دواجار تینووش لەگەڵ فیکرەت، وەرسووڕایەوە ولەهەرچی پەرتووک و کتێب و نووسراوەیەک بێزاربوو و دەیگوت: "ئەوساری ڕووداوەکان بەدەست ئێمەوە نیین، بۆیە زۆربەیان بێزارکەرن و، دواجار دەبنە قەیرانێکی بێ چارەسەر."
تینوو، دواجارهەرچەن، بۆ مەرگی تاک بە تاکی کتێبەکان، چەلێکی باش شینیی گێڕا، بەرەبەرە و بەناچاری، لەگەڵ فیکرەت هاوڕا بوو وبەنرخترین کتێبەکانی ئەو گەنجینەی، بەخشین بەو کەسە بێناو و بێ ئاوەزە تازەپێگەیشتووانەی، کە بەشوێن تازەناوبانگێکەوە بوون و بۆ خۆنواندن و ناوزڕانی خۆیان، بەتەمابوون کۆشک و قەسرەکانیان بە باشترین کتێبخانە، لە چاکترین و بەناوبانگترین کتێبەکانی دونیا وەڕازێنن. تینوو بەخۆی دەگوت: "مەجبوورم، مەجبوور! مەگەر چارێکیدیم هەیە؟! مەگەر من دەتوانم یارمەتی فیکرەت و سەوسەن و

هاورێیانم بەم، کە لە برسا نەمرن و شەرەف و وجوودیان بپارێزم؟!مەجبوورم لەگەڕ فیکرەت هاوڕابم بۆ فرۆشتنی کتێبەکان، چون قەیرانەو برسییایەتی و گیرفانەکان فلسییان تیا نەماوەو، سکی برسیش خۆ سەبر ناناسێت." تینوو، بەم شێوە، وردەوردە و بەناچار، لەگەڵ فیکرەتدا پیربوو. دواجار، لەسەردەمی پیریدا، هەر بەهۆی فیکرەتەوە، فێری زمانی باڵندەکان بوو وفێر بوو کە چۆن لەگەڵ ئەو باڵندە بەستەزمانانە، بکەوێتە قسە و دەردەدڵ.

لەگەڵ دەسپێکردنی پەتای شەڕی ناوخۆ، هاوتەریبی، قەتیسمانی بەرەبەرەی دەنگی باڵندە شادە دەنگخۆشەکان، تینووش هەردەهاتوو غەمگینتر دەبوو ودەنگی دەنووسا و، وردەوردە لەخوێندن دەکەوت. وای لێهات هێواش هێواش، بێدەنگتر ولەگەڵ مردنی هەر باڵندەیەکدا، ئەویش کزو کزتر دەبوو. هەتا بەجارێک، بێدەنگی بێدەنگ بوو وسەرەنجام لەگەڵ مردنی دوایین باڵندەدا، ئەویش نووزەی بڕا و مرد.

هەروەک گوتم، تینوو لەم سەفەرە دڵهەژێنەدا بە دەیانجار مرد و زیندوو بۆوە. هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ”کەمال یەلدا“وە، لەگەڵ وی، خۆی سەرقاڵی مۆمیایی کردنی باڵندە مردووەکان کرد، هەتا ئەو کاتەی، ئەوکۆشکە کە سەردەمانێک ناوی بە ”بەهەشتی باڵندە دەنگخۆشەکان“ زڕابوو، ناوی گۆڕا بە ”کۆشکی باڵندە غەمگینەکان“ و بەوەش نەوستایەوە وبەرەبەرە ناوی، ”مووزەخانەی باڵندە مۆمیاییە بێدەنگەکان“ی، پێبەخشرا.

تینووی چیرۆکەکەمان، لە گەڵ ”ساقی مەحموود“دا، دەیان و سەدان هۆنراوەی سازکرد وئاوازی چڕی و بەزمی گێڕا و لەگەڵ ئەویشدا دەنگی وەستا و توانا و، حەز و هەستی گۆرانی گوتنیی قەتیس ما. لەگەڵ ”مەنگوڕ“ و“سامانی کەسرا“دا، دوای ساڵانێکی زۆر ئەزموونی شارڵاتانی وچەقۆکێشی لە قاوەخانەو، کووچەو کۆڵانەکاندا، لەپڕ پلەی بەرزی پێبەخشرا و ناوی زڕا و ناوبانگی بەرزی دەرکرد و بووە بەرپرسی باڵا و کەسایەتیی، خزایە ناو جەرگەی ئەو ژیانەی، کە بەخەونیش نەیدیبوو ولەگەڵیدا گەلێ نامۆ بوو. لەگەل ”ئاریان“دا، بووە نیگارکێشی خولیاکانی سەوسەنی ناسک و نەخۆش وخێرنەدیو و، کەمەکەمە، گیرۆدەی ئەوینێکی شاراوە و نەدرکاو بوو وهەموو دەرگا و دار و دیواری ماڵەکەی ئەوی،بە نیگاری ئاوێتەیەک لە عەشقیی نەدرکاو و خولیایەکیی سەوسەنی داپۆشی.

تینوو، دواجار لەپیریشدا، گەڕایەوەو، لەگەڵ فیکرەت و مەنگوڕ و ساقیدا، یەککەوتەوە وبۆوە هاوحاڵ و هاوماڵی ئەوان و،بە دەیان جار دوای خواردنی عەسرانەچایەکی حەوشەیی، لەماڵێ وەدەرکەوت و کووچەو شەقامەکانی شاری تەیکرد و دۆست و هاوڕێ و ناسیاوە دێرینەکانی کە پێی سەیربوو چۆن ماون، بەسەرکردەوە. دەیگوت: "بەس نییە ئەمانەش ماون! ئەگینا تەنهایی دەیکوشتم."

❊❊

دەستی ڕۆژگار، ئەمجاریش تینووی گێڕایەوە بۆ لای گوڵە کاغەزییەکەولەگەڵ سەوسەندا یەککەوتەوە. ئەو سەوسەنەی کە عاشقانە ژیا و بەوەدا کە ڕەنگ و ڕووی پێوە نەمابوو و هەر دەهاتوو زۆر و زۆرتر، کاڵ و کاڵتر دەبۆوە؛ دیار بوو، بۆخۆشی هێندەی نەمابوو وەک باڵندەکانی، کە یەکە بە یەکە مردن و لە قەفەس ڕزگاریان بوو، ڕۆحی خۆشی لە قەفەزەی جەستەی ئازاد کات. تینوو بەوەی زانیبوو،کە سەوسەن هەستی بەوەی کردووە، لەوانەیە بەم زووانە ڕۆحی خۆشی بڕوات بەرەو ئەو جیهانەی، کە ڕۆحی باڵندەکانی بۆ چووە.

لەوەش گەیشتبوو کە سەوسەن بەنییازە لەپێش مردنیی، هوزاربەرەو سەفەرێکی ڕەمزاوی و مەترسیدار بەڕێ بکات. سەوسەن بۆخۆی، ئەو باسەی لەلا تینوو،بەم شێوە درکاندبوو: ” بەو حەقیقەتە گەیشتووم، کە من بەم وەزعەوەو، بەم جەستە لاوازەمەوە، ناتوانم هاوسەفەری هوزار بم و بەتەنێش ناوێرم ئەمانەتەکەی پڕووشەی خوشکم ڕەها کەم و بینێرمە ئەو سەفەرە نائەمینە. کەواتە، بۆ ئەوەی بتوانم هاوسەفر و ئاگاداری بم وچاوەدێری بکەم ولە مەترسییەکانی ئەو سەفەرەی بیپارێزم، دەبێ بارم سووک کەم و شوێنی کەوم...“

تینووش بێکار دانەنیشت و هەر بەو عەشقە پەنهان وشاراوەی کە قەت نەیدرکاند، خولیای گەشت و سەفەری، خستە ڕۆح و زەینی“هوزار“ی پڕووشەوە. ئەو دەیزانیی کە سەوسەن، چۆن هوزاری خوشکەزای پەروەردە کردووە و لە ئامانج و مەبەستی سەوسەن باش تێگەیشتبوو. ڕۆژێک تینوو لەزمان سەوسەنەوە بە هوزاریگوت:

کوڕم، ڕۆڵەم؛ زۆرم هەوڵدا کە بۆخۆم، کارێک بکەم بۆ ئەم گەلە لێقەوماوە. بەڵام نەخۆش بووم؛ باڵم نەبوو بفڕم؛ هێزم نەبوو هەنگاو هەڵێنم.هەربۆیەش سێ دڵدادەکەی خۆم ڕاسپارد، کە بڕۆن ووەشوێن ئاوات و خولیاکانی من کەون. ناردمن بۆ گەشتێکی هەشساڵە، تاکوو هەوڵ بدەن بۆ وەدەستهێنانی باشترین و نایابترین هەتوان، بۆ چارەسەری دەردە بێدەرمانەکانی، ئەم گەلە بێبەشە لێقەوماوە. بڕۆن و لە شەڕی خۆکوژی دوورکەونەوە و دەرمانێک پەیداکەن، بۆ فەوتانی ئەم پەتا نەفرەتیە. ڕۆڵەگیان، هەر سێ دڵدادەکەی من ڕۆیشتن وبەڵێنەکانیشیان زۆر بەچاکی بردەسەر و لە سەفەرەکەشیاندا سەرکەوتوو بوون. ئەو سێ ڕێبوارە لە ڕێگەی عەشقێکی ئاسمانیدا، بەتووش گەڵێک ڕەنج و ماندووبوون و کوێرەوەریەوە بوون. ئەوان بە بێ ئەوەی گرێبەستی دڵداری بپسێنن، وادەی خۆیان بەجێهێنا. کاروانی جریوە و دەنگ و ئاوازی زوڵاڵ و دڵگیری هەزاران باڵندەی جوان و ڕەنگین و جۆراجۆر و هەمەچەشنی گشت شوێنە جیاوازەکانی جیهانیان گەیاندەجێ و پێشکەش بەم خەڵکە لێقەوماوەیان کرد. گشت بۆن و دەنگ و ڕەنگی ئەم جیهانەیان کۆکردەوە و گەیاندیانە ئەم وڵاتە، کە خەڵکی پێ دڵخۆشکەن و جامی خەوی بیرنزمە پلەباڵاکانی پێ وەزرینگێنن؛ کەچی نەک نەیانتوانی، بەڵکوو بە هاتنەوەیان، ئەوانیش نەخوازیاو، کەوتنە بەر داو و شاڵاوی ئەم پەتا دێرینە نەفرەتیە. ئەوانیش وەک باڵندەکان و زۆڕێک لە خەڵکی شارەکەم ماڵوێران بوون و تیاچوون و فەوتان. بڕۆ ڕۆڵەم هوزار! بڕۆ و بەردەوام بە لە گەلە گەشت و سەفەرە ناکامەکانی پێشوونان. بەردەوامبەو گوزەرکە بەنێو هەموو شوێنە سەیر و سەمەرەکانی جیهاندا. بڕۆ ڕۆڵەم، با وەک ئێمەت بەسرنەیات. ئێمەیەک، کە بەغدادمان لەترسی بەڵا و فەتەراتی شەڕەنگێزی زلهێزەکان جێهێشت و پەنامان هێنایەوە بەر زێدی خۆمان. هاتین کە لێرە ئۆقرە بگرین و دووروەکەوین لە بۆنی ترشەڵۆکی تێکەڵەی خۆڵ و خوێن و باڕووت. کەچی ئاها لێرەش هەموو هەر بیر لەشەر دەکەنەوە. چاوت لێیە لێرەش، ئەو قەمچی و گۆپاڵەی کە دەبێ بەر سەری نەیاران کەوێت، کەوتۆتە دەست تازەپێگێشتوانی لەخۆگۆڕاوی نەشارەزاوە. لێرەش نەک لە خوێن ناترسن، بگرە، لە خوشک کوشتن و براکوشتن و هاوسێ کوشتنیش ناسڵەمنەوە. لێرەش ئەوەی کە چەکی پێیە بەهێزە و ئەوەی بیر وهیزری ئاشتییە، وەرناگیرێ. ئاها ڕۆڵە، چاولێکە! خۆ ئەوەی کە دەوردەبینێ قینە. کینەیەکی لەمێژینە، کە درێژەدەمانێکە بۆتە گڕکانێکی سووتێنەر و نازانم بۆ قەت لە کوژانەوە نایات. بوغزێکی کۆن و نەبڕاوە، کە بۆتە مەڵەغانێکی سەرشێت و لەخۆگۆڕاو، - شەلم، کوێرم، ناپارێزم –، هەڵدەسووڕێ و هەر کە هاتوو کول بوو، پەستا پەستا بە کوورە و هەسانی نەزانیی دەمەزەرد و تیژ و بڕڕاتر

دەبێتەوە. لێرە کولانچکەیەکی ئومێد و هیوامان پێرانابینن. بڕۆ کوڕم؛ بڕۆ نەبەشکم تۆش بەرکەوی؛ ئاخر ئەم خەنجەرە مەلعوونە لەو تیخانەیە کە دەسکەی خۆیان دەبڕن. بڕۆ بڕۆ؛ بڕۆ ڕۆڵەم نەبەشکم، بڵێسە ئیبلیسیەکانی ئەم ئاگرە توخس و نەحسە، تۆش بسووتێنێ. بڕۆ و تۆش، وەک ڕێبوارەکانی پێشووتر، گشت کەلێن و قوژبنەکانی ئەم جیهانە کەونارایە تێکوەردە و بپشکنە. هەموو زەویەکانی دونیا وەکێڵەو بکەوەرە دۆزینی هەموو جل و بەرگەکانی ئەم جیهانە. ڕۆڵەم بڕۆ، ئەوان ئەوەی لەدەستیان دەهات کردیان و نەیانتوانی، بەڵکوو تۆ بتوانی هەتوانێک، بۆ تیماری ئەم پەتا بێدەرمانە وەدۆزیت و بۆمان بهێنیت.بڕۆ ڕۆڵەم بڕۆ؛ بفڕە و بڕۆ و، تەنها ئەو کاتە بیر لە گەڕانەوە بکەرەوە، کە هەست دەکەی شتێکت پێیە. کاتێک کە دەسهاتەکەت دڵخۆشکەربێت و سەرۆبەخشی هوزارەکانی داهاتوو. بڕۆ و بگەڕێرەوەو، چارەسەرێکمان بگەیێنەرێ، هەتا بەدەستی خۆمان، خۆمان نەفەوتاندووە. هەڵێ ڕۆڵەم؛ کێ چووزانێ تۆش وەک نزاری برامت بەسەر نایات. نەبەشکم تۆش وەک ئەو،فریا نەکەویت، چێژ و لەزەت و خۆشیەکانی ڕۆژانی یەکەمی هاوسەرگیریت بچێژیت. بڕۆ هوزار، مەوەستە. بڕۆ و بیریشی لێمەکەرەوە ڕۆڵەم، بڕۆ...بڕۆ...بڕۆ..."

تینوو لەگەڵ سەوسەن، هوزاری بەرەو سەفەرێکی نادیار بەڕێکرد. بە ڕۆیشتنی هوزار، ئەویش لەگەڵ سەوسەندا لەجەستەی جیابۆوە. ڕۆحی تینوو و سەوسەن، بەجووت، وەک توێشووی سەفەر، پێشکەش بە هوزار کرا و بوونە هاوسەفەری. ئەوان لەگەڵ هوزار،ڕێکەوتن بەرەو سەفەرێک، بە ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرا و دواڕۆژێکی پەنهان و نادیار. تینوو، گەلێ لەوە خۆشحاڵ بوو، کە لێرە دەمرێت؛ چونکا، ئەویش وەک "کامەرانی سەلما" پێیخۆش نەبوو:"ڕۆحی لە جێگایەک و لەشی لە جێگایەکیدی بمرێت"

تێبینی: ئەو وشەو ڕستانەی لە نێو"..." هاتوون، بە پێی پێویست لە ڕومانەکە هەڵمگرتوون.

## بانگی وێژدان لای تۆ واتای چییە؟



دێولان - ح. ڕەنجبەر

وێژدان واژەیەکی زمانە شیرینەکەمانە کە هەڵگری چەمک و مەفهوومێکی گرینگی ڕەفتاری کردەوەیی مرۆڤە و لە دوو بەش پێکهاتووە.

وێژدان = ١ـ وێژ، بە مانای خۆ، خود

٢ ـ دان، بە مانای زان و زانین و ئاگایی و دانایی...

کە وایە وێژدان یانی خۆئاگایی، خۆدانایی، خۆزانایی.
وشەی وێژدان وشەیەکی پڕ مانا و مەفهومی زمانی کوردییە کە عەرەبەکان عەرەباندویانە و کردوویانە بە وجدان و فارسیش لەوانەو وەریان گرتووە و لە نووسراوەکاندا هەر وجدان دەنووسن، بەڵام لە ئاخاوتنی زارەکیدا وژدان بێژ دەکەن و دەڵێن :وژدانەن...
کارکردی وێژدان لە سەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ ئەوەندە کارسازە و پیرۆزیشە کە هەمووان خۆیان بە خاوەن وێژدان دەزانن چ ئەوی هەیەتی و چ ئەوەی نییەتی، بۆ سەلماندنی ئەم وتەیەم ئەوەندە بەس بە کەسێک بڵێی، بێوێژدان، هەتا کابرا هەڵبەزێتەوەو بەرۆکت بگرێت و هەتا داوای لێبووردنی لێی نەکەی دەستبەردارت نابێ،
وێژدان هاوارێکی دەروونی، زایەڵەی زەنگێکی وشیارکەرەوەی ناخی مرۆڤە، کە کاتێ بیرۆکەیەک یان پلانێکی دژە داب و نەریت و گرێبەستەکانی کۆمەڵگا دادەرێژی و ئەتەوێ بیخەیتە بواری جێبەجێکردنەوە لێت وە دەنگ دێت و ئەگوڕنێتە سەردا کە کاری نەشیاوە مەیکە، مەیکەتاوانە...دەست ڕاگرە...
خۆ ئەگەر گوێچکەی دڵ ئەو ڕاسپاردەییەی بە هەند وەرگرت و پاشگەز بوویەوە، ئەوە خاوەن وێژدانیت و دەبێت بە خۆت کە ئەو تایبەتمەندییەت هەیە شانازی بەکەیت، ئەگەریش گوێت لە هاوار و زریکەو ئاژیری خەتەرە و بقەیە و نەشیاوە مەیکەی وێژدانت کپ کرد و خستە پشت گوێ ئەوە کەسایەتییەکی بێوژدانیت و دەبێت خۆت چارەسەر بکەیت چۆن خاوەن دەروونێکی ناپەروەردە و ناتێگەیشتووی!
خاوەن وێژدانی بێدار، ڕەوشت پاکە، زمانشیرینە، کردەوە جوانە و جوانپەرەستە و تێکەڵە لە تەک ڕاستیی و سروشت و دوورە لە خوو و خدەی ناجوانمێرانە.

ئەگەر چی وێژدان بەشێکی فەرهەنگ و داب و نەریتە و لە ژێر کارکردی بارودۆخی کۆمەڵگە، بنەماڵە، هاوڕێ، ڕاگەیەنەرە گشتییەکان، دەزگا زەبەلاحەکانی پڕۆپاگاندەکان، باری ماڵیی و ڕامیاریی و زۆر فاکتەری دیکەدایە، بەو حاڵەوە هیچ لە ئەرکی سەر شانی کەسەکان کەم ناکاتەوە ئەگەر خویان دەربەست نەبن بە گوێدانی وێژدان... بانگی وێژدان خۆشترین زایەڵەی ژیانی مرۆڤە...

## جێژنی بێڵندانە



سەردەشت. ئیبراهیم ئەمینی "مەتین"



پێناسە، فەلسەفە و حیکمەتی بێڵندانە.
بێڵندانە وەک یەکێک لە جێژنە لە مێژینە کانی گەلی کورد، خاوەن مێژوویەکی دێرینە. مێژوویەک بە درێژایی مێژووی بێڵ. ئەو ئەمرازە سادە و دەستکردە،کە لە دار داتاشراوە و هیچ کەل و پەلی تری تێدا بە کار نەهاتووە و مرۆڤ لە ژیانیدا بۆ زۆر کار و ئیشان کەلکی لێ وەرگرتووە. بە هۆی زاراوەی وشەکە "بێڵن دانا" دەری دەخات کە سەرچاوەکەی مەڵبەندی سۆران نشینی کوردستانە و لە ناو ناخی ناوچەی سوێسنایەتی سەر بە قەزای سەردەشت لە ڕۆژهەلاتی کوردستان سەری هەڵداوە و لە دایک بووە.گووندی بێورانی خوارێش وەک بنکەی سوێسنایەتی، خاوەنداری کردووە.
بەڵگەی هەرە بەهێزیش بۆ ڕاستی و درووستی بابەتەکەش تەنیا گەڕانەوە بۆ ناو ناخی ناوەکەیە. چوونکە بۆ دانانی بێڵ، تەنیا لەو ناوچەیە، ئەم وشەیە دێتە ئاخاوتن و لە هیچ شوێنی تری کوردستان، دانانی بێڵ بە بێڵندانە ویژە ناکرێ. "بێڵن هەڵگرت، چان خواردەوە، نانن خوارد، ڕەزن بری، شایین کرد، ماڵن ساز کرد...."
٢ –فەلسەفە و حیکمەتی ئەم جێژنە
بە هۆی ئەوەی کە کوردستان، بەشی هەرە زۆری خاکەکەی، شاخ و کێوە. واتا کوێستانییە. لە بواری هەڵکەوتەشدا لە ناو کەش و هەوای بارانی و بەفریدا هەڵکەوتووە. زستانانی زۆر بەفرگرە و سەرماو سۆڵەیەکی زۆر بە هێز باڵی بە سەردا دەگرێ و لەم وەرزەدا هەمیشە تووشی ئاستەنگی ڕێگاوبان گرتن دێت و دەبێتە هۆی دابڕانی هاتووچۆ، خەڵکی بە گشتی لە ناو ماڵ نیشتەجێ دەکات. هەر بۆیە ئەم هەل و مەرجە نەخوازراوە، دەبێتە هۆکاری تەواو بوون، یان بەرەو تەوان بوونی هەموو ئەو خواردەمەنیانەی کە لە وەرزی پاییزدا هەڵدەگیران، چ بۆ خواردنی خۆیان، یان ئاژەڵ و پەلەوەر.
بۆیە خەڵکی بە گشتی ورەیان بەر دەدا، کاتێک کە دەیان بینی لە نیوەی زستاندا خەریکە تووشی نەبوونی و قات و قڕی دێن. لە حاڵێکدا کە هێشتا مانگ و نیویێک زستان ماوە، واتە نیوەی وەرزەکە.
بۆیە شارەزایان، فیلسۆفان و حەکیمانی خاوەن زانستن و بیرۆکەی ئەو دەمی کوردەواری ئەو ناوچەیە، بۆ گەڕانەوەی "ورە و ئیرادە" دێن لە ناو جەرگەی ئەم وەرزە تۆقێنەرە و تووفانییە دا، کە زەوی هاخندراو بە بەفرە و سەرماو سۆڵە وشکی کردووە، وەها خۆڵقاندنێکی مووبارک و زانستیانە و دەروون ناسانە دێننە دیی و جێژنی بێڵندنە دادەنێن.
تاکو ورە بدنەوە بە کۆمەڵگا و زیندوو کەنەوە ئیرادەی نەداران و جێگیر کەنەوە دڵ ئاوایی خاوەن پێداوان. بۆوەی هەموویان بە یەکەوە، بە بزە و پێکەنین و شادیی دەربڕین، نیوە ماوەکەی زستان تێ پەڕ کەن.



## وشە ونبووەکان

ڕەحیمخان. نادرمستەفازادە

دەڵێن لە ڕۆژگارانی کۆن خەڵکانێک دەژیان، کە دوو وشەیان لێ ون ببوو، دو وشەی تایبەت کە بناغە داڕێژی خۆشی ژیان بوون، یانی "خۆشم دەوێ"

شەو و ڕۆژ خەڵک لە شەقام و کۆڵان دەگەڕان و بە تاسەوە دەیانڕوانێ یەک و بێدەنگ بەلای یەکدا تێپەڕدەبوون.
کەس نەیدەزانی بڵێ چی و چۆن هەستیان لە لای یەک دەڕ برن،هەموو بە سەر سوڕماوی و تاساوی دەهاتن و دەچوون، گشتی دەیانزانی شتێکیان کەمە و هەرچی دەگەڕان و بیریان لێ دەکردەوە کەس هیچی نەدەهاتەوە بیر
دەتکوت:ئەو وشانە ئەفسانەیەک بوون و چەندها ساڵ لەوە پێش نەماون و لە یادان دا چونەتە دەرێ، خەڵک هەر وا بێ مەبەست لە گەڵ یەکتر دەدون و وتو وێژیان دەکرد.
تاکوو ڕۆژێ کیژ و لاوێکی تازە پێگەیشتوو یەکتریان خۆش ویست بوون بە ئەویندار ی یەک،بەڵام ئەوانیش نەیاندەزانی چۆن هەستی دەروونیان دەربڕن و بیدرکێنن، ماوەیەک بەو چەشنە تێپەڕی،تا دەستی چارەنووس لێکی جیا کردن و پاش ماوەیەک کە بە یەک گەیشتنەوە و یەکتریان دیتەوە لە پێستی خۆیان جێگایان نەدەبۆوە،تا ئەوەی کوڕە لە خۆشیان بە دوو سێ جار لاڵەپەتەیی و پرتەپرت کوتی:عەزیزم خۆشم دەوێ، زیاتر لە گیانم...
خەڵک بە بیستنی ئەو وشانە کەوتنە شادی و سەما و پێکەنین و تێکڕا کوتیان، دیتمانەوە، دیتمانەوە... خۆشم دەوێ، خۆشم دەوێ ... ئەو وشە پیرۆزانەی کە لێی دەگەڕاین، دیتمانەوە.
وە بۆ ڕێز گرتن لەو ساتە خۆشە کچ و کوڕەیان بە یەک گەیاند و چەند ڕۆژجێژن و شاییان کرد و ئەو ڕۆژەیان وەکوو جێژنێکی گەورەی خۆشەویستی نێو ناو و هەموو ساڵێ بۆ ساڵیادی جێژنیان گرتەوە و شادییان کرد و خۆشەویستییان بە سەر یەک دا بەش کرد و هەتا ئێستاش ڕێز لەو وشانە دەگرن و ناویان لە لایان پیرۆزە....

## تەریب



بانە. ئاودێر

ماوەیەکە
تریفە چاو لە تۆ دەکا و
لە گۆماوی خەیاڵم
شەپۆڵ ئەدا ورد ورد
بۆیە شێعرم
چواردەی رووتە و
هیلالیە کیژی کورد

## پشکۆ

پشکۆیەکی
دڵ بە زام و
سوور هەڵگەڕاو
لەسەر سنگی ساردی زەویی
بەرەو کانی ئەتلایەوە
وڵامی دارستانە داپلۆخاوەکەی
بە دڵ ساردی ئەدایەوە
دەڕۆم تاکوو
سەرچاوەیەک بدۆزمەوە
مێژووی سەوزی باپیرانم
بە دەستی خۆم بنووسمەوە

## خەون



بانە. حسێن بەگ

هەر کاتێ تۆ دێیتە خەوم
رووومحی وەک هەڵۆی بەرزەفڕ
ئەچێتەوە،بۆ کانی قوڕ
ئەچێتە، سەر ئەستێرەکە
تێر تەماشای باڵات ئەکا..
هەر کاتێ کە دێیتە خەوم
لە بەری رەزی ئەت بینم
ئەو گوڵە، هێرۆیەت، پێیە
کە داتنابوو لەو سەرڕێیە
لێت نووسیبوو خۆشم ئەوێ
ئێستاش،ئەو وشەم لە گوێیە
هەر کاتێ تۆ دێیتە خەوم
رووومحی ئەبێتە باران و
بە سەر جەستەتا ئەبارێ
منیش بە شوێن پێتا وێڵم
تا ئاورێکم لێبەیتەوە
بەزەردە خەنەی سەر لێوت
گش گیانم،ئەحەسێتەوە
هەر کاتێ کە دێیتە خەوم
رووومحی پەپوولە ئاسایی
موژدەی هاتنی،تۆ دێنێ
تێکەڵ بەڕووحی تۆم دەکاو
لە تەنیایی دەرم دێنێ
هەر کاتێکی دێیتە خەوم
لە ڕۆژ مێری سەر مێزەکەم
یەک بەرگیشی لێ نادرێنم
خۆشم ئەوێ تادەمێنم



## لەگەڵ حەزرەتی " نالی " دا

هەولێر. سەعدوڵڵا نووری "هاوڕێ"

بۆجوانی تۆ من وام لەم شوێنە قوربان
دیلی تۆم و ڕوحمێ بنوێنە قوربان
بەتیشکی ڕووت بەس بمسووتێنە قوربان
" کە تۆ قیبلەی دەمت سا بێنە قوربان
لەسەر قوبلە دڵم مەشکێنە قوربان "

هۆشت بردووم بەدوو چاوی سیحراویت
مەفرۆشە پێم شەڕ، بۆ هێندە شەڕاویت
وەکو ڕاوکەرلە بۆ گیانم لە ڕاویت
" وەرە بنواڕە دوو دەستی خەناویت
خەناوی چی هەمووی هەر خوێنە قوربان "

لە تاو دەنگی گریانم ئەم زەمینە
کەوتۆتە لەرزە دونیا گشت لە شینە
چونکە ئەشکی دیدەم گەلێ بە تینە
" لە ئاوی چاوی مندا خۆت ببینە
لە باتی مەنزەرەو ئاوێنە قوربان "

هوزار نیم دڵ عەشقی گوڵی لێدابێ
مەگەر تیری ئازاری تۆ لێیدابێ
دەنا نییە نەختێ شادی تێدابێ
" ئەگەر دڵ غەیری حوبی تۆی تێدابێ
بە دەستی خۆت دڵم دەربێنە قوربان "

کاتێ بینیم لێو خرۆشانی ماچە
سەری کوڵمی گەشی نیشانی ماچە
وتم بچم دڵ پەرێشانی ماچە
" لە بۆ خەڵقی خەڵات پەخشانی ماچە
خەڵاتی من هەموو هەر جوێنە قوربان "

سوپای موژگانت بۆچی وازناهێنێ
گوڵی هیوام بێ پایز دەوەرێنێ
دڵی "هاوڕێ" لە سای تۆیە دەمێنێ
" فتووری چاوەکانت نانوێنێ
بە "نالی" فیتنە بەس بنوێنە قوربان "

## گەلی ئازا لە گەڵ ماموستا ئەحمەد موختاری جاف



پاوە، مۆمن یەزدانبەخش

گەلی ئـازا وەرن مەیدان وەڵاتم چاوەڕێتانە
هەتا کەی سەر کز و عـاجز دەسەو داوێنی بێگانە
بەرەو پێشکەوتن و سەنعەت هەڵی کەن قۆڵی مەردانە
"لە خەو هەستن دەرەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهێدی فەزڵ و هونەرتانە"

کلیدی قـوفڵی ئـازادی فرێ دانە نیفاقی شـووم
بەسە ئیتر دواکەوتن لە زانایی ببین مەحرووم
لە بۆ فەتحی قەڵای زانین ڕێی سەرکەوتن بکەن مەعلووم
"دەسا تێ کۆشن ئەی قەومی نەجیبی بیکەسی مەزڵووم
بە گورجی بیبڕن ئەو ڕێگە دوورە وا لەبەرتانە"

وتـاری گەوهەری سالم هەتا گۆران و هێمن تان
لە بۆ دەفعی بەڵا یاران بکەن ملـوانی گەردنتان
لە سایەی عیلم و زانایی ئەبێ ئاوا جێگەو شوێنتان
"بخوێنن چوونکە خوێندن بۆ دفاعی تێغی دوژمنتان
هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سپەرتانە"

مەهێڵن با لەمە زیاتر نەبێ وێرانە و مەخرووبە
وەڵاتم کەن بە زانستگا لـە بۆ زانایی مەرغووبە
تەواشای کەن چەنێ جوان و ناز و مەجزووبە
"بە خۆڕایی لەدەستی بەرمەدەن ئەم خاکە محبووبە
کە تۆزی وەک جەواهیر سورمە و کوحلی بەسەرتانە"

وەکوو نالی چ خۆش فەرمووی لە سەر ئەم دێڕە زێڕینە
خەمی خۆمان ئەبـێ خۆمان بخۆین مەردانە کوردینە
بە دەستی خۆم نیـە وەڵڵا لە لام زۆر جـوان و شیرینە
"بـە سەر خاکا ئەگەر نازیش بکەن حەققتانە کوردینە
تەماشای سێبەری ئەو شاخ و کێوە وا لە سەرتانە"

هەموو کاتێ وە بانگی خۆش لە نێو خاکی وەڵات بچرن
بڵێن خۆشی ئەویستی ئەو دەمێکیش بـۆ مـن بگرن
لە باتی من وەکوو بولبول لە سەر دار و چڵی بفڕن
"بەبێ قەدری بە سەریا ڕامەبوورن حورمەتی بگرن
گوڵاڵە سوورەی ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتانە"

کەسی هێژا سپای زانین لە بۆ سەرکەوتنت سەهلە
ئەخا دوژمن لە سەر ڕێگەت لە مەیدانا ئەوڵ وەهلە
بە پیلانی عەدووی غەددار بە دەس زۆرداری نا ئەهلە
"دەمێکە ئەم وەڵاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە
لە سایەی عیلمەوە ئەمڕۆ ئیتر نەوبەی زەفەرتانە"

لە بۆ چارەی نەخۆشی گەل برۆ "مۆمن" بە شوێن عیللەت
وەڵاتم عیززەتی ئەیوێ برایان بیگرن حورمەت
تەماشای کەن لە داوێنی نیشانی مەزهەری عیفەت
"زەمانی حاڵی "ئەحمەد" هەر ئەڵێ وریا بن ئەی میللەت
بزانن بەردی ئەم شاخانە ئەڵماس و گەوهەرتانە"



## شرۆڤەی پەندی پێشینیان

سەعدەدین خوسرەوی ـ بۆکان

زاڵبوون بەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی ژیاندا، پێویستی بە سەبر و خۆڕاگری و چاونەترسی و...هەیە. کەس بە ئاسانی ژینی بۆ نەلواوە. مێژوو هەرکات باسی سەرکەوتنێ دەکا، حەتمەن کەوتنیش لە پاشکۆی دیارە.

پێشینیانی ئێمە پێمان دەڵێن: قایمی ودایمی سەرکەوتنێ جێگەی متمانە و ئەرخەیانیە، کە بە ئەزموونی هەڵسوکەوتی زیاتر وەدست هاتبێ.

ئەمە ڕاوێژی سووڕی ژیانە، تا بیرۆکەی بۆچوون و بەدیهێنانت نەبێ، یا شوێن هەڵگری شوێنەوارێک نەبێت، یا لە دووی ئامانجێ نەگەڕێی و بۆی ماندوو نەبی، وەدستت ناکەوێ.

واتا: مرۆڤ بۆ بەتوانابوون و ڕاهاتن بە سەر ڕەوتی ژیاندا لە پێناو بەدەستهێنانی بژیو و ئاوات و ئامانج و پێگەیشتن و... لە بەرهەڵست، داوەڵ، ئێش و ئازار دەبێ بە پارێزەوە سڵنەکا و نەبەزێ. کەوتن بکا بە هەل و ئەزموون بۆ خارابوون و شارەزایی...

دەبێ لە بواری ڕەوتی ژیان بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانمان، چاوەڕوانی شتی نەویست و نەخوازراویش بین. بەڵام لە بیرنەکەین، دەتوانین! بە هەوڵدان و نەوەستان و نەترسان، بەسەر ئەم زەختانەدا زاڵ بین....

سوار تا نەگلێ نابێ بەسوار!

ژیان لە هەموو قۆناغەکانیدا"لە منالیەوە هەتا پیری" بۆ هەمووان پڕە لەکەوتن و هەستان و خۆشی و ناخۆشی و... مرۆڤ کاتی لە سەرەتای ڕەوتی ژیاندا، تەنگژە و تەگەرە دێتە سەرڕێگەی یا تووشی ئازار و نەبوونی و نەهاتی و نەتوانی وکەوتن و... دەبێ، بۆی مەترسیدارە و بە پەرۆشی ژیانی دێتە بەرچاو. بەڵام ئەگەر ئەم هەرامانە چەندجار دووپات بووەوە، وردە وردە"سەوادی دەبێتەوە"، بەرز ونزمێەکان باشتر دەناسێ، ڕووداوەکان بۆی ئاسایی دەبێ و لە گەڵیان هەڵدەکا و ڕادێ...

واباشە، زوو زوو ئەم پەندە پرمانایەی پێشینیان وەبیر خۆمان بهێنینەوە. بە تایبەت، وەک وانەی پێویست بۆمناڵەکانمانی بگێڕینەوە، با بیکەن بە ئەزموون و لە کەوتن نەترسن و لە پێناو تەقەلای سەرکەوتن، نەوەستن...

هەر کات گەڕی ژین گەڕا نالە بار
مەترسە گیانە لە ئێش و ئازار
ئەم پەندە بەرزە، بکە بە مژار
سوار هەتا نەگلێ، قەت نابێ بە سوار

### کاریکاتۆر




### بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قوڕەیشی






گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی لاو



## چاوەڕێ

پیرانشار. سەعدی عەباسی

سەردەمێکی چاوەڕێ بووم یاری جارانم نەهات
گوێ لەمستی دەنگی پێ بووم ڕاحەتی گیانم نەهات
من هەموو ڕۆژێ میجازی عیشقەکەم نوێ کردەوە
ئەو هەموو جارێ شکاندی و پێ بە پەیمانم نەهات
پێم کەگووت ئارامی گیانم تۆی شفای ئازاری دڵ
ئەو بزەی هاتێ و گوزەر بوو، دەرد و دەرمانم نەهات
سیس ببوو غونچەی ژیانم، سێسنم نەیدا چرۆ
تێپەڕی گوڵزاری عومرم، مێرگ و خەرمانم نەهات
کوون کوونە جەرگ و هەناوی من لەدووری دیدەمەست
چەشنی زولف و بسکی خاوی حاڵ پەرێشانم نەهات
من کە دائیم هەر خەیاڵی ماچی یاری خۆم ئەکرد
بێ لوتف بوو یارەکەم قەت شەو لەجێژوانم نەهات
وەک "وەفایی" "سەعدیا" تۆش هەر بناڵێنە و بڵێ
"ئەلئەمان سەرتاقەدەم سووتام و جانانم نەهات"



## دڵی ناسک

مەهاباد ڕەحیم خزری"خۆشناو"

چەندەم پێ وتی: دڵم ناسکە
وریا بە وریا، نەیشکێنی!
نەکا بە قسەی شۆفار بکەی،
بیڕووشێنی!
خوانەخواستە
خەتی سووری پێدا بێنی!
ئێستا ئەوینت لە دڵمدا
نە سەری ماوە، نە سەودا
بۆ دوورین و پینە کردن
نە دەرزی هەیە و نە هەودا

❋❋

بانەکەم ئەی شاری جوان و دڵرفێن
خەمرەوێنە ئاربەباکەت، خەمرەوێن
وا لە داوێنت دەکەن پیاسەی ئەوین
لاوی جوان و کیژی شۆخی چاو شەهێن



## کەسی ئازادی چیرۆکم

سەردەشت.گۆمان.

سمایل وەتمانزادە"خەیاڵی"

هەڵەنگوت چاوی جوان بینم تەکاندت دڵ بە سەرسامی
هەژاندی ئەستونی هەستم تەقاندی کانی ئارامی

پەژارەی دڵپڕی شێوا، بە گێژ دڵخورپەدا ڕۆچوون
تەڕی کرد جامی بێزاری شەڕابی چێژی ئەندامی

لە نازی بەرهەمت دەتکێ هەزو خولیایی دڵخوازی
ئەتۆم سەرڕێژ، لە دانعەمری تکاندم چۆڕی نافامی!

ئەرێ جوانی ژمارەت چەند؟ لە بۆ دیدار و پەیوەندی
بە بێ دەرفەت لە جێ ژوانگە، کە ناچاری تەلەگرامی

وەکەم داخلەی نەهێنی و ڕاز دەدەی دەرفەت خوداکەی ناز
ببەم کرنووش لە بۆ جوانی وەکە باوەش کە دەرگامی

دەبێ چۆن بێ بڵێم دەردم دڵی شەیدا، دەکا یادت
نەڵێم خۆشم دەوێی سەختە، ئەگەر دووری، ئەگەر لامی

دەڵێ چاوت بەسەرهاتێ دەبێ خۆم بەردەوام بم لێی
کەسی ئازادی چیرۆکم، لە ڕۆڵی هزر و خولیامی

دەبێ چی بێ کە دیکتاتۆر لە غەیری دڵ نەبێ جێگای
سەرۆک ڕێگر ولاتی دڵ، ئەتۆ یوئێنی ئالامی

نەما برواو بە حیزب و چەک تەواو پیرۆزییان توور دا
لە دووی دۆڕان و سەرشۆڕی، تۆ نیشتیمانی، پاشامی

بەبێ بڕیار بێیە ژوان و هاونیشتیمان ولاتت بم
لە سەر سوانە جوتێ سەر بەست، بەسە شۆڕش بە ناکامی!

دڵم ئاگات لە نامەردان، نەبێ کاریگەرییان لێت
ئەوان ماڵی دەکەن تۆران، نەکەن ئاسکی منیش ڕامی

دەترسم هەستی سەربەستیم بە یەخدانی ئەوان داچێ
وشەی چنراوی داوێنت، ئەوان بێن پڕ بکەن جامی



## شارل بودلر



وەرگێڕان لە فارسیەوە : پەری خدری ـ بانە

هەمووکاتێک دەبێ مەست بیت
تەنیا شتێک کە گرینگە
و تەنیا، کێشە ئەمەیە
ئەگەر ناتەوێ هەست بە
قورسایی ترسێنەری باری ڕۆژگار بکەی؛
کە شانتی شکاندووە
و پشتت دەچەمێنێ،
ئەبێ بێ وەستان خۆت مەست کەی.

بەڵام مەست لە چی!؟
لە شەراب، لە شێعر، لە چاکە
لە هەر شتێک کە خۆشت دەوێ
تەنیا دەبێ خۆت مەست کەی.

ئەگەر لە شوێنێکدا
لەسەر، پلەی کۆشکێک،
یان لەسەر سەوزایی دۆڵێک،
یان لە تەنیایی خەمگینی ژوورەکەتدا
بێدار بوویتەوە،
زانیت کە مەستیت کەم بووەتەوە
یان بەتەواوی لەسەرت دەرچووە،

لە با، لە شەپۆل، لە ئەستێرە، لە باڵندە
لە هەر شتێک کە هەڵدێت
لە هەر شتێک کە ئاخ هەدەکێشێ
لە هەر شتێک کە دەدوێ،
لە هەموویان پرسیار بکە ئێستا کاتی چییە!؟

ئەوجا با، شەپۆل، ئەستێرە، کاتژمێر، هەموویان پێت دەڵێن :
کاتی ئەوەیە کە خۆت مەست کەی.

کە وابوو
ئەگەر ناتەوێ ببیتە
کۆیلەی چەوسێندراوی ڕۆژگار،
خۆت مەست بکە؛
هەمووکاتێک خۆت مەست بکە!
لە شەراب، لە شێعر، لە چاکە
لە هەر شتێک کە خۆشت دەوێ...!

## سـۆما



کامێران. سۆما یووسفی

دێمەوە
پێش هەڵاتنی خۆر لە سەر کەڵکەپاساری نیگات
تاکوو تاقی برۆت لە ئامێزی لێومدا بشارمەوە
دێمەوە
ئێوارەیەکی پاییز
لە ڕێگای هەڵوەراوی ڕەنگەکان
زەردی نیگات دەنێژم لە قووڵایی دڵمەوە
دێـمەوە
من و نم نمەی باران
لە بەرەبەیانی دزراوی منداڵیم
ژێر چەتری خەمۆکی
تۆ و دەستت دەرفێنین
بۆ بەر دەرگای یەکەمین عەشق دا
دێـمەوە
زستان لە جانتاکەم دیل دەکەم
تا تۆ
لە هێڵی سووری یەکەم سنوور
کزەی سەرما
جەستەی مەستت لەگەڵ خۆی نەبات
دێمەوە
تا یەکەم پیاڵەی شەراب
لە کانیاوی چاوتا بنۆشم
دێمەوە
تۆ لە بەهاری یەکەم گوڵەهێرۆ
لەگەڵ جلی خەونەکانت
تارای سووری ئەوین

## خۆشەویستی



بۆکان. سەرباغچە. موحەمەد ڕەزا
خەلیل بەیگی" بروا کوردستانی "
دەبێ کابەی جەماڵی رووت تەواف کەم
دەبێ دڵ بۆ ئەوینت  سینە ساف کەم
چە خۆش عەشقێک تەژی سۆز و بەڵێن بێ
دەبێ باڵات بە شێعرم نوون و کاف کەم
لە حوجرەی خۆشەویستی وانە خوێنم
دەبێ بووکی ئەوین کەی دابەزێنم
بەهار بێ سەوزە کوانێ تام و بۆنی
چرۆی سۆزت بەهاری دڵ ڕەفێنم



ئیلام. دێلۆڕان. زێنەب فەڕزی

ایێ بائیەک لێویایە ۆحاڵ منە تۆو داڕ
پنگ دایێە لفوۆ اژ کوۆمە چوۆ تا دڵ زم داڕ
سوزیایمە ئو دێ نییکڕم اژ تش دڕینم
لێز نێرم ئو خاپۆرە کرم اژ دس شۆوگار
ای داخ زخاڵە ک توۆ نایێنە اڵ دلمۆو چێین
چێ دیێلە فانۆوس ک سڕ دایێە و دیواڕ
بایێد بورڕم پای تو ئە ژ دیرەبم ئە ال بار
بلکم بۆرڕم یایە تۆ اژ ایێ سر بێمار
ئی عشقە کە هی دەم دئی ئە ژە درد گررونە
خوەم دییمە کە من ڕێە دڵم جای دم مار

کم بش ۆ خۆودا ڕاس اشم گرڕد دڵ تۆ
باوۆڕ نێکرڕم ایێ قصلە روزی ەزاڕ باڕ
بایێد بکرڕم ۆ ە ڕ تو یە کاڕ دێاریێ
اژ ڕیشە دراڕم دڵمۆو سر ۆ ە سڕ داڕ

شعر کوردی با گویش کردی پەلە ی

## دایە



بانە. زیوەر عەبدووڵڵاهی

پێم بڵێ دایە ئەمن چۆن وەسفی جوانی تۆ بکەم
ناکرێ قەت باسی سۆز و میهرەبانی تۆ بکەم
چاوی جوانت بۆنی خۆشت باوەشی گەرم وگوڕت
دەستی بەخشەندەت دڵی گەورەت هەناسەی وەک گوڵت
لاڵم و هەرگیز بەجوانی سۆزی تۆم نایەتە باس
چووکە بۆت شێعری کلۆڵم گیانەکەم ماندوونەناس
بە بەرینی دەشت و سارا یان بڵیندی ئاسمان
من بەچی پێوانەکەم ئەشق و ئەوینت دایە گیان
دەگ بەقوربانی خوا بم دایکی خوڵقاندوە
گشت مرۆڤی سەر زەوی بە دەنگی ئەو لاواندوە
گوڵ بە بۆنی دڵ بەهەستی ژین بە دایک دێ بەدی
خوا یەکە دایک یەکە ئەشق و ئەوین بەو دێتە دی
یاڕەبی هەرخوت بدەی پاداش تەواوی دایکەکان
بە لەشی ساغ لەم جیهانەو بە بەهەشتت لەو جیهان



**ئەی گۆڕێنەری ڕۆژ و مانگ و ساڵ ئاڵووگۆڕ بێ تۆ مەحاڵە مەحاڵ**

ساحێب. دەریا ئازەرپوور

"هەمیشە بیرت بێت وەها بژی،کە کۆتا ساتی ژیانتە"
وەرن با بە ڕوانگەییکی کە لە ژیان بڕوانین.
ژیان واتا ئەو چرکە ساتەی ئێستا تێیدا دەژین
نەک دوێنێ و نەک سبەی.

وەرن ئەمڕۆ بە هەموو هێزمانەوە لە چرکەساتەکان کەڵک وەر بگرین، با فێربین ئەمڕۆ نەکەین بە قوربانی بەڵکوو بیکەین بە دیاریێک بۆ ژیانی داهاتوو، کە گەر ڕۆژێک بیری ئەمڕۆ کەوتینەوە نەڵێین خۆزگەی وامان کردبا و بریا ئەوەمان نەکردبا و زۆر شتیتری لەو شێوەیە....

وەرن لەوەی هەمانە چێژ وەربگرین و لەوەیشی نیمانە و گەر ئەتوانین بە دەستی بێنین هەوڵی بۆ بدەین، گەر لە توانای ئێمەشا نیە وێڵیبکەین....

بەڵام هەمیشە بیرت بێت تۆ ئەتوانی ئەوەی لە نێو مێشکتدایە بەدی بێنی، بەس تۆزقاڵێک هەوڵی دەوێ.

"کەس بە ڕێگاکەی تۆدا ناڕوات،خۆت نەبێت"

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



سەردەشت. هێمن تەنیا

چونە ناو خەیاڵی من
کێ دەزانێ هۆکەی چییە؟
هێندێک دەڵێن ماڵی دنیا
هێندێکیش دەڵێن پیرییە
هێندێکیان بە بێ خەیاڵی
سەیرم دەکەن و هیچ ناڵێن
هێندێک دەڵێن یادی کەسێک
خەفەت مەخۆ چۆن کاتییە
بەڵام کەس نەهات بۆ جارێک
لە خۆم بپرسێت هۆکارەکەی
منیش وڵامیان دەمەوە
بڵێم هیچیان وەڕەزییە...
وەڕەزی لە هەناسەکان
وەڕەزی لە گشت کاتەکان
وەرەز لە خۆم و ژیانم
ئەو ژیانەی کەوا یارییە
وەرەز لە هەنگاو و ڕۆیشتن
لە کۆیلەتی گیان و رووحم
وەرەز لە خەفەت و مەراق
لە داهاتوو کە روون نییە
بۆ جارێک کەسێک نەیپرسی
نوسینت بۆ وا غەمبارن
تۆ کە بە رواڵەت زیندووی
ئەی باسی مەرگت لە چییە؟
کەسێک نەیپرسی هێمن بۆ
ناس ناوی تەنیات هەڵبژارد
بۆچی ناوت ئاوات نەبوو
ناسناوت بۆ دڵدار نییە؟

## ژینگەی بێ ژین



سەردەشت. جەعفەر شەمام"هەڵوێست"

لە کزی داوە وزەی هەست و لەشم
منی مردووڵە کە وەک نەبم و هەشم
بیری یاڵ و دەوەنم هاتەوە بیر
بزە لەو ژینگەیە گەر بێتەوە گیر
ملی ڕێم گرتە بەری دۆڵ و نشێو
کە ببێوم بەری هەرد و سەری کێو
دیمەنێکم کە دەدی داخە لە من
ڕەز و پەرژین و قەڵا و باخچە جەمن
پەلەوەر دەنگی شەقەی باڵی نەما
قەفی ئەو کێوە کەبێ دارە چەما
لە قەدی یاڵەوە نەم دی دەوەنێ
کە سەرو پرچ و لەشی خۆ بوەنێ
دەوەن و دارە شەکین بێ ئەسەرن
ئەوە مایەی خەم و دەرد و کەسەرن
خەفەتم چەندە لەوێ بوو بەهەزار
چ ببینم لە گەلی دار و نزار
پەل و پۆ شکاو و قەدی نیوە براو
ریشە داماو و کز و دوورە لە ئاو
وتی پێم: لا لە پەنای دار و دەوەن
خەم و ئازاری لەشی ئێمە لە وەن
قەدی دار و دەوەنی دوور و بەرن
هەمو جێ تەوری نەوەی جاشەکەرن
وەرە بروانە قەدی قەڵت و برن
ڕەگ و ریشەن بەشی تەندوور و گڕن
زەوی ئێستا ڕەقەنە و ئاوی نییە
بیری بیر کەندنە گەر کانی نییە
وەدەزانن کە نزار بێ سەمەرن
دەردی دەرمانی بەشەر داری بەرن
نەفەسی پاکی زەویتان لە مەیە
کە نەبین ژین و بە ژان و گەمەیە
کە نەبین چۆن ڕەز و بۆ دێتە بەرێ
بزە لەو لێوە چلۆن دێتە سەرێ
کە نەبێ بەرهەمی ساکاری لەشن
بە بەڵا و دەردە ژیان چارە ڕەشن
بەگەزۆ و پەلکەگەڵان فێرە مرۆ
کەچی بەو تەورەوە دێ کاتی چرۆ
لە بەروو بگرە هەتا دارەبەنان
هەموو بۆو میللەتە هەر پشتو پەنان
بەسە بەس ببڕە بسووتێنە پەلم
کە نیشانەی دیمەنی جوانی کەلم
چەقەنەی لێمەدە بۆ فیتی نەیار
ئەوە ملکێکە بەشی خەڵکی هەژار
دیمەنی جوانی وەڵات بەمنەوەیە
بە چی لێم حاڵی دەبێ ئەم نەوەیە



سەقز. کارۆ مروەتی

١

یەک بە یەکی تاڵەکانی پرچت
دەکەم بە هێڵیی مۆسیقا و
دەزەی نیگاکانیشمان
بەنۆت
ئەزانم لە حەوت تێدەپەڕێ
بەڵام
بە شێعر ناوی تری بۆ دادەنێین....

٢

"با"
بە ڕەچەڵەک کوردە بۆیە
تەنیاو بێ وڵات
ئاوارەیە

٣

سەر ڕێژم لە تەنیایی
سارێژم کە بە تەنیایی

٤

تەمەن لە پێش،
ئەم چراسووردەدا
ڕێبوارێکە و...
ماتڵ بوونیش
بە دەم ڕێگەیەکەوە
باوێشک دەدات



## دایە

سەردەشت. خەمبار

حەزت چۆن دەر دەچێ لە دڵم بەقوربانت دەبم دایە
نە پێنووس تێدەگا بەرزیت گەروو هەر دەنگی دەر نایە
چلۆن وەسفت بکەم  ئاخر کە لاڵن هەر دوو لای ناڵین
ئەوەندەی تاسەباری تۆم لە چەشنی قەیس و لەیلایە
لە ژان و کوڵ زیاتر چی بەدی کا عاشقی شەیدا
لە بەر تووزوی سڕ و بێ تام چ قیژە و دەنگی دەر نایە
ئەوین تیژتر لە شمشێری بوڕندەی دوو شەڕەف خوازە
ئەوەی بیباتەوە شادە و ئەوەی تر تازە ڕیسوایە
ئەوەی دۆڕاوە هەر ئەمنم دەسا ئەی دایکی شیرینم
تەماشای بەژنی پێناسەم هەتا چەن کوورتە باڵایە
فەلەک ڕەببی شکێ دەستت بە وێرانیت بەدی کەم من
ژیانێک کورت و ناچیزە ڕەگی بەختی مە بۆ وایە
ئەوەی جارێکی بیدیبێت ئەوین و عاشقی گوڵ بێ
دەزانێ عەشقی دایە گیان کەمێ کەمتر لە وەڵڵەیە
چەم و سەرچاوەکەی ژیم ببووێ گەرکوو ڕەنجابێ
لەمن چوون مات و داماوم بە وڵڵە چیم لە دەست نایە
بڵێم چی چووی لە دەستم ئەی فریشەی پاکی یەزدانی
دڵم خەمبارە هەردەم بۆت دوو دیدەم چەشنی دەریایە
چ کاتێ پڕ لە بەدبەختیم وەتەی ماڵم بەبێ تۆیە
غەزەل دوو دێڕە چۆن دەکرێ گەمەو یاری بە سەروایە
شەل و ئەشکەستەیەن شێعرم ڕەدیف و وەزنی نارێکە
چوکوو بێ تۆیی لێ دیارە و خەمی هاتۆتە ژێر سایە



## ئارەزوو

سەقز. بەهمەن قادری"دڵپڕ"

چاوەکەم چاوم لە دووریت هەورە، گریانی هەیە
دوور لە تۆ دەریای دەروونم حاڵی تۆفانی هەیە
سەد مەخابن بێ هەواڵی لەم دڵەی پڕ حەسرەتم
هەر هەمووی ناسۆرە ئازیز دوور لە تۆ ژانی هەیە
وا دەزانی چونکە دوورم یادی تۆ ناکەم کەسم؟
یادی تۆ هەردەم لە دڵما خوێنە، جەریانی هەیە
گوڵ کە ژاکاو و پەشێو بێ، سەر دەدا لێی بولبولی
من وەریوم، بولبولم کوا ڕەنگ و سەردانی هەیە؟
من دڵم سارێژ لە خۆزگەی دیتنێکی ئەو گوڵە و
ئەو لەگەڵ تەیرێکی وێڵدا ئارەزووی ژوانی هەیە
چی بڵێم و چۆن بناڵم، دەردی من ناڵەی نییە
کەی لە ئاستی دەردی عەشقت ئەم دڵە زوانی  هەیە
لێت بە جێما دەردی عەشقت لەم دڵەی وەرهەم زەدەم
کێ دەڵێ زامی ئەوین بێ ئێشە، دەرمانی هەیە
با لە دڵما گۆشەگیر بێ ئارەزووی گەشتن بە تۆ
حوکمی سەد عەشق و ئەوینی بێ ڕییا و جوانی هەیە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



بۆکان. پەروین نازری

لەگەڵ ختیلکەی گزینگی خۆر
لەگەڵ باوێشکی سوورەگوڵ
لاولاوی یاد هەمیسان
هاڵا لە بەژنی بەرزی ڕۆژ
دەستی دڵ هەدانادا
هەڵدەقەنێ کۆنە برینەکان
تۆێژاڵ تۆێژاڵ!
نوقمی غەوری زامم دەکا
ڕۆژێکی نوێ و دیسان
پاشای دڵ ئیزن نادا
سەربازی ڕوح
تاوێ هەدا دا!

**

باخی هەستم
چەپک چەپک،
لەبەر درگای کۆشکی چاوت
کردمە قوربانی نیگاهێ
هەرچەن ترازابوو
هێڵی چاوت،
دیواری پشت سەرمی ئەنگووت
سیلەی‌چاوی من ڕاست و
هی چاوی تۆش سەدوهەشتا بوو!

## زامی دڵ



مەهاباد ئێلاهە پیرۆتی "دلۆڤان"

تەماشای گوڵعوزاری یارم کەن
بزرکاوە گەڵای سەمەنی خۆزگەوە ئاواتی
هەور گرتوویە بەری چاوانی
دەتریشکێنێ...
بەلێزمە دێنە خوارێ، ئەسرینەکانی
من کە خەڵتانی زام و برینم
داخم لە دڵ دایە
چۆنی هەڵ وەرێنم؟
"چەپ گەردی گەردوون گەڕان کووشتمی"*
هێندەی سۆز و مەینەتە بۆ خەڵک...
هاوارە بۆخۆم،
چون بێ ئەمەگی یاران کووشتمی.

* نوسراوەی مامۆستا هەژار



سەردەشت. ئەوین ڕەحمانی

حاڵم وەکوو حاڵی
ئەو کۆچبەرە کوردەی وایە
تەنانەت شەپۆلی ئاویش
بەزەیی بە ژینی دا نایە
کە لە ناو ئاو نقوم بووە
یا وەکوو ئەو دایکەی کە وا
لافاوەکەی ئە م دواییە
منداڵەکەی فراندووە
گلەیی ئەم ئازارانە لە کێ بکەم
هاوارێکی بۆ کوێ بەرم
نە دەریا دڵسۆزی منەو
نە خەڵکانی دەوربەرم
گەر بینووسم
خۆنووس جەوهەری لێ دەبڕێ
پەڕاو لە تاوانی دەگرێ
منیش وەک وان
لە گەڵ ژانی گشت کوردێکدا
بێ وچان ئازار دەکێشم
هەتاکوو گەل بێوەی نەبێ
تەواو نابێ ژان و ئێشم

**

خەمێکی خەست لە ناخی دڵ خزیوە
کە ڕێی مان و هەناسەشمی چنیوە
ئەگەر چی ئەو سپاسالارە بۆ خۆی
بەڵام بێ من خەمیش هەر وەک هەتیوە

**

مەگەر چیم کرد لە لای تۆ سەختە ڕابوون
هەموو قەول و قەرارێکمان بەبا بوون
بە لوتفت جارێ بڕیارت بگۆڕە
سەر و ماڵم لە پای قەولت فەنا بوون



## کۆرپەی عەشق

مەریوان. حەمزە دەستوور

کۆرپەی عەشقم بگرە باوەش
بە غەمزەوە ناز بی دوێنە
یان بە گۆرانی کۆرپەکەم
لە بێشکەی دڵ بی جوێنە
لە داوێنی خۆت خولقاوە
کۆرپەی عەشقی شێعرەکانم
بۆیە بۆنی تۆیان لی دێ
لە هەر شێعرێکم ئەڕوانم
لە پشت پەنجەری نیگاهت
شاراوەسۆ سەدان جوانی
خەنجەری تیژی برژانگت
لێیان دەکات پاسەوانی
بە تینی خۆری ئەوینە
باخی دڵمان بێشەی سۆزە
پڕ لە جوانیو ڕازاوەیی
سەر تۆپی باخ گوڵی ڕۆژە



## دایک

سەقز. پەروین حسەینی

ئەسرینی پاکی چاوانت
جاران وەکوو ئاوی کانی،
وێنەی بارانی ئاسمانی
گیانی دەبەخشی بە گوڵان
لە بناران، وەرزی سەرسەوزی بەهاران...
بەڵام دایکە ئازیزم!
چاوەکانت کە دەبینم،
زستانێکی وشک و ساردە
خۆزگە زۆر زوو
لەرز و تەزوو
ساتی، تاوێ
نەوبەهارێ!
خۆرەتاوێ!
فرمێسکی نێو چاوی دایکم
ورد بتاوێ!
ورد بتاوێ!



## ڕق و ڕنوو

گوندی گردەبەردان ـ مەهاباد تەلان

چێشتەنگاوێکی زستان
لە ڕۆژێکی سارد و بە کرێوەدا، لە دۆڵێکدا
چەن ڕاوچییەکی تاپرلەشان
دەوری چەن کەوێکی دندووک سووریان دا
کەوەکان شل و ماندوو...
ڕاوچێش هەر شل و ماندوو...
تەقەیەک هات
بەفر سوور بوو بە خوێنی کەو
ڕنووی توورە قیژاندی
زایەڵەی دەنگی ئەوپەڕاوپەڕی دۆڵی گرت
ڕنوو لەسەرڕا هاتە خوارێ
کەوەکان هەڵفڕین بەرەو ئاسمان
ڕاوچیش ناوەڕاستی دۆڵ
بۆیان بوو بە گۆڕستان.



## موژدە

سەردەشت. گزنگی خۆر

دەبا تانک و دەبابەکان
تۆپ، مێک و فرۆکەکان،
دۆشکە و تفەنگ و قناسەکان،
بێدەنگ بن
فەرعەونەکان گوێ ڕادێرن
ئە مشەو کۆرپەیەک لە دایک دەبێ
بە ناوی کۆبانی...!
گوێزەبانەی سێوی سووری هە ڵەبجەیە
شەربەتەکەی خۆشاوی ترێ ڕەشی
سەردەشتە کیمیاییکراوەکەیە
مامانەکەی پیرەدایکی
دوا ئەنفالی بادینانە
دایکی کچی زاوا نەدیوی شەنگالیە
سەرچۆپیکێشی بەزم دیلانی
شێرە کچانی ئازای کۆبانی

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



مەریوان. پایگەلان.مەهین حەمزە

زمســانی ســەرد وو دڵ بێقــەراری
زمهەریــر دریــەن بــەرگوو هەژاری
کوێڵەش کەرد ن دەمــەی شــەوانە
هەناسەی سەردش کەردەن بــەهانە
وەروە نیشتێنە دەروەو دەشت و کۆ
ئیتر کێ بارۆ عــەرزە و حــاڵــوو تۆ
سپــی پــۆش بیەن شاتەو درەختا
شــانەش دان چێرۆو ئی بارە سەختا
مــن و درەختــو ســەرو شــەقامی
پێســە ژەرەژی کــەوتێــنمی دامی
ئەو نە یاگەی ویش نەمەندەن شادی
منیــچ بــێ باڵــی تــەمــاو ئازادی
حــاڵــش نــاجــۆرەن داری بــێ گەڵا
تاقــەتش تــاقــەن جە هەور و هەڵا
چون من چــەمــەڕان پەی نــەۆ وەهاری
بەڵکوو بە ئامــایت وەهاری باری...

❀❀

دڵەتەپەو تڵفاریۆیم هەنە،
هەکە ئەسپارابۆشا پەنە،
چێگە نەجەی، ئانا ئامانیۆە.
عەمریۆ ئێنتێزارەنا و ناحەق،
ئاویی کوو دەنگەنە.
بەڵام چەمێم زیای و تۆ هەر نامای.
دەی جا دڵ، جگە ڕەحمـی چێوێتەرش حاڵیا؟
وەشباوەڕ، ئەجیۆش گرد قسێوە ڕاسەنە...

## یاد



بانە. شەیدا

هێندەم خۆش ئەوێی
کە پیت بە پیتی ناوەکەتم
وەک پەیکەری ئوستوورەیەک
لە مەیدانی دڵ داناوە
کە ئەڕوانێتەشەقامی عەشق و
باخچەی سۆز و هەست و ئەوین
هەرکات من و
خەیاڵ تێپەڕ ئەبین
بە یادت
چەن چرکەیەک
بێ دەنگی ڕادەگرین

## خۆشم ئەوێی

سات نییە
فرمێسکی دڵتەنگی
ڕەوان نەبێ
لە جۆگەلەی چاوانم
بوویە لە تاوی دووریت
هەرگیز چرۆ ناکات
خەندە لە سەر لێوانم

## سیخوار



میراوای بۆکان. ڕەسووڵحسێنپوور"دەلال"

سیخواری هەناسەی لێو ئاوات و بزەم دەگرێ
لێ ناگەڕێ تیشکی خۆر ئۆقرەی دڵی ڕابگرێ
ئامانجی چییە؟بۆچی هەوکاری دەکا ئەبرۆ
نایزانێ لە خۆرایە بەو هۆیە خەم هەڵدەگرێ
دەروێشی خەیاڵی تۆم هیچ فێڵ و ڕیا ناکەم
چۆن لازمە بۆعاشق ئەم ڕێیە دەبێ بگرێ
ئەستۆی تۆیە ئەی دڵدار گەر وایە دەبێ وابێ
ترسێ لە دڵا نەگرێ ژیرانە کەسێ دەمرێ
ئاواتی لە دووی نایە حەق بێژی بکەی بۆ خۆت
ئاسۆی شەوی تاریکی پەردەی ڕەشی لا دەدرێ
پڕ تاوی خەیاڵی من بۆ حوکمی "دەلال" وایە
ئاهەنگی دڵی شێعرە سۆزی دڵی پێ دەدرێ



# دیمانەیەک سەبارەت بەدڵەڕاوکی دوایی تەڵاق وفشاری دوای تەڵاق و ڕۆڵی تۆڕی پشتیوانی خێزان لەکەمکردنەوەیدا

مەریوان. مەرزییە خاکی



لە گەڵ دەروون ناس، کاک فەتاحی ڕەزایی وتووێژمان کردەوە

بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێمەدا ڕێژەی جیابوون و تەلاق زۆر چووتەسەرەوە و کەسانێک کە بریار لەسەر جیابوونەوە ئەدەن نازانن کەلەدوای جیابوونە چیان بەسەر دێت و نازانن کەچۆن لەدوایی جیابوونە لەگەڵ ئەو خەم و دڵەڕاوکێیی بۆیان دروست دەبێت ڕووبەڕوو ببێنەوە، بۆیە لەگەڵ کاک فەتاح ڕەزایی سەبارەت بەم باسە ئەدیوێن.

**سەرەتا دەکرێت خۆتان بێناسێنن بۆ خوێنەران؟**

من فەتاحی ڕەزایم، لەدایکبووی ساڵی "١٩٨٤ی زاینیم " توێژەنەری کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژیای گشتی یان "دەروونزانی گشتی " کەلەهەردووکیان بڕوانامەم هەیە،بەڕێوبەری کلینیکی توێژەنەری کۆمەڵایەتی تەلووع لەشاری مەریوانم و لەو بوارەدا خەریکی چالاکی کردنم.



**هۆکاری سەرەکی تەڵاق چیە لەشاری مەریواندا؟**

یەکەمین هۆکاری سەرەکی تەلاق لەشاری مەریوان و کۆمەڵگای ئەمڕۆیدا دەست تێخستنی خانوادەکانە و نەبوونی یەکتر ناسینی پێویستی هاوسەرەکانە پێش لە زەواج، و بەوتنێکیتر بنەماڵە و شەخسە کە بەرامبەر بە خەسلەت وتایبەتمەندی کەسی و هەڵسوکەوتی هاوبەشی داهاتووی ژیانیان زانیاریان نیە، یەکێکیتر لەهۆکارەکان، پەرەوەدیی و هەستی سیکێسییە، و شێوەی دروستی هەڵسوکەوت کردن و پەیوەندی گرتن لەگەڵ یەکتری، وخووپێوەگرتن بەمادەهۆش بەرەکان و بەکارهێنانی مەشرب و مادەهۆش بەرەکان، وناپاکی "خەیانەت" و بێ وەفایی هاوسەرەکان بەرانبەر بەیەکتر، و لێک تێنەگەیشتن و بەهەڵە تێگەیشتن لەیەکتر،و قەیرانی ئابووریش یەکێکەلەهۆکاری جیابوونە و تەڵاق، ئەوکەسانی کە باری داریبان باش نییە ناچار لە یەکتر جیادەبنەوە.

**کاک فەتاح : ئێوە فشاری دوای تەلاق و ڕۆلی تۆڕی پشتیوانی خێزان لە کەمکردنەوەیدا چۆن پێناسە دەکەن؟**

تەڵاق جیابوونەوەی ئەندامانی سیستمێکە، سیستەمی خێزانی پێکهاتووە لە پێکهاتەکان وەک سیستەمی ژیان لەسیستەمی خێزاندا، پێکهاتەکانی جێبەجێ کردن "تاکەکان " کاتێک سیستەمەکەبەزیندوویی لەدایک دەبێت،تەنیا مردن لەگەڵ خویدا دەهێنێت، و چارەنووسی ئاشکرای هەر سیتێمێک لەگەڵ ئۆرگانی زیندووی مەرگە، بەڵام مرۆڤەکان تا ئەوشوێنە بتوان خۆیان لە مردن دوور ئەخەنەوە، لەحاڵێکدا تەڵاق خۆی شێوەیەکە لەمردن، و لەگەڵ هەر پەیمانێک تەڵاق دەرئەچێت بۆیە هەموو هەوڵەکانی سیستەی خێزانێک دوورکەوتنەوە لە تەلاقە و هەموو هەوڵی سیستمێکیش پاراستنی بوونی خۆیەتی، و هەم سیستەمی کۆئەندامی زیندوو، و هەم سیستەمی بنەماڵەیی هەموویان هەوڵی خۆیان ئەدەن، تاکوو ئەو دوو کەسە لە ژیاندا بمێنێنەوە و بەردەوام بن لەسەرژیانی ئاسایی خۆیان.

**سیستەمی زیندوو چۆن بەردەوام دەبێت لەسەر ژیانی خۆی؟**

سیستمێکی زیندوو هەندێک جار هەموو ئەندامێکی سیستەمەکە لەناو دەبات بۆ ئەوەی ئەندامەکانی تر بتوانن زیندوو بمێننەوە یان بە واتایەکی تر سیستەمەکەی بپارێزن و خێزانەکەش هەندێک جار بە ڕازی بوون ڕازی ببن تاکو بتوانن درێژە بەژیانیان بدەن و لەهەر دوو چەوساندنەوەدا ئەندامە براوەکە بەکزی کاری لەسەر ئەندامانی تر کردووە، و زیانی بەئەندامانی تری گەیاندووە، بۆیە ئەو دوو کەسەی کە جیائەبنەوە مەرجی یەکسانیان نییە، و ناتوانرێت هەمان شێوازی گونجاندن بۆ هەردوو لایەنیان بخەنەگەڕ یەکێکیان " گزی لەئیشدا کردووە" و ئەوی تریان بۆتەهۆکاری "بەرگەگرتن " لە درێژدانی ژیانی خێزانێک.

**تەڵاق لە ژیانی مرۆڤدا چییە؟**

تەڵاق لەژیانی مرۆڤدا، گۆڕانکارییەکی زۆر گەورەیە، و هەر گۆڕانێک ستریس دروست دەکات، ئەگەر فشارەکان دابەش بکەین بەسەر سێ جۆری ڕۆژانەدا لەبچووک و گەورەوە، تەڵاق بەشێکە لەفشار و دڵەڕاوکێ گەورەکان کەڕوودەدات بۆ هەندێک لەمرۆڤەکان، چونکە لە دیاردەی تەڵاقدا ناتوانرێت بابەتەفشاریەکان وەلا بنێین و نەیهێڵین، وەکو فشاری مەرگی خۆشەویستێک یان دەست درێژی کردنەسەر هەست، لەلایەکی ترەوەهەندێک جار گرژی تەڵاق دەبێتەهۆی ئازارێکی زۆر توندتر لەفشار و دڵەڕاوکێی لەدەست دانی گیانی ئەزیزێک، و هۆکاری ئەو هەوەسانەی کە لە پاڵ ئەو فشارەدان، وە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو فشارانە و دڵەڕاوکێیانە، عادەتەن لە ٣ هۆکار بۆ یارمەتیدان کەلک وەردەگرین کەبریتین لەمانە:



١ــ توانای تاکەکەسی
٢ــ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان
٣- تۆڕی پشتیوانی

**لەنێوان ئەم ٣ هۆکارەدا، کەئاماژەت؛پێکرد  ڕۆڵی کامیان گرنگتر و زیاتر لە سەر ئارام بوونەوەی دوای تەڵاق؟**

لەنێوان ئەم ٣ هۆکارەدا ڕۆڵی تۆڕی پشتیوانی کەسی ئازار پێگەیشتوو گرنگتر و زیاترە، واتا ئەو کەسەی بەوەوە تووشی ستریس بووە، کاتێک تۆڕێکی پشتیوانی بەهێز هەبێت، زووتر نەرمی نیشان دەدات، و دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی پێشووی خۆی، لەناو دڵەڕاوکێی لەدەستدانی خۆشەیستێک  زۆربەی کات ڕۆڵی باشی خۆی وەک بەڵێن بردنەسەرێک لەناو تۆڕی پێشگیریدا دەگێڕێت، بەڵام بەفشاری تەڵاقدان ئەم تۆڕە پشتیوانییە دەتوانێت ببێتە هۆی وێرانکاری و ئەندامانی خێزانی کەسی تەڵاقدراو و کەسانی دەوروبەری و دادگاییکردن و تەنانەت کاریگەری تەڵاق زۆرترین دڵەڕاوکێ هەیەلەمردنی ئازیزێک.

**چۆن پێناسەی کەسی تەڵاقدراو دەکەیت؟**

بەبیر وباوەڕی من : کەسی تەڵاقدراو بە نەخۆشێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، و پێویستی بەڕاوێژ و دەست تێ وەردان هەیە بۆ ئەوەی نەرم بێت و بگەڕێتەوە بۆ ژیان، دوای هەردڵەڕاوکێیەک  عادەتەن ئەوەکەسی کە تووشی دڵەڕاوکێ بووە ئەو قۆناغەتێدەپەڕێنێت بۆئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش فشار، توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەم حاڵەتانەدا دەتوانن هاودەم و هاودڵ و هاوخەمی ئەوکەس ببێن و هاوکاری بکەن وبەکەڵک وەگرتن لە زانیارییەکانی دەرونزانی ئەتوانن ئەم قۆناغەکان تێبەپەڕێنن، دەبارەی لەدەست دانی ئازیزێک،  لەوانەیە ماتەمدارێک یان ئەوکەسی ئازیزێک لەدەست ئەدات، بەشێوەیەکی ئاسایی لەقۆناغی خەمۆکیدا بمێنێتەوە و تێی نەپەڕێنێت، بەڵام لە دڵەڕاوکێی تەڵاقدا کەسی تەڵاقدراو عادەتەن لەدەست هەستکردن بەبێبەهای دەناڵێنێت و هەست بەنائارامی دەکات، کەلەم باردۆخەدا پێویستە تۆڕی پشتیوانی خێزانی بەخۆلادن لە هەڵسوکەوتەکانی بۆهەیمی لە یارمەتیدان بەکەسی تەڵاقدراو بۆ تێپەڕبوونی لەقۆناغی  دڵەڕاوکێ یارمەتی ئەدات و ئاسایشی بۆ بگەڕێنێتەوە و بۆارێکی بۆ دابین بکات بۆ ئەو خەم وپەژاری کەتووشی بووە کەبەئاسانی بتوانێت زاڵ بێت بەسەریدا، وکەسە تەڵاقدراوەکە بتوانێ ژیانی خۆی سەرلەنوێ بنیاتبنێتەوە و وەک نەخۆشێکی کۆمەڵایەتی کە لە ماوەی ئەو نەخۆشییە درێژخایەنەی خۆیدا تێپەڕاندبێت و باشتر بمێنێتەوە و بۆ بەردەوام بوون لەژیانی ئاسایی خۆی.

**بەبیر وڕای ئێوە هاوسەرەکان بۆبەردەوام بوونی پەیوەندییەکی ڕەزامەندی و بەختیاری لەیەک ئەبێت چی بکەن؟**

هاوسەرەکان بۆ پەیوەندییەکی ڕەزایەتمەندی و بەختیاری بوون ئەبێت لە شارەزایی بوون و کارامایی ژیان ئاگادار بن وەک : ووتوێژ کردن و گوێ گرتن و توانای چارەسەری کێشەکان شارەزاییان هەبێت و ئەوە بزانن کەبە پێکهاتێنی ژیان "من "و "تۆ " لەناو ئەچێت و من ئەگۆڕێت بۆ ئێمە، لە ژیانی هاوبەشیدا بەرژەوندی ئێمە پەرەوەردە دەکرێت و ئەیخاتە ڕوو  وهەروەها هاوسەرکان ئەبێت توانای گۆنجاندن و ڕاهاتێنان هەبێت لەهەموو بارودۆخێکدا، لەژیانی هاوبەشیدا ووتوێژ کردن بەشێوەی گشتی هۆکارێکی گرنگ و سەرەکییە بۆ سەرکەوتن لەزەواج دا.


**بەڕای ئێوە ئەو کێشانە و دڵەڕاوکێیانە کەلەدوای تەڵاق دروست دەبێت بۆکەسانەی کەجیادەبێنەوە کامانن؟**

بەبیر وڕای من وەک دەروونزانێک: تەڵاق یەکێکە لە کێشەکانی ناو کۆمەڵگا کە زۆرێک لەخەڵکی ئەم کۆمەڵگایە گیرۆدەی بوون و کێشە دوای تەڵاق هەندێ سەختە کە ئەتوانێت ژیانی ئەو کەسی کەجیابووتەوە بەشێوەیەکی تەواو وەرس و پارچە پارچەبکات، و یەکێک لەهۆکارەکان  بێ سۆزی و نەگۆنجاندی کۆمەڵگا لێکۆڵینەوەی تەڵاقە، کەبۆتەهۆی کێشەلەناو

بنەماڵەکاندا، و هەست بەبێ هیوایی و نائومێدی، خەمۆکی و کەمبوونەوەی بڕوابەخۆبوون و خووگرتن بەمادەهۆشبەرەکان و دوایێن پیسی ئەمانە ئەو کێشانن کە لەوانەیە ڕووبەڕووی ئەوکەسانە ببێنەوە کە تەڵاق ئەدەرێن، و ژیانی هاوبەشیان تێک ئەچێت، و بەداخەوە کەسانی کەتەڵاق ئەدەرێن یان جیا ئەبنەوە بەزەحمەت ئەتوانن بگەرێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان، بەلایەنی کەمەوەتاماوەیەک لە ڕوانگەی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیاندا درگیرن، تەڵاق لەخۆیدا کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و نائارامی و دارایی و سۆزداری و گیرۆگرفتی سیکێسی دروست دەکات بۆ ئەو کەسانی جیائەبنەوە،و هەست بەگوناح کردن یەکێک لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی ئەو کەسانەدەبێتەوە کەلەهاوسەرەکانیان جیابوونەتەوە، و حەسرەت خواردن و عەزاب ویژدان گرتن بۆقوربانی دانی مناڵەکانیان، کەلەداهاتوودا لەڕوانگەی زەواج و دەرس خوێندندا تووشی گیرۆگرفت دەبن، و ئەم کێشانە لەڕوانگەی سۆزدارییەوە گیروگرفتی زۆر دروست دەکات بۆژنان، و هەست بەگوناح کردن چەند بەرانبەرەدەکاتەوە، بۆئەوەی دایک لەهەست و سۆزی دایکایەتی بێ بەش دەکرێت،
و یەکێکی تر لەو کێشانە، بێ هیوای و خەمۆکییە کەلەدوای تەڵاق ڕووبەڕووی هەردووکیان ئەبێتەوە، هەستی بی هیوای و خەمۆکی لە دۆران لەناو پەیوەندییەکدا کەکاتێکی زۆریان بۆ تەرخان کردبووە بەڵام لەناکاو ڕووخا،
یەکێک لە زیانەکانی تەڵاق،پچراندنی پەیوەندی سۆزدارییە لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر، لەم بارۆدۆخەدا ئەگەری هەیەکەسەرلەنوێ زەواج دووبارە نەبێتەوە، و ئەگەری پێکهاتنی پەیوەندییەک لە دەرەوەی یاسا هەبوونی هەبێت، کە چوارچێوەیەکی تر بۆ کێشەکانی دواتر پێک بێهێنێت.
لەپرۆسەی تەڵاقدا ژنەکان زۆرتر لە پیاوەکان تووشی زیان و کێشەی سۆزداری ئەبێنەوە، و بەداخەوەلەناو کۆمەڵگادا بە دیدێکی ترەوە بۆیان ئەڕوانن و تەنانەت لەناو بنەماڵەی خۆیشیاندا لەهەموو شتێک مەنع دەکرێن و ڕێز و خۆشەویستیە جارانیان نابێت،
و هۆکارێکی تر کەلەدوای تەڵاق دروست دەبێت، گومان و ڕەشبین بوونە کە زۆرتر لەپیاواندا بەرچاو دەکەوێت، و ئەم ڕەشبینیە لە زەواجی دووبارەدا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەوکەسە و شێوەیەک لەترس دروستدەکات بۆی،؛و ئەبێتە هۆی ئەوەی هەڵبژاردنی هاوسەری نوێ بۆی ئەستەم

## ڕاسپاردە

مەریوان.جەمال مەریوانی"هەڵبەست"



خۆم دەسپێرم
بە ئەستێرە و
هەتەرەر
نیگای چاوی شیعرێک دەبەم
تا کەشکەڵان!
خۆ دەسپێرم بە هەتاو
و
لە گەردنی تیشک دەهاڵێم!
بەیانییەک کە هاتمەوە
لەگەڵ شنەی
فێنکی "با"
ڕادەمووسم
بەژنی "درەخت"!
خۆم دەسپێرم
بە تریفە و
بزەی مانگ و
دەزێمە سەر لێوی کانی!

من پێنووسم،
"قامووسی" شەو دەشارمەوە و
وشە وشە،
واتای "ڕووناکی" دەنووسم!
خۆم دەسپێرم
بە خەیاڵ و
لەتەک زەردەی خۆرەتاوا
دەبەزێنم
لوتکەی چیا!
دەبمە کرێوەی ژیانەوە و
دەڕەوێنم،
خەو لە چاوی نووستووی "بەفر"!
خۆم دەسپێرم بە
شەماڵ و
دەقرتێنم،
قەف قەف زنجیری بەستەڵەک!...



## ترخێنە

بانە. قادر خدر زادە

ئەهای ترخێنە گیان ئەوە پێت دەنازم
بە لوێچێکت، تەیار وگورج وسازم

ئەتۆ شاچێشتییو بالانشینی
دروست کراوی دەسو پەنجەی هەمینی

ئەتۆ شێلمت لە خزمەتدایە دایم
لەبۆیەچێژ دەبی وەک بەردیقایم

لە پاش چەند ڕۆژ لە بەر تاوێ دەترشێی
بە ئەنواعی تڕ و تێکوڵ دەڕەنگێی

ئەوەی تۆی بێوزەی ئاتۆمیناوێ
کە بیزانێ بە کوێ دا و چۆنیباوێ

بە دەستی کورد دەبی بە سەلکی خڕ خڕ
بە گورزیڕۆستەمیش قەت ناکرێیشڕ

ئەمن ناخۆم وەغەیری چێشتی ترخێن
خولامی تۆن کەباب، هەنگوین و نیسکێن

بە خۆماڵیدەزانن میللەتوگەل
لە لای من خۆشتری قوربان لە گۆشت قەل

بە سەلکی تۆ قەسەمگەر پەرچەمم بوو
بە وێنەیتۆی دەنەخشێنم برازوو

ئەگەرونبیلە سەرسفرەی مرادان
لە لامان نامێنێ ئۆقرەوهەدادان

ئەتۆ شاچێشتی گشتی چێشتەکانی
گوڵە مەجلیسەیی نێو دیوە خانی

نەکەی ببیە تەعامی پیاوی تەنبەڵ
لە بۆ بۆرە پیاگان نەچیە مەنجەڵ

ئەگەرئیزنم بدەی ڕازیبی گیانە
بەکەوچکێکت دەدەم شەشدانگی بانە

## نیشتیمان

بانە. قادر خدر زادە

نیشتیمان پێگەی ژیانی باوو باپیرانمە
نیشتیمان پیرۆزە جونکە سەنگەر و قەڵغانمە

کوردستانم گەر نەمێنێ مردنم زۆر چاترە
باوەشی ئەم زێدەجوانەم هۆی ژیان و مانمە

تازە ژینم بۆ چیە گەر بچمە ژێر باڵی موغول
زمزمە کانیاوی بۆمن، هێزی باهۆو شانمە

خۆڵ وخاشاکی دەبینی وردە ئێسقانی منن
خاکی ئەم زێدەم کە مردم، مەئمەن و گۆڕخانمە

نامەوێ هەرگیز ببینم نیشتیمان وێرانە بێ
ئێرە جێگەی کیژ ولاوی ژیکەڵەو چازانمە

من بە شانازی دەزانم گیان فیدا بم بۆ وەتەن
زێدی شیرین خاک وخۆڵی سورمەیی چاوانمە

کورد هەزاران ساڵەلێرە نیشتەجێیەبۆیەمن
تۆزی دەمبای زێدی ئازیزمەرهەمی هەتوانمە

هەر دەپارێزین ولاتمان تا بە ئازادی بژین
باوەشی وەک کۆشی دایکم هێز و تین وگیانمە

خۆزگەبۆ ساتێک نەبینم ڕەش بپۆشێ نیشتیمان
خاکی پیرۆزی کەس و کار و هەموو سامانمە

دەشت و دیمەن شاخوو کێوی شاد وسەرسامم دەکەن
ئەو ولاتەی سەر دەدەم بۆی نیشتیمانی جوانمە

## تریفەی مانگ



سەردەشت. ڕاوێژخزرپوور

ئەو هەموو چاوەی بۆت لە ڕێوەیە
دیارە، لە تریفەی مانگت پێوەیە

ئەستێرە دەچنی و ئاسمان دەپێوی
شەوقی ئەستێرە هی ئەو لێوەیە

پەپوولەی ئێشتیا، لە بێستانی ڕووت
شیلەی ماچ ئەمژێ لەو گوڵەسێوەیە

دوو ئەبرۆی هەوریت لە ئاسمانێکدا
ئەوین دەباری ئە بەم شێوەیە

چاوی سەرنجت ئەدەیتە ئاسمان
کاکێشان گوێبیس بە سەرپێوەیە

بە تیری نیگات عەشقم دەپێکی
چاوی جادوویت زۆر ئەنگێوەیە

سوانەی حەوڕەنگی قژت شۆڕەبی
ئەوین لە ژێریا شای ئەم نێوەیە

من و هەوای تۆ، نوقمی خەمگین
چاوی هومێدم وێڵی ئێوەیە

سەوزی نیگای تۆ ڕەنگی بەهارە
گەرمی هەناسەت، خاکەلێوەیە

ڕازێکم پێیە گەر بیدرکێنم
لە ملکی دڵ شەشدانگت پێوەیە

بۆ هەور و ساو و نیگاری ئەمڕۆ
دەمێکە شێعرێک دێ بە ڕێوە یە



دیواندەرە. ئێدریس عەبوودی

ئەمڕۆ، بێ تۆ
مات و بێ هۆ
وێڵی خەیاڵات و خەمان
بێ ئاگا لە شوێن و زەمان

❋❋

کتێبە کانم پشکنی
گوڵزاری شێعرم ڕنی
لە گوڵ چینی
باخچەی بێ پەرژینی
شابەیتا، بووم
لە گەڵ خەیاڵی تۆ
لەم هەرد و هێڵە نەمابووم

❋❋

مەم و زینی خانی
هێمنی موکریانی
دڵ مات و حەیرانە
ئەسیری بەندی گۆرانە
وەک وێردی ڕۆژانەی سەر زار
دێت و دەڕوا
بە گیان و دەمارما
هەزار بەیتی جوانی هەژار
هەر شەپۆلی شێعری شێرکۆ
ئەمهەژێنێ
ئەم بزوێنێ
وەک چاوی تۆ

❋❋

سەر لەو هەموو جوانیە، گێژ و مات
تا نەفەسی مەسێحایی تۆ هات
ئەوین، تێکەڵی جوانی بوو
سڵاوی گەرمت
کۆتایی نامەی چاوەڕوانی بوو



بانە . بەیان خدری

لە سەحرای غەریبی و نامۆیی ژیان دا
لە شەوێکی وشک و ساردی زستان دا
زریانێکی نەخوازراو هۆشی بردم
تێکەڵی جەرگەی خۆزگەو هەستی کردم
وێڵی بیابانێکی دوور و نەناسراو
مات و گێژ، وەک چۆلەکەیەکی ترساو
تەرمی چرکە سەر براوەکانی تاسە
دەست لە دەستی خۆزگەم، ئەیان کرد پیاسە
لەم لاوە دڵی ئۆقرە نەدیوی ناساز
لەو لاوە، دیل و یەخسیر بوونی دڵخواز
ڕەشە بایەکی زۆر بزێو و لاسار
شەوگارێکی درێژ، بە بی یەک ڕێبوار
قەڵای بیرم تێی پەڕاند باڵای مێژو
خەمم لە سنوری حەوسەڵە دەرچو
**
لە ناکاو هات، بای وادەکەی ڕۆح لاوێن
ڕووناکیە پاش تاریکی، وا ئەڵێن
هاتە پێش چاوم شێوەی جوانی نیگات
هەموو دڵی تەنیوم، زمانم گۆ ناکات
چارەنووس هات و چاوی کرد لە چاوم
یەکی خستەوەوە، ڕۆحی بەش کراوم
دەر کەوت پەلکە زێڕینەکەی ئاسمانم
زستان چوو، ئێستا بەهارە میوانم
دۆزیمەوە خۆمی گووم بوو و نادیارم
خۆش هاتی، شنە بای فێنکی بەهارم



پاوە، مۆبین ئەحمەدی"پوویا"

گیان نیشتمان سڵاو
سڵاو نیشتمان
سڵاوت لێ بێ لەم ڕۆژە لەرزۆکەدا
کە"ئێوارەکانت خەڵوەتی عیرفانمە"*و
تن تن
خەمە خوێڕیەکان
لە "شەنگالی" دڵ دەرەکا!

زمانم کە گومە لە گونگ دا
دێنێتە گۆ و
وشەکانی دەڕفێنێ بەملاو بەولا!

شادی کە کۆڵبەرانە
لە پاڵما خەوتوە/نووستوە
دا ئەچڵەکێنێ و
"قەو باریک تۆ نەمری "فەتحوڵا و بەخشەی" بۆ ئەڵێ""

دەی نیشتمان هەزار سڵاو
خوێنم چۆن بلەرێتوە
چۆن بتلێتە ئامێزتەوە
تا تاوگە سەیدەکان گەش تر بن
سەیدی سەروەر ئەگات لە نیشتمان بێ
نیشتمانی سوور/سوورێکی تۆخ
کە قەفەس جێیە
نەفەس نادا
سەگەکان بە حەپ حەپ قاچی ئازادیی ئەخۆن
سمۆرەکانی دەچنە بەرزترین لەق و
لە گەڵ "ئیزرائیلا" هەڵئەپەڕن/هەڵئەقونن
دەگۆڕێن لە مەرگ دا و
دەبنە گۆرانی
دەچنە باوەشی کچێکەوە بۆ شییینن
"دختر شین چرا؟"
چوون بەختیان لە گەڵ خۆشەویستەکەی
تەریب بوو تەریب
کوویدی نۆزدەش کەوتە نێوانیانەوە
گورگەکان پێکەنین
کەمتارەکان خواردیانەوە و ڕەقسین
زەوی لە ئاها یاوی کرد
هێندە داخ بوو
گەشەنگی کرد لە سەرپێڵ
لە قەسر... لە ئەزگڵە.... لە سەلاس!
"ئیسە زانستی شین چرا؟"

قوربانت بم قوربان
نیشتمانی سەوز و سوورا!

*1 ئەم دێڕە شێعری موفتی زادەیە

# تایبەت بە منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان

## زاڕووانە/ منداڵانە "۱"



ئیلام. رودوس فەیلی "مصطفی بیگی"

غانگ غانگ رانندەم
م رانندەی ماشینەم
دە پشت ماشینەێ خومە
دەس وە فەرمان و دەندەم
دە نام راڕاوەگەم
دیرم رانندەگی کەم
بیببیب بوو کوتم
بنووڕ وە مل چِتم
شوون قولم دیارە
دیارە جوور جادە
دە بان ِ بڕ قالی
دە بان ِ بڕ نالی
ڤ ڤ ڤ گاز ددەم
م ِ خاسترین رانندەم



*فەرهەنگۆک لە کوردی فەیلی ئیلامی
ـ غانگغانگ/ ڤڤڤ: درآوردن صدای ماشین توسط کودک چند ماهە
ـ بیب: بوق
ـ نالی: تشک
ـ راوراوەک: روروە



## چەتر



بۆکان. برایم جەمیانی

دوێنێ بابم لە بازاڕ
چەترێکی بۆم هێناوە

چەترەکەم هێندە جوانە
خاڵ خاڵە و ڕەنگ کراوە

خاڵێ سەوز و خاڵێ زەرد
سپی و سوور تێکەڵاوە

ئەورۆ کە چووم بۆ مەکتەب
باران دایکرد بە باوە


منیش چەترەکەم هەڵدا
خێرا بەدەم ڕێگاوە

من چەترم هەر بۆ ڕۆژی
بەفر و باران داناوە



گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## چۆلەکە



بانە. باوکی نیشتمان

ئەی کاکەبیچکۆلەکە
واز بێنە لە چۆلەکە

گوناحە، بەستەزمانە
چاو لە ڕێی ورتکەنانە

بەم سەرما و سۆڵەو شەختە
ببینە چەن ڕەشبەختە

هەڵکورماوە لە سەردار
بۆ بۆی ئەبی بە ئازار

قەت ناخی مەهەژێنە
بچۆ دانی بۆ بێنە

یان لە پاشماوەی ژەمی
ڕۆی کە لە بەر بەردەمی

با تێر بێبرسی نەبێ
تووشی مەترسی نەبێ

دەرباز ببێ لە سەختی
کەوێتە ناو خۆشبەختی



## سێبەر

بانە. باوکی نیشتمان

من خۆم لێرەم و
ئەویش لەم جێیە
من لەهەر کوێ بم
ئەویش لەوێیە!

جاربەجار کورتە و
زۆر جار درێژە
بیرم لەم کارە
دەرنابا و گێژە!

کاتی نیوەڕۆ
بەحاڵ دیارە
دەمە و ئێوارە
بەقەد چنارە!

لەڕۆژ بەهاوڕێی
درۆزن ئەبێت
شەوانە لەپێش
چاوم ون ئەبێت!

تەمەنێکە ئەو
هاوڕێی ژیانمە
ئەرکیشی نییە و
بەشێک لەگیانمە!

لەڕۆژئاوابوون
تاکوو ڕۆژهەڵات
دڵ بێتاقەتی
سێبەرم ئەکات!



گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



# مامە فیل ژن دەخوازێ



نووسەر: ئەعزەم چاردە چریک
هۆنراوە: زەهرا زارع
لە فارسییەوە: خاڵند ئەحمەدی، بۆکان

لە دارستانێکی سەرسەوز و جواندا، فیلێک دەژیا. ئەو ناوی "بامبۆ" بوو، ڕۆژێ لە ڕۆژان کاتێ فیل لە دارستاندا پیاسەی دەکرد، فکری لێ‌پەیدا بوو گوتی:

”دەمەوێ ژن بخوازم
ئەوجار بە خۆم بنازم
ژنە وەک پەری وابێ
بە شەرم و بە حەیا بێ“

مامە فیل ملی ڕێگای گرت و ڕۆیشت، تا لە قەراخ چۆمێک چاوی بە خاتوو مێروولە کەوت. هەرای لێکرد و گوتی:

”ئەی مێروولەی شۆخ و شەنگ
بۆ کوێ بێ‌هەست و بێدەنگ؟!
دەخوازم بە ژنم بی
هەمیشە لە کنم بی“



خاتوو مێروولە بە تووڕەییەوە وەڵامی داوە:

”بۆچی وڕینە دەکەی
شتی وا بە من دەڵێی
بەژنی خۆت سەرنج دەیە
تەوفیری زۆرمان هەیە
ئەمن شۆخ و شەنگ و جوان
ئەتۆش ناحەز و لاپان“

مامە فیل ئەو قسەیەی پێ‌گران بوو، کەم ڕۆیی زۆر ڕۆیی، گەیشتە دارێک کە لەوێ خاتوو بزن لە ژێر سێبەری دارەکەدا خەریکی حەسانەوە بوو.

بامبۆ سڵاوی کرد و گوتی:

”بە ڕاستی شۆخ و شەنگی
شاخت وێنەی خەدەنگی
مووی لەشی تۆ نەرم و نۆڵ
خۆشم دەوێی خڕ وخۆڵ
دەمەوێ بە ژنم بی
هەمیشە لە کنم بی“

بزنی زەنگوڵە لەپێ گوتی:

”بڕوانە لاقت خاڵە
دەڵێی کۆڵەکەی ماڵە
چاو لە من کە چەن جوانم
شۆخی سارا و کوێستانم
چاوێک لە خۆت بخشێنە
ئەوسا خۆت ڕاوەشێنە“

مامە فیل هەمیسان بە نارەحەتییەوە وەڕێ کەوت، کەم ڕۆیی، زۆر ڕۆیی تا تووشی خاتوو ئاسک بوو.

بە دیتنی ئەو شادمان بوو، بۆیە پێی‌گوت:

”سلاو لە تۆ ئاسکی سڵ
گوێ بگرە لە دەردی دڵ
من گەلێ تۆم خۆش دەوێ
دەردت لە چاوم کەوێ“



ئاسکە خان کاتێ سەرنجی پێستی ئەستوور و زبری مامە فیلی دا گوتی:

”بووکی دارستانم من
شۆخ و شەنگ و جوانم من
گورج و چالاکم وەک با

هەڵدەبەزم وێنەی کا
ئازادە بۆ دیل نابێ
ئاسکۆڵە بۆ فیل نابێ
دەستم لێبەردە و برۆ
بۆ یەک نابین من و تۆ"
مامە فیل بەو وتانە زۆر خەمگین بوو، بۆیە ملی ڕێگای گرت و زۆر ڕۆیی و کەم ڕۆیی تا تووشی تاوسی شۆخ و شەنگ بوو. تا ئەو هەمووە شۆخ و شەنگییەی تاوسی دیت هەستی بزووت و گوتی:
"سڵاو، چەن شۆخ و شەنگی
لەبەر مەکران دەلەنگی
پەڕ و پۆت زۆر نەخشینە
وێنەی کۆلکە زێڕینە
من خوازبێنیت لێدەکەم
تۆ بڵێ شووت پێدەکەم
کە تۆ ببییە هاوسەرم
حەز دەکەم بەختەوەرم"
خاتوو تاوس بەسەر سوڕمانەوە چاوێکی لە مامە فیل کرد و گوتی:
"منی خۆشڕەنگ و دیمەن
شۆخی نێو دەشت و چیمەن
دەتەوێ سەروەرت بم
ئەمن تاجی سەرت بم
من شۆخ و تۆ ناشیرین
تۆ ژاری و ئەمن هەنگوین
بەسم ڕێگا پێبگرە
دوور کەوە لیم، خوێن کەکرە!"
مامە فیلبە بیستنی ئەو قسانە دڵی پڕ بوو و دەستی کرد بە گریان و تاوسی بەجێ هێشت و لە ناکاو خاتوو فیلێکی جوان و مێهرەبان لێینزیک بۆوە و گوتی:
"هۆهۆ! فیلی شۆخ و شەنگ
بۆچی؟ دانیشتووی دڵتەنگ
گریان و زاری دەکەی
ئەسرینت جاری دەکەی
پێمبڵێ چی ڕووی داوە؟
لە کێ دڵت یەشاوە؟!"
مامە فیل گوتی:
"کەس تاجی سەرم نابێ
ژن و هاوسەرم نابێ
ئەگەر ببییە هاوسەرم
هەست دەکەم بەختەوەرم
مەگەر تۆ نەتبیستووە
ژن و ماڵیان فەرمووە"
خاتوو فیلی جوان و دڵپاکیش گوتی:
"لەوە باشتر هەر نابێ/ لەوە چاتر هەر نابێ
من ببم بە هاواڵت/ ببمە چرا بۆ ماڵت
هاوڕێ و دڵۆڤانت بم/ ئەمن بووکی جوانت بم
ئەودەم بە خۆم دەنازم/ تۆ ببی بە هاوڕازم
بەڵێ، شایی و بەزم و دیلان گیرا و تەواوی گیانلەبەرانی دارستانیش بۆ زەماوەندی ئەوان داوەت کران. بەم جۆرە ئەم دوو شۆخە ساڵەهای ساڵ پێکەوە ژیانیان بردە سەر.
کاڵەم درا، چم پێنەبڕا.



## برایەتی و خوەشکایەتی

زاڕووانە

ئیلام. رودوس فەیلی "مصطفی بیگی"

"١"

مِ ئویشم وە تو دێدێ
تونیش بویش وە م کاکە
تا گشت وڵات بزانێ
شیرِ دڵمان پاکە

"٢"

هەر کەس ک هامزوانە
ها دە ئی کوردستانە
ها دە ئی لوڕستانە
ها دە ئی لەکستانە

"٣"

دە هەر شوونێ لە ئێران
دە هەر جیێ لە دنیا
وە هەر بنزار، هەر زوان
دە رووژهەڵات، رووژئاوا

"٤"

وە یەک بویشیمن: دێدێ
وە یەک بویشیمن: کاکە
تا گشت بویشن زاڕووەیلە
شیرِ دڵیان پاکە



.

*فەرهەنگۆک وە کوردی فەیلی ئیلامی:
- زاڕوو، زاڕۆک: کودک
- دێدێ: خواهر، به لحن کودکانه کوردی
- کاکە: برادر
- ئویشم، دویشم، ئیشم، ئێژم: می‌گویم
- بویشن، بیشن، بێژن: بگویند
- شیر دڵ پاک: دلپاک، پاک طینت
- ئی: این
- دە: در
- لە: از



## منالە جوانەکان

بۆکان. برایم جەمیانی

ئەمن ئێوەم خۆش دەوێ
ئەی منالە جوانەکان
ئێوە ڕێحانە و گوڵن
پەپوولەی کۆڵانەکان
بۆن و بەرامەی ئێوە
مەلحەمی ئێش و ژانە
هەگبەی پڕ خۆشەویستی و
ڕاز و ڕەمزی هەرمانە
ئێوە تریفەی مانگن
بزەی تیشکی هەتاون
بەسەر بەرزی و بنارا
تازە پرشنگ دەهاون
ئێوە شنەی شەماڵن
بای وادەی پڕ خرۆشن
موژدەی نەووزتان پێیە
نەوەی هیوای دوا ڕۆژن
من دلنیام کە ئێوە
ئەو ڕێگە سەختە دەبڕن
بە باڵی زەرد و سوورتان
تا دوندی لوتکە دەفڕن






گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە

## کوردستان‌باخی



پاوە. عوسمان ڕەحیمی هەجیجی

کوردستان باخی سەیروو گەشتمی
گوڵزاری گوڵپۆش بۆی بەهەشتمی
سەرمایەی حەیات ڕێگەی هیوامی
ئۆمێدی ژینی سەرلێ شێوامی
حورمەتت بۆمن بەقەد دنیایە
بەبێ تۆ دنیام لام پەڕە کایە
کانی و سەراوت بۆمن زەمزەمە
گیانم فیدات بێ هێشتا هەرکەمە
بابێت لەسەردا قرمەی شەتاوت
باهەستێ نرکەی کەژوو هاناوت
سەر بەرزایەکان بەفروو بەفراوبێ
دەشتوودۆڵ بەگوڵ هەموی ڕازاوبێ
باخوی ڕازێنێ بەزمەکەی شادی
بلبل بخوێنێ بانگی ئازادی
باڵندە کانت شەق بدە ن لەباڵ
لە لانە دەربێن لەبۆماڵو حاڵ
با ڕۆڵە کانت جێژنی سەری ساڵ
بیکەن بەشادی دوور لەژینی تاڵ
با وەرزی بەهار هەم نەورۆزت بێ
جەژنی ئازادی گەلو هۆزت بێ
نەمێنێ دەردوو خەمو پەژارەت
کزیورەنگ زەردیو ویڵیو ئاوارەت
یاخوا لەوجەژنە هەمووبەشمان بێت
لەگەڵ یەکترین دڵیگەشمان بێت
بەشبەختی‌شادی بێت‌بەخەڵاتمان
بیکەین بەجەژنی خاکو وە ڵاتمان
هەرچاوەڕوانم منلە دۆستانم
بۆجێژنی‌شادی خۆشەویستانم
دەربین لەخەمان بژین‌بەشادی
لەیەکتر بیکەین مۆبارەک‌بادی



## مزگێنی



بانە. باوکی نیشتمان

مزگێنی بێ منالان
وەرنە دەرێ لەمالان

قوتابی کرچ و کالان
کیژۆلە چاوکەژالان



ئەم کات و ساتە خۆشە
سوکنایی دڵ پەرۆشە

بایاهۆی پیس هەلبڕین
لەخۆشیان هەلپەڕین!

شایی هەرچی مرۆڤە
نەمانی ئاخ و ئۆفە

بەشکم تەفر و توونابێ
بەڕێگەی نەبوونا چێ

ئەم نەخۆشینە پیسە
ئەم ڤایرۆسە نەگریسە

ئەم ئازارە بێخێرە
باری کردووە لێرە





## بووکه بەفرینه

بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی

داده کرێوە، داده!
پرکه شەقام و کۆڵان
باوەشم گرتۆتەوه
وەره ببه به میوان



بەژنی زەوی سپی که
ڕەنگی ئاشتی وەدەرخە
من گۆرانیت بۆ دەڵێم
تۆش بباری، به هەڵخە

بووکی بەفر سازدەکەم
وەک خۆم دەیڕازێنمەوه
چۆپی دەگرم له دەوری
بەناز دەیلاوێنمەوه

لێوی سوور و قژی لوول
پێدەکەنێ، گەشینه
بووکه بفرینەیکەی من
شۆخ و ڕەزا شیرینه...



## بووکه بەفرینه

سەقز.مریەم یەتیمی



وەرزی بووکه بەفرینه
وەرزێکی زۆر شیرینه
منداڵ ئامـەزرۆی کایه
لرفەی کرێوە و بایه
جوانووی زریان به حیله
منداڵ به قریـوە و قیله
پێ لـه ئاوزەنگی زسـتان
بووکەبەفری ڕوومەت جـوان
گۆرانی و چرکەی شیرین
ئاوێنەی بیرەوەرین

## ڕەشەمە

بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی

زستان قەڵسە ڕادەچەنێ
تووڕە دەبێ، پێدەکەنێ
لاواز بووە، خۆی‌دەڕنێ
بەرگی سپی دادەکەنێ

ڕێبەندانی تەواو بووە
مانگی ڕەشەمە هاتووە
تینی تاو گوڕی گرتووە
خاڵەبەڵک، دەرکەوتووە

بەفر و سەهۆڵ دەتوێنەوە
باڵندەی گەرمێن دێنەوە
من و چرۆ و شینکە و شنە
نەورۆز، نەورۆز، دەڵێینەوە...

خاڵەبەڵەک: هەرکات دەمەوبەهار بەفری بەرڕۆژی چیاکان دەچێتەوە و شوێنی ڕەشانگ دەردەکەوێ، کێوەکان خاڵ خاڵ دەبن، بەم دیمەنەدەڵێن:" خاڵە بەڵەک"





# سێ شێعر بۆ منداڵان

هەولێر. ڕۆستەم خامۆش

## قوتابخانە

قوتابخانە چەند خۆشە
ڕووناکی بیر و هۆشە

یەکەم شوێنی فێر بوونە
جێگەی بەرەو پێش چوونە

قوتابخانە هەموو کات
ژیانمان ڕۆشن دەکات

لانەی هەزاران ئاوات
ئایندەی گەشی وڵات

ماڵی زانستە ئەوی
بۆیە زۆرم خۆشدەوی

لە بیرمە ڕۆژ و شەوی
لە بەر چاوم ناکەوی.



## خۆشحاڵ بووم

خۆشحاڵ بووم کە هاوڕێکەم
ئەمساڵیش وا یەکەم بوو



پیرۆزبایی لێدەکەم
کەوا بە یەکەم دەرچوو

ئەو هاوڕییەم خۆشدەوی
چونکە ڕەوشتی جوانە

زیرەکە و کۆشش دەکا
قوتابیەکی لێزانە

بە هیوام هەموو ساڵێ
یەکەم ببێ و سەرکەوی

بۆ خزمەتی نیشتمان
ببینن ئەو پێشکەوی.

## ئیرەیی

ئیرەیی نابەم بە کەس
چونکە دڵم پاکە بەس



دەروونم زۆر خاوێنە
جوانە، وەک ڕووی ئاوێنە

دڵم بێ ڕق و کینە
پڕ لە سۆز و ئەوینە

هەموو خەڵکم خۆشدەوێن
لە هەر جێ بن، لە هەر شوێن.